دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرەکی ئەنجومەنی کارگێڕی و سەرنووسەر
مصلح جەلالی

هاوکاری
التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

پێنج شەممە ١٩٨٦/١٢/٢٥ ژمارە ٨٧١
١٢ لاپەڕە
بە ٥٠ فلسە
الخميس ١٩٨٦/١٢/٢٥ العدد ٨٧١

لەم ژمارەیەدا
● ئەدەب و رۆشنبیری ل ٦،٧
● لەگەڵ چەند ریپۆرتاژو باسی تردا

سەرکەوتن بۆ ئێمەیە

هەڵۆنەبەردەکانمان ئێران وێران دەکەن

سەربازگاکانی دوژمن لە سۆمارو طاهری وکرماشان هەڵتەکێنران

هەڵۆکان دوژمن شرو هوڕ دەکەن
فڕۆکەکانمان ٢١٠ ئەرك ئەنجام دەدەن

هەڵۆ بەجەرگەکانی عیراق لە توندترین دەستوەشاندنی سزادەرانەدا دژبە دوژمنی بەکرێگیراوی زایۆنی و ئاغەکانی، زیانی زۆرو بێشوماریان پێگەیاند، ئەویش لەچەندین هێرشی نەبەردانەدا کە کردوویانەتە سەر دام و دەزگا ئابووری و شوێنە سەربازییەکانی دوژمن، کە لە بەیاننامەی (٢٤٩٤)ی سەرکردایەتیی گشتیی هێزە چەکدارەکان دا بەم جۆرەی خوارەوە هاتووە.

چەندین فڕۆکە هێرشیان کردە سەر سەربازگەی کرماشان و ئامێرو چەك و تەقەمەنیی تریان لەو سەربازگەیەدا زیان پێگەیاند، چەند پۆلێکی فڕۆکەکانمان هێرشیان بردە سەر فۆلگەکانی دوژمن لەناوچەی شوش و زیانی زۆریان پێگەیاند، چەندین فڕۆکەی ترمان هێرشی توندیان کردە سەر مۆلگەکانی دوژمن لە ناوچەی سۆمارو زیانی زۆریان پێگەیاند ، هەروەها فڕۆکەکانمان بەژمارەیەکی زۆرەوە سێجار هێرشیان کردە سەر مۆلگەکانی دوژمن لەناوچەی تامەیی و زیانێکی تەبەیان پێگەیاند، بۆ دووەمین جاریش فڕۆکەکانمان هێرشیان کردە سەر مۆلگەکانی دوژمن لەناوچەی سۆمارو زیانی ماڵییان پێگەیاند، هەروەها فڕۆکەکانمان دەستێکی باشیان لە سەربازگەی قەلای شاهین وەشاندو ئاگریان تێ بەردا، بۆ سێیەمین جاریش هێرشیان بردە سەر مۆلگەکانی دوژمن لە ناوچەی سۆمارو ژمارەیەکی خومەینی یەکانیان ڕەوانەی دۆزەخ کرد، لە کاتژمێری یازدەو چارەکیش هێرشیان بردەسەر نیشانێکی گەورەی دەریایی و بەووردی پێکایان، ژمارەیەکی زۆری فڕۆکەکانمان دیسانەوە هێرشیان بردە سەر سەربازگەی ڕۆژهەلاتی کرماشان و توندیان کوتا، جگە لەوەی دەستیان لە پردی تەلەی زەنگ وەشاندو ڕووخاندیان، هەروەها هێرشیان کردە سەر ئێستگەی گواستنەوەی ووزەو سووتەمەنی پڕ کردن لە ڕۆژهەلاتی شائابادو ئاگریان تێبەردا، هەروەها هێرشیان کردە سەر کارگەی چیمەنتیوی ناوچەی کرماشان و تێکیان دا ، فڕۆکەکانمان هێرشیان کردە سەر مۆلگەکانی دوژمن لەناوچەی کرماشان، سەرەڕای ئەوەی هێرشیان بردە سەر نیشانێکی تری دەریایی و پێکایان ، پاش ئەوەیش هێرشیان کردە سەر ئەنباری تەقەمەنیی شائادبادو تێکیان دا، جگە لەوەی هێرشیان کردە سەر ئێستگەی نەوت ناردن لە ئیمام حەسەن و ئاگریان تێبەردا ، پاشان هێرشیان بردە سەر نەوت هەڵگرێکی گەورە لەهەمان ناوچە.. پاش هەموو ئەو ئەرکانەیش فڕۆکە بەجەرگەکانمان بەسەربەرزی و سەرکەوتوویی بۆ خاکی نیشتمان گەڕانەوە.

لە لایەکی تریشەوە هێزە پاڵەوانەکانمان لەبەرەکانی جەنگ دا دژ بەدوژمن چوست و چالاکیی نەبەردانەی خۆیان نواندووەو زیانی زۆرتریان بە دوژمن گەیاندووەو چەندیان لێ بریندار کردوون و کو شتوون.. دوژمنیش بۆ سەرپۆشی بەزینەکانی خۆی بە توپ شاری بەسرەی بۆردومان کردووەو بەیەك وفڕۆکە چووەتە سەر گەرەکەکانی خانەقین و فڕۆکە چووتە سەر گەرەکەکانی سلێمانی و بووەتە هۆی شەهیدبوونی ژمارەیەك هاووڵاتی و بریندار بوونی ژمارەیەك هاووڵاتیی تر.

ئەنجوومەنی ئاسایش داوادەکات بریارەکانی سەبارەت بەڕاگرتنی جەنگ جێبەجێ بکرێت

ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتان پەژارەی قووڵی خۆیی سەبارەت بە بەردەوامیی جەنگی نێوان عیراق و ئێران دەربڕی.

ئەنجوومەنەکە لەبەیاننامەیەك دا کەپێی دەری کردووە داوای کردووە بریارەکانی پێشووی خۆی جێبەجێ بکرێن کە داوای ئەوەیان کردووە ناکۆکییەکە بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت.

ئەنجوومەنەکە لەبەیاننامەکەیدا کە پاش گفت وگۆو ڕاوێژی تایبەتی نێوان ئەندامەکانی دەری کردووە دووپاتی کردوەتەوە کە دەبێت ناکۆکییەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن و لەم بارەیەوە هاریکاری لەگەڵ ئەنجوومەنی ئاسایش دا بکرێت.

وتەی هاوکاری

دەست لە سزادانی دوژمن هەڵناگرین

دوژمنی زایۆنی ئێران کە پێی وابوو دوای نزیك بوونەوەی لە (ئیسرائیل) و چەك وەرگرتن بەدزیەوە لە ئەمەریکا لە ڕێگای (ئیسرائیل)و هەندێ لای ترەوەو هاوپەیمانیەتی لەگەڵ یەك دوو فەرمانڕەوای یەك دوو ڕژێمی بەناو عەرەبیدا هەموو ئەمانە بۆی دەبنە پشتگیریەکی گەورەو کار دەکاتە ڕەوتی جەنگی نێوان عیراق و بەئاسانی دێتوانێ ڕەوتی جەنگ بەرەو بەرژەوەندو سوودی خۆی بسووڕێنێ بەڵام وا دەردەکەوێ هێشتا دوای شەش ساڵ شەڕی سەخت و کوشندە لە کانگای عیراقییەکان نەگەیشتوە.. بۆیە تادێ ڕۆژ بە ڕۆژ گیروگرفتی نوێی لە هەموو ڕوویەکەوە تووش دەبێ.. کارگەی پۆلای ، کارگەی ئوتۆمۆبیلی ، کارگەی کەل وپەلی ساکاری ئیستگە کارەبایی کانێ ناو شارەکانی، پالێوگا نەوتیەکانی چیان لێ هات یانەمان یا ئەوەندەی کە ماویشن وا نەماون هیچ سوودێکیان لێ ببینرێ... هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەوجی ڕژێمەکە خۆی.

کە لەبەر سووربوونی لەسەر درێژەدان بە جەنگ و ڕازی نەبوونی بە ڕاگرتنی شەڕو بە ڕێککەوتنی ئاشتیانە ناچاری کردوین کە هیچ بەسەر هیچەوە لە ناو ئێران دا نەهێڵین چی ببێتە هۆی ئەوەی دوژمن بۆ درێژەدانی جەنگ سوودی لێ ببینێ لە ناوی دەبەین بۆیە هەڵۆ نەبەزەکانمان دوێنێوپێرێ کەوتنە سەر بنکەو سەربازگەکانی دوژمن لەسەر سنوورو لەناو قووڵایی خاکی ئێران داو مەردانە دەستی کوشندە کو شندەیان لێ وەشاندن و زیانێکی گەورەیان لێ دان.. لە هەمان کات دا دەیان فڕۆکەی ترمان بەرەو ئەو نیشانانە ملیان نا کە بۆیان دیاری کرابوو پردی سەری عەبادان و تەلە زەنگ و ئیستگەی گۆڕینی وزەی ڕۆژهەلاتی شاە ئابادو کارگەی چیمەنتۆی کرماشان و ئیستگەی دەرهێنانی نەوت و چەند کەشتیەکی نەوت بەر لە ڕووخە ئاوەکانی ئێران بە ساروخەکانیان پێکاو زیانێکی زۆریان لە دو ژمن دا.

حاڵی دوژمن لەمە باشتر نابێ تا پێ لە حەق دەنێو مل بۆ ئاشتی کەچ دەکا ئەمە حاڵی دەبێو ئیتر دەست لە سزادانی هەڵناگرین.

هاوڕێ رافعی داوای ڕاگرتنی کوشتار دەکا

هاوڕێ دکتۆر عبدالمجید الرافعي ئەمیندارى نهێنی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی لوبان نوێنەری تەرابلس لە یەکێتی پەرلمانی عەرەبی داوای کرد هەنگاوی پێویست بۆ ڕاگرتنی ئەو کوشتارەبڕێ کە شاری تەرابلسی لوبنان لەسەر دەستی هێزەکانی ڕژێمی سوریا تووشی بووە.

لە بروسکە نامەیەك دا کە بۆ بەرێز عاکف الفایز سەرەکی یەکێتی پەرلەمانی عەرەبی ناردووە داوای کردوە هێزەکانی ڕژێمی سوریا لە تەرابلس بکشێتەوە دوای ئەوەی بۆتە مەیدانێکی جەنگ و لەو کوشتارەش بکۆڵرێتەوە کە ڕووی داوەو ئەو هێزانە بخرێنە بەرچاو کە دەستیان لە مەسەلەکەدا بووە.

بورقیبە: پەیوەندی لەگەڵ لیبیادا دووپات ناکەینەوە

سەرەکی تونس حبیب بورقیبە پێرکە لە پاریس ڕایگەیاند کە پەیوەندی دیپلۆماسی بەم زووانە لەگەڵ لیبیادا دووپات ناکەنەوە.

بورقیبە لە کاتی هاتنە دەرەوەی لە کۆبوونەوەی کۆشکی ئەلیزێ کە لەگەڵ سەرەکی فرەنسا فرانسوا میتران دا کۆبوونەوە ڕوونی کردەوە کاتێ پەیوەندی لەگەڵ لیبیادا دووپات دەکاتەوە کە لیبیا قەرزی تونسی دایەوە.

ئەوەی شایانی باسە ئێستاکە وەفدێکی تونس ڕادە بەرز وا لە تەرابلسە.

ڕۆژنامەیەکی هندستان خومەینی دوژمن ترین کەسی دژ بە موسوڵمانانە

ڕۆژنامەی (نای دنیا)ی هەفتانە کە لە هندستان دەردەچێت وا باسی خومەینی کردووە کە گەورەترین دوژمنی موسوڵمانەکان و سیێەمین جیهانە.

ڕۆژنامەکە لە ووتاریك دا ووتوویەتی دام ودەزگاکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم خومەینی وەك ئامێرێك بەکاردێنن تا چەپەڵ ترین کوشتار لە میژوودا دژ بە موسوڵمانەکان جێبەجێ بکات.

تەقاندنەوەی چوار مەڵبەندی ئەمەلو لیوای شەشەمی سوپای لوبنان

لە ئەنجامی تەقینەوەی سێ بۆمبای کات بۆ دانراو لە ناوچەکانی مصیطبەو کۆرنیشی جلول و بشارەالخوری دا سێ مەڵبەندی چەتەکانی ئەمەل و لیوای شەشەمی سوپای لوبنان تووشی زیانێکی گەورە بوون.

ڕۆژنامەی الخلیج لە هەواڵێکیەوە لە بیروتەوە ڕایگەیاند کە بۆمبای چوارەم لە بەردەمی چوارەم مەڵبەندی ئەمەلی بەکرێگیراو لە ڕداندا تەقیوەتەوە لە لایەکی ترەوە کۆرە سیاسییەکان دەریان خست کە ئەو ڕۆڵەی ڕژێمی سوریا لە لوبنان دا بەجێی دەهێنێ پشتگیریکردنی چەتەکانی ئەمەلە بۆ ئەوەی نەخشەیەکی گومان لێکراو لە لوبنان دا بەجێ بهێنێ.

ڕەفسەنجانی دزە!!

ئاژانسی دەنگ وباسی (تاس)ی سۆڤیەت بڵاوی کردەوە، کە کورە گەورەکەی سەرەکی پەرلەمانی ئێران کە ناوی بەهرەمانی ڕەفسەنجانیە بۆ ووڵاتی کەنەدا هەڵاتووە ئەویش پاش ئەوەی کە شەش ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە لە جیاتی بەشداریکردنی لە کڕینی چەك وتەقەمەنی ئەمریکا بۆ ئێران.

ئاژانسەکە ووتوویەتی ڕۆڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ماوەیەکی زۆرە چەك بۆ ئێران دەنێرێت ، ئەویش لە هەوڵێکیدا بۆ دەست ئێوەردانی ڕاستەوخۆی ناکۆکییەکەو فراوان کردنەوەی کاروباری جەنگ

لەسیدارەدان و گرتنی نوێ لەئێران دا

ئاژانسی سەر بە ڕژێمی ئێران ووتوویەتی هەشت کەسی بەرهەڵستکاری دژ بەسیاسەتی خومەینی و ڕێژەوی ڕژێمەکەی بەم زوانە لە شاری زاهیدان کە دەکەوێتە ناوچەی سیستان و بلووچستانەوە لەسیدارە دەدرێن.

ئاژانسەکە هەروەها ووتوویەتی دوازدە کەسی تری بەرهەڵستکار لە شاری کۆرینی زاهیدان دا دەستگیرکراوون پاش ئەوەی خەڵکەکەی ئەوێ نارەزایی خۆیان سەبارەت بە بەردوام بوونی جەنگ دژ بە عیراق دەربڕیوە.

ڕۆژنامەکانی میسر:

نارەزایی سەبارەت بەجم و جووڵی خراپەکاریی ڕژێمی سووریا دەردەبڕن

ڕۆژنامەی (مایۆ)ی میسری نارەزایی سەبارەت بە ڕژێمی حافظ ئەسەد دەربڕیوەو وای باس کردووە کە هاوپەیمانی خومەینییە خوێنڕێژە عەرەب کوژەکانە،

ڕۆژنامەکە لە ووتاریك دا سەبارەت بە جمەوجووڵی گومان لێکراوی ڕژێمی حافظ ئەسەد دژ بە بەرگریی فەلەستینیو دژ بە یەکیەتیی خاکی لونبان و پەیوەندیی تەك ڕژێمی زایۆنیزمی ئێران دا ووتوویەتی ئەو ڕژێمە یەکەمین ڕژێمە لەناوبردنی ڕۆڵەکانی فەلەستینی لەناو سووریاو لەناو لوبنان دا داهێناوە

ووتوویەتی ئەو ڕژێمە هێشتاکە بەدووی بەرژەوەندیی خۆیدا دەگەڕێت بە ڕاوەستانی تەك ئێرانی دەستدرێژیکەردا لەو دەستدرێژییەیدا دژ بە عیراقی عەرەب کە تەك هەموو بانگەوازێکی ئاشتیخوازانەی جەنگ ڕاگرتندایە.

Institut Kurde de Paris

گەشتی هاوکاری لە مەلبەندی پزیشکایەتی ددانی سلێمانی

* دابین کردنی هەموو پێویستیەکی ددان و تاقم دروست کردن

* خزمەتگوزاری بەیانیان و ئێواران

یەکێ لە مەلبەندە تەندروستیەکانی پارێزگای سلێمانی کە خزمەتگوزارییەکی بێوێنە پێش کەش دەکات مەلبەندی پزیشکایەتی ددانە کە تاکە مەلبەندمو خزمەتی جۆراو جۆری ددان بە بەیانیان و ئێواران دا پێشکەش دەکات.

بۆ زیاتر ناساندن و ڕوونکردنەوەی ئەو ئەرکانەی پێی هەڵدەستن چاومان بە بەڕێز دکتۆر جمیل علی رشید بەڕێوەبەری بەشی تەندروستی ددان لە سەرمکایەتی نەندروستی پارێزگای سلێمانی بەڕێوەبەری مەلبەندمکە کەوت و سەرمتا بۆمان دواو وتی:

ئەم مەلبەندە لە پارێزگای سلێمانی تاکە مەلبەندی ددانە کە کۆمەڵێك پزیشکی پسپۆڕ کاری تێدا دەکەن.

* ئامۆژگاری دکتۆر جمیل چیە بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان:

ـ تەنها ئامۆژگاریم پاك و خاوێنی دەم و ددانەو

نەهێڵرێت بە چەورو لینجیەوە بمێنێتەوەو دوورکەوتنەوە لە شیرینی خواردن کە دەبنە هۆی کلۆربوونی ددان هەر لەبەرئەوەی کلۆر بوون

ئەوەندە زۆر بووە ناونراوە نەخۆشی سەردەم و

زۆربەی منداڵان تووشی دەبن، لەبەر ئەم هۆیە ئێمە زوو زوو گەشت

دەکەین و ئامۆژگاریمان بڵاوکردوەتەوە بۆ باخچەی ساو ایان و قوتابخانە سەرەتاییەکان کە منداڵان دوور بخەنەوە لە هەر خواردەمەنیەك شیرینی

هەروەها هەموو ئامێرێکی پێویستمان هەیە کە تایبەتی بە فەحس و هەڵ کێشان و پرکردنەوەو پاك کردنەوەو تیمارکردنی ددان لەگەڵ ئەمانەش دا (اشعە)مان هەیە ئەگەر بزانین ددانێك پێویستی بە (اشعە) هەیە بۆی دەگرین و ئامێری تایبەتیشمان هەیە بۆ شتنەوە (اشعە)، هەروەها تاقیگایەکمان هەیە بۆ دروست کردنی ددان و تاقمی ددان کە نەك هەر بە کاری مەلبەندمکە هەڵ دەستێت بەڵکو ددان بۆ بەشەکانی بارێزگاو قەزاو ناحیەکانی سەر بە بارێزگاش دروست دەکات.

جگە لەم مەلبەندە لە نەخۆشخانەکانی سلێمانیو قەزاو ناحیەکان دا لقمان هەیە هەر لقێکیش پزیشکێکی تایبەتی لێیەو ئامێرو پێویستی تەواویان هەیەو بێجگە لەمانەش (اشعە)یان، هەیەو ئامێری شتنەوەیشیان هەیە. هەروەها ئەگەر ددان و تاقمیان پێویست بوو جوابمان بۆ دەنێرن و لێرە بۆیان دروست دەکەین و بۆیان ڕەوانە دەکەینەوە.

* دەربارەی دەوامی مەلبەندمکە دکتۆر جمیل وتی:

ـ مەلبەندمکەمان دوو دەوامی هەیە بەیانیان و ئێواران بەنسبەت دەوامی بەیانیانەوە هەموو خزمەتگوزارییەك فەحس و پاك کردنەوەو هەڵ کێشان و پرکردنەوەو تیمارکردنی ددان پێشکەش دەکرێت بەڵام دەوامی ئێواران سەرەڕای ئەم کارانە باسمان کرد ددان و تاقم دروست دەکەن و بەنرخێکی گونجاو.

هەروەها پزیشکەکانمان ئێشك دەگرن بەشەوان دا بەڵام نامێننەوە ئەگەر حاڵەتێکی پێویست هەبوو وەك رووداوی ئۆتۆمۆبیل یا کەوتنە خوارەوە ئامادەیە هەر کاتێك بانگی بکەن و بە ئەرکی پێویست هەڵدەستێت.

* لە وەڵامی پرسیارێکمانا دەبارەی عیادە تایبەتیەکان دکتۆر جمیل وتی:

ـ لە ڕاستیدا تاوەکو ئێستا-نرخیان بۆ دانەنراوە چونکە ئەو نرخەی بۆ پزیشکەکان دانرا بۆ هەموو پزیشکان بوو لەبەرئەوە ئێمە جیاوازین لەوان و بەم زووانەش نرخیان بۆ دەردەچێت و دەبێت پەیڕەوی ئەو نرخە بکرێت و چاودێری دەکرێن لەلایەن لێژنەیەکی تایبەتیەوە.

بەنسبەت نرخی ئیستاشەوە دەکەوێتە سەر ویژدانی دکتۆرەکە خۆی چونکە پزیشکایەتی بریتیە لە گەیاندنی نامەیەکی پیرۆز نەك بازرگانی بێوە بکرێت.

* دەربارەی ئەو تەنگو چەڵەمانەی دێتە ڕێیان لەگەڵ نەخۆشەکان دا وتی:

ـ سەرەڕای کەمی پزیشکەکانمان و پێش کەش کردنی ئەوپەڕی خزمەتگوزاری نەخۆشێکی زۆر دەبینن هەر پزشکێك بەلای کەمەوە ڕۆژی (٥٠) نەخۆش دەبینێت، بە نسبەت

نەخۆشە تێکەیشتووەکانەوە هیچ تەنگوچەڵەمەیەکمان نییە بەڵام بەنسبەت ئەوانی تەوە تووشی هەندێ گیروگرفت دێن کاتێ گوێ ڕایەنێ ئامۆژگاریەکانی پزیشکەکە ناکات بۆ نموونە نەخۆشێك تۆزێ ئازاری دەبێت بێ سێودوو دەڵێت ئەو ددانەم بۆ هەڵکێشن کە دەڵێیت ئازارەکەت هۆیەکی ترە نەك ددانەکەت دەڵێت تۆ هەقت چییە ددانی خۆمەو هەڵیدەکێشم جا تا تێی دەگەیەنین ماوەیەکی زۆرمان بەفیڕۆ دەدات .

* پاشان چاومان بە بەڕێز قاسم بوجان سەرپەرشتکاری هونەری لە بەشی دروستکردنی ددان دا کەوت دەربارەی بەشەکەیان وتی:

ـ بەشەکەمان هەڵ دەستێت بە دروست کردنی ددان و تاقم و کۆمەڵێك کادیری باشمان هەیە لە یارمەتیدەرانی تاقیگا پێك هاتوون و ئەم کارانە لە ماوەیەکی کورت دا ڕادەپەڕێنن و شێوەیەکی تەکنیکارلی نوێی تێدا بەکاردەهێنن و نرخەکەشی زۆر گونجاوە ، هەروەها ددان و تاقمیش بۆ قەزاو ناحیەکانی سەر بە پارێزگاکەمان دروست دەکەین.

* ئێنجا چاومان بە خوشکە ئاشتی خدر (کرێکاری هونەری) کەوت وتی:

ـ زۆر بەختیارم لە کارەکەم داو چونکە هەڵسانم بەم کارە وەك ئەرکێك و فەرمانێك بەجێی ناهێنم بەڵکو وەك خزمەتێکی پیرۆزی دادەنێم لە پێناو سەلامەتی خەڵکیداو من بەردەستی دکتۆر دەکەم لە ئامادەکردنی دەرمان و دەرمانی پرکردنەوەو پاك کردنەوەی ئەو کەل و پەلانەی پزیشك بەکاری دەهێنێت.

* لە کۆتایی گەشتەکەمان دا چاومان بە بەڕێز محمد شریف لێپرسراوی بەشی (صیانە) کەوت و وتی:

کاری ئێمە هەڵسانمانە بە چاك کردنەوەو ڕێك خستن و دامەزراندنی ئامێرەکانی ددان و هەر ڕاوەستانێك ڕوو بدات چارەسەری دەکەین ئێمە نەك تەنها بەکاری ئێرە هەڵ دەستین بەڵکو هەر پێویستیەك هەبێت لە بەشەکانی تری پارێزگادا ئێمە لێپرسراوین لێی و جێبەجێی دەکەین.

ئێمەش لە کۆتایی لێدوانەکەدا هیوای سەرکەوتنیان بۆدەخوازین و هیوادارین کە بەم زوانە نرخێکی ڕەسمی دەرچێت بۆ عیادە تایبەتیەکانی پارێزگاو پزیشکەکان بە دڵسۆزییەوە پەیڕەوی بکەن.

هێرش
لقی سلێمانی

کۆبوونەوەی لیژنەکانی یەکیەتی قوتابیان و لاوانی هەولێر

یەکیەتیی نیشتمانی قوتابیان و لاوانی عیراق لقی هەولێر کۆبوونەوەیەکی بۆ لیژنەکانی یەکیەتی سازدا، کە لە هەڵبژاردنەکانی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین دا سەرکەوتوون ئەویش بۆ لێکۆڵینەوەی نەخشەی کاری لیژنەکان.

نەخشەکەیش لەوە پێك هاتووە، کە چەندین کۆڕی ڕۆشنبیری و زانستیو گشتیو میهرەجان و کۆڕە ئێوارەی ئەدەبی تێدایە سەرەڕای ڕەخسانی هەلی گونجاو بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی هەر یەکەو بەهەرەو توانای خۆی لە بواری جۆربەجۆردا بنوێنێت.

پارێزگاری سلێمانی ئامادەی کۆنگرەی سالانەی قوتابیان و لاوانی پارێزگاکە دەبێت

یەکیەتی نیشتمانی قوتابیان و لاوانی عیراق لقی سلێمانی چوارەم کۆنگرەی سالانەی خۆی دەست پێکرد ئەویش بۆ لێکۆڵینەوەی ئەوەی لە نەخشەی ڕابوردوویدا تەواو ئەنجام دراوەو دانانی نەخشەی داهاتووی خۆی.

بەڕێز جعفر عبدالکریم بەرزنجیو هاوڕێیان جێگری ئەمینداری نهێنیو ئەندامانی سەرکردایەتی لقی حزب و ئەندامی نووسینگەی ڕاپەڕاندنی یەکیەتی نیشتمانی قوتابیان و لاوانی عیراق لە کۆنگرەکەدا ئامادەبوون.

لە کۆنگرەکەدا لە ڕاپۆرتەکانی لیژنەی پێشەنگان و قوتابیان و لاوان و لیژنەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن لە قۆناغی ڕابوردوودا کۆڵرایەوە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ئەوەی لە نەخشەی قۆناغی ڕابوردوو تەواو کراوە.

سێ لیژنەیش لە کۆنگرەکەوە هاتە کایەوە بۆ ڕێکخستن و کاروباری دارایی‌و بەڕێوەبردن و ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن تا نەخشەی دادێت بۆ لقی یەکیەتی دابنەن.

سەرەڕای هەڵبژاردنی (٤١) ئەندام بۆ ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی لق و حەوت ئەندامی ڕەسەن و دووی یەدەك بۆ دەستەی لق... بەشدارانی کونگرەیش ڕێزو خۆشەویستی‌ی خۆیان بۆ دامەزرێنەری بڵندیەتی‌ی عیراق بەڕێز سەرەك صەدام حسەین نوێ کردەوە.

لە ڕانیە
پیشانگایەکی هونەریی قوتابیان بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدەوە

لەژێر چاودێری بەڕێز مامۆستا علی عزیز قائمقامی قەزای ڕانیە قوتابخانەی ناوەندی ڕانیەو قوتابخانەی ئامادەیی ڕانیە بە هاوبەشی پێشانگایەکی (ڕسم وخط) یان کردەوە بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدە مەزنەکانمانەوە لە هۆڵی ناوەندی ڕانیە.

پێشانگاکە پێك هاتبو لە [١٠٠ تابلۆ] کە [٨٠]یان تابلۆی (ڕسم)و [٢٠] یان تابلۆی (خط)بوون.

زوربەیان دەست و خامەی قوتابیە خوشەویستەکان بوون کە هەستی ناسکیان دەربڕیبوو بەرامبەر بەو ڕۆژە پیروزە.

هەر لە پێشانگاکەدا چاومان کەوت بە بەڕێز مامۆستا خلیل ابراهیم مامۆستای هونەری هەردوو قوتابخانەکە ووتی:

بەپێویستمان زانی پێشانگایەکی وا بکەینەوە بەم بۆنە پیرۆزەوە بۆ ئەوەی هەموو لایەك ئاگادار بکەینەوە کە ئەم ڕۆژە بە نرختترین ڕۆژە لە ڕۆژانی خەڵکی عیراق یادی ئەو کەسە مەزنانەن کە لەهەموومان بەخشندەترن و گیانی پاکیان کردۆتە قوربانی ماڤەوەوسەربەرزی عیراق.

ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕاکێشام لە پێشانگاکەدا تابلۆی قوتابی [محمد سعید عبدالکریم] پولی چوارەمی گشتیو [سەرهەد کمال و عمر حسن] لە پۆلی سێهەمی ناوەندی کە بەڕاستی شوێن دەستیان لە پێشانگاکەدا دیار بوو جێگەی ئومێدن کە لە دوا ڕۆژدا زیاتر بدرەوشێنەوە هیوام سەرکەوتنیانە.

[مامۆستا ئایا بەڕێزتان بەشداریتان کردووە].

بەڵێ منیش بۆ ئەوەی زیاتر قوتابیان هان بدەم بە [هەشت] تابلۆ بەشداریم کرد کە [شەش]یان تابلۆی ڕەسم و [دووانیشیان] تابلۆی (خط) بوون.

[هیوای سەرکەوتنتان بۆ ئەخوازین]

«لقی سلێمانی»

ڕوو بەڕوو

«ئەم مامۆستا لێهاتووە بناسە»

× د. سەرتیپ فەتاح کاکەیی

× لەسالی ١٩٤٩ لە گوندی تۆبزاوەی سەربەمەلبەندارێتی (ناحیة) داقواق لە پارێزگای کەرکوك لە دایك بووە.

× خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (تۆبزاوەی سەرەتایی کوڕان) تەواو کردووە، کە باوکی ئەرکی موچەخۆری مامۆستاکانی گرتبووە ئەستۆی خۆی.

× قوتابخانەی ناوەندیو ئامادەیی لە شاری کەرکوك تەواو کردووە.

× پاشان چۆتە کۆلیژی زانیاری لە زانکۆی بەغداو بەشی فیزیکی تەواو کردووە.

× دوای ئەوەی بە پلەیەکی چاك دەرچووە لەم بەشە بە مامۆستا دامەزراوە لە زانکۆی سلێمانی لە ساڵی ١٩٧١ ـ ١٩٧٤.

× لە ساڵی ١٩٧٤ چۆتە دەرەوەی وڵات لە «ئیتالیا»و لە شاری (لیدز) بەشی (بایوفیزیکی) تەواو کردووەو لە ساڵی ١٩٧٩ بروانامەی دکتۆرای لێ وەر گرتووە.

× دوای وەرگرتنی ئەم بروانامەیە گەڕاوەتەوە وڵات و لە کۆلیژی زانیاری زانکۆی سلێمانیو دوای بۆ کۆلیژی پزیشکی گۆڕاوەتەوە ئەوە ماوەی (٦) ساڵە بە تەنها وانە دەڵێتەوە بۆ قوتابیانی کۆلیژەکەو توانیویەتی فیزیك بەزانستی پزیشکە ببەستێتەوە.

× لە ساڵی ١٩٨٢ چۆتەوە بۆ ئیتالیاو کراوە بەنەندام لە کۆنگرەی (Biophysh) لەشاری (تراستی). وە لە ساڵی ١٩٨٦ هەر لەسەر داخوازی ئیتالیا چۆتەوە هەمان شارو گفتوگۆراهێنانی زۆر کردووە لەگەڵ لێ پرسراوانی لیژنەی لە شاری ناوبراودا.

×گەلێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ (د. شلیمون بەراوری) کردووە لەسەر ڕاهێنانی تیشکی لیزەر، بێجگەلەوەش دکتور شلیمون دادەنرێ بەیەکەم هان دەری بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بکات و بەردەوام بێ لەم بوارەدا.

× وە هەروەها براکەی (کە عەدنان فەتاح کاکەیی)یە زۆر هانی داوەو هەر ئەویش ئەوی پێ گەیاندووەو دەستی یارمەتی بۆ درێژ کردووە.

× ژنی هێناوەو سێ منداڵی هەیە: دوو کچ و کوڕێك کە ناویان (سەرکەوت، سەرنج، ئالا) ن.

× ژنەکەی مامۆستایە لەبەشی دەرمان سازی ـ زانستی دەرمان) لە کۆلیژی پزیشکەی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر.

× ئێستا خەریکی کردنەوەی پرۆژەی خوێندنی بالایە (بروانامەی ماجستیر) لە کۆلیژی پزیشکی سەلاحەددین لە هەولێردا.

جەلال سدیق ساڵح
کۆلیژی پزیشکی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر

ڕوو بەڕوو

وازستان داهاتەوە.. لەگەڵ هاتنەوەی زستاندا، ئەبێ چاوێك.. چاوێکی بەزەیی گەرم بە شەقامەکانی هەولێردا بە گشتیو [گەڕە کە میللی یەکان] بەتایبەتی بخشێنین... ئەو گەڕەکانەی لە زستاندا قوڕ ئەپێون.. کەوابێ هەموو ساڵێك و، زستان وەیشوومەتان شاد!.

ئەگەر سەرنجێك بدەینە شەقامەکان.. لە ئەنجامی زێراب و خەم ساردی دەبن بەلافاو.. گەڕەکە میللی یە کانیش قوڕو چڵپاو بەشیانە هەر وای لێ هاتووە.. ئیتر خەڵکەکە ڕقیان لە زستان ببێتەوە، سەرباری ئەو هەموو [خێروبێر]ەی هەیەتی..!

ئێمە بەرامبەر بەوە هیچ ناڵێین و تەنیا ئەوە بە نموونە دێنینەوە... کە شەوی ١٩٨٦/١١/٧ ئەوەی لە ناوچەی [عەینکاوە] ڕوویدا بەڵگەی ڕاستی‌یە..

بەڵێ لەو شەوەدا، لە دوورەوە [عەینکاوە] لە گۆمێکی خنکاو دەچوو... لافاو کەل و پەلی زیاتر لە دەمانی ڕامانی.. هەر خێزانەو بە عەرەبانەو شتی‌تر منداڵ و شت وەمك دەگوازنەوە.. ئەوەی ئەو شەوە بەسەر ئەم شارۆچکە جوانەدا هات، با بەدەواری شڕی نەکات!

خوا هەڵناگرێی ئەم چەند ساڵە.. بەتایبەتی لەم دووایەدا، هەست بەوە دەکرێت کە کارێکی تەواو لە ئارادایە بۆ ڕزگاربوونی هەولێر لەم وێنە تاڵانە... بەڵام هەولەکە هەر لە سنوورێك دا نابێ بووە ستێ.. بە تایبەتی لە پێشوازی ساڵی نوێو [زستان]دا... چونکە خەڵکی ئەو گەڕەکانە لە نوڕپێوان جارس بوون و ئیتر حەوسەلەیان نەماوە..

بەو بۆنەوە دەڵێن، هەندێ لە گەڕەکەکانی هەولێر لەکەم ئاوی سۆمابیان داهاتوودو، هەندێکی تر لە بە [لافاوی] ناو خەریکە بخنکێن، ئەی چار؟!

شێرزاد

Institut Kurde de Paris



لەگەل بەردەوام بوونی دوژمنکاریی ئێران لەسەر عیراق داو بەردەوامیی دوراندنەکانیان ڕۆژ دوای ڕۆژ کێشەکانی فەرمانڕەواکانی تاران زۆرتر و ئاڵۆزتر دەبن.. بەتایبەتی لایەنەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی.. ئێستا ئێران لەهەموو کاتێکی تر زیاتر لەژێر قورسی و باری گرانی ئەم لایەنانە دەناڵێنێ و نازانێت چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە خۆی دەربازبکات.. بێجگە لەوانە کێشە ی نێوان فەرمانڕەواکان ئێستا تیژترو کوشندەتر بووە کە لە هەموویان خەتەرناك ترە شان بەشانی ئەم کێشەیە چالاکیەکانی بەرهەڵستکاران لە سەرانسەری ئێران دا فراوانترو بەهێزتر دەبێت کە ترس و لەرزێکی گەورەی خستۆتە دڵی تاقمە گەوجەکەی خومەینی یەوە.. ترسەکە زیاتر دەبێت کاتێك ڕژێمەکە دەبێت هیچ هەوڵدانێك بۆ پاکژدانیان بێسوودو بێئەنجام دەبێت.

هەرچەند ئاکاری دڕندانەو لێدانی بێڕەحمانە لەگەڵیان دا بەکاردەهێنت و شێوە نەماوە لەگەڵیان دا بەکاری نەهێنن بەڵام هەروەکو ئاشکرا بووە ئەم ڕەفتارانە زیاتر پاڵ بە بەرهەڵستکارانەوە دەنێت بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بە چالاکیەکانیان بدەن و گورزی قورستر ئاراستەی دام و دەزگاکانی خومەینی بکەن.

لە ڕوودانی هەر تەقینەوەیەك دا ڕژێمی بێئابروی تاران هەوڵ دەدات پەردەی بخاتەسەرو نەیەڵی هەواڵەکە تەشەنەبکات.. بەڵام بە پێچەوانەی مەرام و ئارەزووی ڕژێمەکەوە دوا بە دوای ئەوە تەقینەوەیەکی گەورەترو خەتەرناك تر سەرانسەری نیشتمانە شلۆقەکەیان دەهەژێنی و خومەینی و دارەستەکەی دەخاتەترس و لەرزێکەوەو تاو نەخۆشیەکی کوت وپڕ دەیانگرێت..

ئەمانە لەلایەك و هێزی بەرهەڵستکاران دژی ڕژێمەکە لە کوردستانی ئێران لەلایەکی ترەوە بە چالاکیە بەهێزو بێپایانەکانیان زیانێکی ئێجگار گەورە لە پاسداران و سوپاو سەربازو دار ایی ئێران دەدەن ، کە بۆ حەوت ساڵ دەچێت چەك نەما خومەینی بەکاری نەهێنێت بۆ لەناوبردنیان.. بەڵام تا ئەمڕۆژە هیچ ئەنجامێکی وەدەست نەهێناوەو نەیتوانیوە لە ڕوویان دا بەرگە بگرێت و لە چالاکیەکانیان کەم بکاتەوە هەرچەند هەروەکو وو تمان بە ئەوپەڕی دڕندایەتی ڕەفتار لەگەڵیان دا دەکات..

بەرهەڵستکاران لە کوردستانی ئێران دا توانیویانە هێرشی سەرکەوتووانە بکەنەسەر سوپاو پاسداران و دام ودەزگا سوپاییەکان و ڕێگاوبانەکانیان و سەرکەوتنی مەزن وەدیبهێنن..

هەروەها هێزی بەرهەڵستکارانی چەکدار لە بلوچستان قۆناخێکی باشیان بڕیوە لە تێکۆشان و هوشیارکردنەوەی جەماوەرو پەردەلادان لەڕووی خومەینی و داردەستەکەی.. لە هەموو نەخشەکانیان دا ئەوپەڕی سەرکەوتنیان وەدی هێناون دژی پاسداران و سوپاو دام و دەزگاکانی ڕژێمی خەلافاو..

هەواڵەکانی نێو ئێران وا ڕادەگەیەنن کە زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری ئێران بەدەنگی بەرهەڵستکارانەوە دێن و هاریکاری لەگەڵیان دا دەکەن چ لە دابەش کردنی بڵاوکراوەکانیان کە دژ بە ڕژێمەکەن و چ لە کارەکانیتر وەکو خۆپیشان دان و ئامادەکردنی جەماوەر بۆ دەست وەساندن لەوانەی لەگەڵ ڕژێمەکەدان..

بگرە ئێستال بارودۆخەکە گەیشتۆتە ڕادەیەك کە هەندێ لە مەلاکان لە داردەستەکەی خومەینی خۆیان دووردەخەنەوەو باسی ڕەفتارە کردەوەی دڕندانەو نامرۆڤانەیان دەکەن.. نەك هەر لەبەر ئەوەی چرکە ڕەفتارەکانیان بەدڵ نییە.. بەڵکو خۆیان لە مردن و کینی جەماوەی ئێران ڕزگاردەکەن.. بگرە ئەم حاڵەتە لە نێو دام و دەزگا سوپاکەی مەینیدا ڕووی داوەو بەردەوام سەربازو ئەفسەرەکان خەریکن

مقۆ مقۆ دەکەن و باسی درۆ دەلەسەو فێڵبازیی ڕژێمەکەیان دەکەن و هەندێکیان هەڵدێن و خۆیان دەگەیەننە هێزەکانی بەرهەڵست کاران چ لە خواری ئێران چ لە سەرەوە یان ناوچەکانی تری کۆمارە شلۆقە سەرگەر دانەکەی تەڵەکەباز خومەینی و ڕەفسەنجانی و خامنئی...

مافێت ملەتا ل دەولەتا خومەینی

ڕێبەر احمد

بێ گومان ئێران دەولەتەکا مەزنە ژ لایێ مروڤافەو ژ لایێ پانیاتیا ئەردیڤەو ئێران یا ژ چەند ملەتا پێك هاتیە، لێ ملەتێ ژ هەمیا پتر «فارسن» و ملەتێت دی ئەوێت نە فارس ژ بەری چەند ساڵاو هەتا نهو هەست ب زورداریا فارسا دکەن و هەمی دەما فارس خورتیێو تە عدایی و کوشتنی دگەل دکەن .. ئەڤ ئاریشە (مشکلە) ما وەسا هەتا ڕژێما خومەینی یا توخم پەرێس هاتی و ملەتێت نە فارس وەسا هزر دکر بهاتنا خومەینی دێ ئاریشا وان هێتە چارەسەرکرن و دێ گەهنە مافیت خو؟؟

لێ بەرو ئاژی!!

پشتی دەجال هاتی ئێکجار مافیت ڤان ملەتێت نە فار سی هاتە خارن و ئێکجار بونە ژێر دەستێت فارسا... ئەڤجا دا بزانین ئەو چ ملەتن نهو لژێر ستەما دەجالی دژین؟

١ ـ ئەزربیجانی... هەژمارا وان دکەهیتە (٩) ملیوناو جهێ ژیانا وان ل وان پارێزگەهێت روژهەلات و روژئاڤا ئێرانێو زمانێ تورکی دئاخڤن

٢ ـ کورد.. هەژمارا وان دگەهیتە (٤) ملیوناو جهێ ژیانا وان ژ سێ گوشا توخیبێ (تورکی ـ ئێرانێ ـ سوڤیەتی) دەستپێدکەت و هەتا دگەهیتە دەشتا «کارون» لژێریا ئێرانێ.

٣ ـ عەرەب... هەژمارا وان دگەهیتە (٣) ملیوناو لژێریا ئێرانێو بتایبەت لعەربستانێ دژین.

٤ ـ بلو ش... هەژمارا وان دگەهیتە (٤) ملیوناو جهێ وان دکەفیتە وان پارێزگەهێت لسەر توخیبێ ئەفغانستان و پاکستانێ .

٥ ـ تورکمان .. هەژمارا وان ملیونەکەو نیزیکی توخیبی ئێکەتیا سوڤیەت دژین و ژبلێ هندەك کێماتیا وەك ئەرمەنا... هتد.

ئەڤجا دا سەحکەینێ سەرو بەرێ ژیانا ڤان ملەتا لژێر سیبەرا دەجال خومەینی و داسەحکەینێکا ب و چەند رەنگا خومەینی ڤان ملەتا دخوت و تەعدایی لێ دکەت.

١ ـ جارێ پێش هەمی تشتا حوکم و دەزگەهێت گرنك لئێرانێ بێت دەستێت فارسا داو بتایبەت مروڤ و گەس و کارێت دەجالی و دەستەکا مەلابێت وی..

٢ ـ پارەو مال و کارگەهـ وبازرگانیەت هەمی یا کوم بوی د دەستێت فارسادا ملەتێت دی وەکی ئەزربێجانیاو کوردو عەرەباو بلوشاو تورکمانا بتنێ پالەتیێ دکەن و نەشێن ئەرزاقێ روژانە بۆ خو پەیدا بکەن و نەشێن پێویستێت روژانە بۆ خو پەیدا بکەن.

٣ ـ ڕژێما خومەینی ناهێلێت دەزگەهێت تەندروستیی و ساخلەمێی وخاندنێو پەروەردەیی و رەوشەنبیری لقەزاو ناحیێت ڤان ملەتا بهێنە ڤەکرن... دا هەر بمینن نەساخ و نەخویندەوارودا ئاریشێت کومەلایەتی د ناڤ ڤان ملەتادا بمینن!!

٤ ـ ڕژێما خومەینی ناهێلێت نە کوردو نە عەرەب و نە تورك و نە بلوش و نەئەزربێجانی بەحسێ نەتەواتیی یان مافێت ئوتونومی یان سەربەخۆیی بکەن وهەر کەسێ ئەڤ سوحبەتە کرن ئێکسەر دێ سێدارەدەن و ناهێلێن بژیت لسەر دونیایێ.. هەروەسا بەحسێ ئەزمانی و دیروکێو خەبات و قو ربانیا ڤان نابیت بهێتە بەحسکرن!!

بروانە ل ١١

(سری) ئو (لافان) دبن ئاگرێ عیراقێ ڤە

حمید علي

گولە باران کرنا گزیرتیت (سری) ئو (لافان) ژبەر هێریشێت هێزا بالەفرێت عیراقی بۆ ئەگەرا تێك چونا ئابوریا ئێرانێ ئو کێم هنارتنا گازێ و ئەڤە بو مە ئاشکەرا دبیت کو هێنرێت ئاسمانی یێت عیراقی دکارن بگەهنە نێزیکا (مضیق هرمز) ئەو دەڤەرا د هزرا ئێرانێ دا بکارنینیت بۆ مەسلەحەتا خۆ وگەڤ دانا تەناهیا قلیچێ عەرەبی کو تەنسیرێ بکەن لسەر عیراقی د شەرەنیخا دگەل.

هێزا بلالەفرێت عیراقی گەهشتنە دویر ترین وموهم ترین دەڤەرا گازا ئیر انی ل گزیرتا (لافان) مەزنترین بەندەرا گازا وا پشتی بەندەرا گزیرتا (خەرج).

(لافان) دکەفیت ژوریا گزیرتا (سری) دەمی بالەفرێت عیراقی کو هیریشێت خو برینە سەر ل ١٢ تەباخا سالا ١٩٨٦ دەمێ ئێرانێ گازا خو گەمێت خو گوهاستین بو بەندەرا (لافان) لوەختێ ئێران پیتر ژ ٢٥٠ هزار بەرمیلێت گازێ فرێ دکەت روژێ، ونەگەرهێت هونەری وشارەزای د مەیدانا هێزا ئاسمانی یێت عیراقی ئاشکەرا دبن کو دەستێ وان درێژە ودکارن بگەهنە هەمی بنگەهـ و ئارمانجێت تایبەتی دناڤ ئێرانێ دا، وعیراقێ دکاری بەری نهو هێریشێت خو بکاربینیت دژی ڤان بنگەها بەلێ ڤێ گاڤێ بکارئینان داکو هیڤێت ئێرانێ بەر ئاڤ دا ببەن بۆ دیتنا جهێت پالدانا بەردەوامیا جەنگێ یاکو ئێران لسەر دچێت.

وئێرانێ ژی لوەختەکی نیزیك پشت راستیا خو ئاشکەرا دکر بۆ دیتنا هندەك جها ژبەر تەلافەت وپویچکرنا جهێت بنەرخ ژلایێ چەکدارێت عیراقی.

ژوەختێ پویچکرنا گزیرتا (خەرج) ل ١٥ تەباخا ١٩٨٥ ئێرانێ گوتی تەخچکا روژ ئاڤا ل بەندەرا (خەرج) یا ساخ و سەلیمە وچو ئێزیەت نە گەهشتێ ودکاریت پاراستنا وێ بکەت و هنارتنا گازی بکاربینیت هەتاکو دربێ مەزن گەهشتێ ژ لایێ هێزا بالەفرێت عیراقی ل ١٩ ئیلونا سالا ١٩٧٥ وب تماهی هاتیە ویران کرن.

پشتی ویران کرنا کزیرتا (خەرج) ئێرانێ سەنگیا خو کێشا بۆ بەندەرا (سری) وهەمی کێماتی لێ چارەسەر کرن لڤێ گزیرتی داکو ببیتە بەندەرا دەستێ عیراقی نە گەهێتێ ، ئەڤە ژی ئێرانێ هزرا خو تێدا دکر دەمێ بەندەرا (سری) دکەڤیت ل نێزیك ترین دەڤەرا تخوبیێ عیراقی پیتر ژ ١٠٠٠ کلم وهەر دوی وەختی دا هاریکارێ دکەت بۆ گوهاستنا گازێ ژ بەندەرا بچویك یاکو دکە ڤیتە ژیریا گزیرتا (خەرج) ب دویراتیا ١٠٠ کلم دەمێ د بێژنێ (فارسی) ئەڤە ژی جهێ بارکرنا گازێ یە و بنگەها سەح سێت رادارێ یە ل ژوریا قلیچێ عەرەبی.

وعیراقێ هێریشێت خو بکارئینان لسەر بەندەرا (سری) دوەختێ هەمی شیانێت هونەری وشارەزاییت یێت بێشکەفتی د دەستی دا. دەمێ دربێت عیراقی تەخچکێت بارکرنێ بێت گازێ وعونبارێت سەر ئاڤ پویچکرین . و ئێرانی ژی زانی کو خسارەتا وان ل بەندەرێ (خەرج) ناهێتە گوهورین وچارەسەر کرن و دەرکەفتنا شارەزاییت بیانی ئەوێت کار دکرن دناڤ ئامیرەتێت گزیرتا (خەرج) و پویچ کرنا تەخچکێت بارکرنێت روژ هەلاتی و روژ ئاڤا و بورێت گازێ ناهێنە چارەسەر کرن لسەر عەردێ (خەرج)

هوسا هزر هاتن ل بەندەرا (سری) یاکو پاناتیا وێ ٦ مبلێت چار کوژی ٩٫٥ کلم چار کوژی و ١٠٠٠ کلم دویر ژ تخوبیێ عیراقی و ١٤٥ کلم ژ ژوریا دبی..

و یالبەر ئاخافتنێ د کەفیت کو گزیرتا (سری) نەیا بەندەرا گازێ بو ل وەختەکی نیزیك ، دەمێ

بروانە ل ١١

«سەرکەفتنا عیراقی»

عبدالله طاهر بێسفکي

ئەڤەبو کو وەختێ وان گوتی دا تالعێ خو بجەربینین دگەل عیراقی بەلی وان ئەڤ هزرە بو مێرچاکێت ڤی خاکێ پیروز نەدکر، گەلێ ئیرانێ نەرازیبونا خو دیاردکەن ل سەر بەردەوام بونا شەرێ وان ژی دڤێتن کو ب تەنایی بژین ئو خوینا خورنا بەس بێتە رێتن ئو بلا ئەو بزانن هندی شەر درێژتر لێ بێت دێ زیانێت وان پترین.

بلا ئەو باش دئاگەهداربن کوهندی دوما شەری درێژ تر لێبێت چەلەنگێ عیراقی زیرەکترن وزفرترن ئوبو زوردارا ئاگرن ئوبو وەلاتێ خو دبشکوژن، گولن ، دتێر بێهن وەلاتێ خو دخەملینن . سەرکەفتنا لەشکەرێ مەیێ قەهرمان نیشانا حەقیێ وراسیتیێیە چنکی خودایێ مەزن هەر دەم یێ دگەل مروڤێ راست و درست و زەوالا زۆردارا گەلەکا کورتە ئو ب ئانەهیا خودایێ مەزن سەرکەتن دێ هەربارا مێرچاکێت عیراقا مەیا رەنگین بیت ئو روی رەشی وشکەستن دێ هەر بارا دوژمن و نەیارا بیت ئوکورێت ڤی وەلاتی ب دەستەکی یێوەلاتی ئاڤا دکەن و ب دەستێ دی یێ بەرەڤانیێ ژ خاکێ وەلاتی دکەن بو پاراستنا ئاخ و ئاڤێت مە ژدەستێت کەڤنە پەرێسا دارێژنە سینگێ دوژمنی ئاگری وعەردو عەسمانا ل وان بکەنە ئاگر ل دویف وان هزرێت وان ئەوێت کوحەتا نوکە نزانن کانێ ئەو چ دکەن ئودێ چەوا ژێ دەرکەڤن سەرکەتن دێ هەر بارا مەبێت، ئالایێت مە هەردەم دێ دچکلاندی بن. هزار هزار سلاڤ بو وەبن ئەی کورێت مللەتی ژ زاخو حەتا فاو دێ ببنە ئێك دل و ئێك هێز. بو سەرهەرشاندنا دوژمنێت خوین مێژ.

دەستێ خودێ ل سەر سەرێ هەوە بێت ئەی مێرچاکێت حەقیێ وراستیێ وسەربەستی وئازادیێو خەباتێ وهزارەها سلاڤ ل سەر جانێ پاکێ شەهیدا بن...

«پێش بینی زیاد بوونی داواکاری نەوتی ئۆپك و چاکردنی نرخ

لە کۆتایی کۆبونەوەکەی ٦ ـ ٢٢ تشرینی یەکەم ١٩٨٦ کە لە (جنێڤ) بۆ ڕێکخراوی وڵاتە نەوت نێرەرەکان گیرا، وەزیری نەوتی نایجیریا سەرەك ڕێکخراوی اوبك بڵاوی کردەوە کە بڕیارە ڕێژەی باڵای سەرجەمی بەرهەمهێنانی اوبك نزیکەی یەك ملوێن بەرمیل بێت لە روژێکدا بە پێی بڕیاری ١٩٨٦/٨/٥ دەبارەی هەمان ڕێژەی بەرهەمهێنانی هەریەك لەوڵاتانی ئەندامی اوبك. پێویستی پەیوەست بوونی ڕێژەی باڵای بڕیارەکەی لە ماوەی داهاتوی ١٩٨٦ دا بۆ هەموو ئەندامان خستە ڕوو.

چاودێریکەران ڕادەبینن کە ئەم بڕیارە نرخی نەوت لە ٢ دولار بۆ ٤ دولار لە یەك بەرمیلدا بەرز دەکاتەوە ، واتە پاش کێشانەوەی زێدەی نەوت لە بازاری جیهانیدا نرخی نەوت بەو هەر بەرمیلێك دەگاتە نزیکەی ١٧ ـ ١٩ دولار ڕابۆرتی هەفتانەی تایبەتیش بە کاروباری نەوت و دارای لە «لندن» دا بڵاوی کردەوە، کە بڕیاری ئەم دواییەی جنێڤ، دارای وڵاتە عەرەبیە ئەندامەکانی اوبك نزیکەی ٢٧٠٠ ملیون دولار بۆ هەر مانگێك بەرز دەکاتەوە.

ئاشکرایە ڕێکخراوی اوبك لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ١٩٦٠ ئەمڕۆ ڕووبەڕوی ترسناکترین قەیران دەبێتەوە، بەمە ناکۆکی نیوان ئەندامەکانی ڕێکخراوەکە لەبەردەم بەیمانێکی هەمەگیدا بۆ سەپاندن ڕێژەیەکی بەرهەمهێنانی گونجاو، ئەوەتا ڕێکخراوەکە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥ دا بڕیارێکی تایبەتی بە پاراستن و چاودێرکردنی سودو ڕێژەی بەرهەمهێنانی جیهانی دەرکردو هەوڵیدا وڵاتانی ئەندام لە یاسای تایبەتە بەش دور خاتەوەو دەرگای نرخاندنی گونجاوی بە پێی ڕێژەی داواکاری بازاری سەربەست والاکرد. خواستی سەرەکی ئەم بڕیارەش ناچارکردنی چەند وڵاتێکی دەروەی ڕێکخراوەکە بە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان و بە پەرەوە نەچوونی بازاری نەوتی جیهانی بێت، بەڵام مەیسەرنەکردنی ئەم هیوایە بڕیاری ١٩٨٦/٨/٥ی «اوبك»ی هێنایە گۆڕ، کە بڕیاری دابین کردنی سەرجەمی بەرهەمهێنانی باڵای وڵاتانی ڕێکخراوەکە بوو بەنزیکەی ١٦,٨ ملوین بەرمیل بۆ هەر ڕۆژێك، هەروەها گەڕانەوە بۆ ڕژێمی تایبەتە بەش جگە لە عێراق کە ماڤی ڕێژەی بەرهەمهێنانی گونجاوی پێ بەخشی بە جورێك کە لە، ٢ ملیون بەرمیل لە هەر ڕۆژێکدا بە بێی بڕیاری تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٤.

دورکەوتنەوەی وڵاتانی اوبك لە ڕژێمی نرخاندنی پێشوو بەپێی بڕیاری ساڵی ١٩٨٦ نەبوە هۆی زیادبونێکی فرەو بەردەوامی بەشیان لە سەرجەمەی نەوتی خراوە ڕووی بازاری جیهاندا، بەڵکو سیاسەتە دەسکەوتی نەوتی وڵاتانی «اوبك»و نەوت نێرەرەکانی تر بە تایبەتی وڵاتانی تازە پێ گەشتووی لە پڕ دابەزاند، نرخی یەك بەرمیل نەوت لە ٢٨ دولارەوە دابەزیە ١٥ دولار لەو کاتەی کە بەرهەمهێنانی سەرپای وڵاتانی اوبك لە کۆتای ١٩٨٥ دا نزیکەی ١٦ ملیون بەرمیل بوو لە هەرڕۆژێکداو لە تەموزی ١٩٨٦ دا بەرزبوەوە بۆ ٢٠,٣ ملیون بەرمیل بۆ هەر ڕۆژێك...؟

ئەمەش لە ئەنجامی زۆری وزەی زێدەی بەرهەم لای وڵاتانی نەوت نێرەرو هەوڵدانی بەردەوام بۆ زیادبوونی دارایی و مل ملانێی نیوانیان، کە بێ گومان زیادبوونی داواکاری نەوت کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر نرخی نەوت بەرجەستە دەکات..

ئەوەی شایەنی باسبێت زۆربەی وڵاتانی نەوت نێرەری دەرەوەی «اوبك». ڕەزامەندی هاریکاری و یارمەتیان بەرامبەر داواکاریەکەی ڕێکخراوەکە دەربڕی بە مەبەستی سەقامگرتووی بازاری نەوتی جیهان کە سەرجەمی بەرهەمهێنانی نەوتی کەمکردووە، لەو وڵاتانەش «مکسیك، مصر، مالیزیا، عمان، یەکیەتی سوڤیەت، چین، نەرویج» بوون، ئەم هاریکاریە یارمەتی ڤرینی هەندێك لەو زێدە نەوتیەی بازاری جیهان دەدات و ڕوداوێکی گونجاو چاك بۆ نرخی نەوت دەخەملێنێت وەك چون نرخی نەوتی بەرمیلیك لە ١٠ دولارەوە گەیانده ١٥ دولار.

دەرگا تایبەتیەکانیش دا پێشنیار دەکەن کە قەوارەی داواکاری جیهان بۆ نەوتی اوبك لە چارەنوس دا بەرز دەبێتەوە، ئەوەتا سەروکی لێژنەی، ووزەی ئەوروپا دەربارەی گەشەی داواکاری نەوت لە کۆبونەوەیەکی وەزیرانی ووزە لە «لوکسمبرغ» رای گەیاند. نرخی هەر بەرمیلێك نەوت (١٥ دولار· دەبێتە زیادبوونی داواکاری لە ١,٤ بۆ ٩,٧ ملیون بەرمیل لە هەر ڕۆژێکدا پاش ساڵی ١٩٨٦ هەروەها بەرزبونەوەی داواکاری لە سەر نەوتی اوبك لە پاش ساڵی ١٩٩٠ ناردنە دەرەوەی نەوت بە ڕێژەی ٥٠٪ دەبات لەوکاتەی کە لە کوتایی ساڵی ١٩٨٥ دا ٣٣٪ بوو.

ئاژانسی ووزەی دەوڵەتی ڕای گەیاند، کە بەکار بردنی نەوتی جیهانی لە چارەکی ئەم سەدەیەدا بەرزبونەوەیەکی ڕێژە ٣,٥٪ تا ٤,٥٪ لە چاو ساڵی ١٩٨٥ دا بە خۆیەوە دەبینێ. تا وڵاتانی پیشەسازی نەوت زیاتر بەکاربهێنن بەهەمان ڕێژە زێدەی نەوتی وڵاتانی اوبك کەم دەبێتەوەو بگرە لە ساڵەکانی ١٩٩٠ دا یارمەتیەکانیان بۆ وڵاتانی پیشەسازی کەم دەکەنەوە.

لە لایەکی ترەوە پەیمانگای ئابوری ووزە لە «طوکیو» لیکۆڵینەوەیەکی سەراپاگیری بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری بارودۆخی ئێستای بازاری نەوت لەسەر ئابوری جیهان و یارمەتی ووزەی پاشەڕۆژ نیوان ١٩٩٠ و کۆتایی ئەم سەدەیەی خستە ڕوو، تیایدا چوار نرخی نەوتی تا پاشەڕۆژ کە ٢٥ دولار/ ٢٠ دولار، ١٥ دولار/ ١٠ دولار) بۆ هەر بەرمیلێك بوون داناو لیکولینەوەکە ٤ پێشنیاری سەرەکی خستە ڕوو کە بریتی بوون لە

١ ـ لە جیهاندا داواکاری نەوت بەرز دەبێتەوە بەبێ کاریگەری ڕادەو شیوەکانی نرخ. لە ساڵی ١٩٩٠ دا داوا کاری لە نیوان ٤٨,٢ ملیون بۆ ٥٥,٣ ملیون بەرمیل دەبێت بۆ هەر ڕۆژێك و پاش ساڵی ١٩٩٥ داوا کاری نەوت لە ٥١ ملیون بەرمیلەوە دەگاتە ٦٤,٤ بەرمیل لە هەر ڕۆژێکدا.

٢ ـ کەمکردنەوەی خەرج کردن لە کرداری دۆزینەوەو پەرەپێدان و داخستنی بیدە بەرهەمدارە نا ئابوریەکان بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتانی دەرەوەی اوبك بەرێژەی ٢,٥ ملیون بەرمیل بۆ ٦,٣ ملیون بەرمیل لە هەر ڕۆژێکدا بۆ ساڵی ١٩٩٠ و کە مبونەوەی بەرهەمهێنان لە ٤,٤ ملیون بەرمیل بۆ ١٠,٧ ملیون بەرمیل لە هەر ڕۆژێکدا بۆ ساڵی ١٩٩٥ کەمدەکاتەوە.

٣ ـ چەند ئاستی نرخی نەوت نزمبێتەوە هێندە داواکاری لە سەر سەرچاوە جێگرەوەکانی ووزە کەمدەبێتەوە سەرەنجام لە ساڵی ١٩٩٥ دا بەکار هێنانی نەوت نزیکەی ٣,٣ ملیون بەرمیل لە هەر ڕۆژێکدا زیادەکات لەو ساتەی کە نرخی نەوت ١٥ دولار بێت بۆ هەر بەرمیلێك، خۆ ئەگەر ١٠ دولار بێت بەکارهێنانی نەوت نزیکەی ٧,٦ ملیون بەرمیل لەهەر ڕۆژێکدا.

٤ ـ ساڵی ١٩٩٠ داواکاری نەوتی اوبك لە نیوان ٢٠ ملیون بەرمیل بۆ ٣٣,٢ ملیون بەرمیل دەبێت لە ڕۆژێکداو ساڵی ١٩٩٥ یش لە نیوان ٢٢,٨ ملیون بەرمیل بۆ ٤٦,٧ ملیون بەرمیل دەبێت و پشت بە ئاستی نرخ دەبەستێت.

هەروەها ووزەی بەرهەمهێنانی وڵاتانی اوبك دەگاتە نزیکەی ٣٠ ملیون بەرمیل بۆ هەر ڕۆژێك کە ئێستا کە لە ١٧ ملیون بەرمیل بۆ هەرڕۆژێك تێ ناپەڕێت.

پەیمانگای ئابوری ووزەی یابانی وارادەبینێ کە هەرچەندە سەرجەمی داواکاری نەوت و نرخی ناواقعیانە لە گۆڕ بێت، نرخی نەوت هەر لە ١٥ دولار بۆ بەرمیلێك ناوەستێت، بەڵکو پاش ساڵی ١٩٩٠ دەستدەکاتەوە بە هەڵکشان و دەشچێت لە ساڵی ١٩٩٠ دا بگاتە ٢٣,١٨ دۆلار لە ساڵی ١٩٩٥ دا بگاتە ٢٨,٢٢ دولار بۆ هەر بەرمیلێك.

ڕێکخراوی اوبك ئێستا هەوڵدەدات پارێزگاری لە بنەمای بریاردراوی بکات و بیسەلمێنێت کە چاکبونی بواری ئابوری، داواکاری جیهان بۆ نەوت بە تایبەتی لە کەرتی گواستنەوە زیادەکات و داهاتی وڵاتانی دەرەوەی اوبك کەمدەبێتەوە ووڵاتانی «اوبك» پش ڕاستدەبنەوە بۆ دوبارە زالبونیان بەسەر بازاری نەوتی جیهاندا و نرخی نەوتیش بلە پلە بەرز دەبێتەوەو تا دەگاتە ئاستە گونجاوەکەی، کەواتە بەحاڵە یەکسەر یا بە کۆتایی ئەم ساڵ نرخی بەرمیلێك نەوت بگاتە ٢٨ دولار.

ودرکیرانی کولە تیزرزاد

لە ڕۆژنامەی الجمهوریة ژمارە ٦٢٥٥
١٩٨٦/١٠/٢٦

Institut Kurde de Paris

ژ چالاکیێت رەوشەنبیریا جەماوەری لدهوکێ

وصفی ردینی
فرع دهوك

خەلەکەکا ڤەکولینێت رەخنەیی

ژ بزاڤێت رێڤەبەریا رەوشەنبیریا جەماوەری لپارێزگەها دهوکێ لرێکەفتنا ١٩٨٦/١٢/٣ ئو بو ماوێ سێ رۆژا خەلەکەکا ڤەکولینێت رەخنەیی هاتە سازکرن.

ئەڤجا لشیفاریا رۆژا ١٩٨٦/١٢/٣ لهولا چالاکیێت خاندنگەهاو ب حازربونا بەرێز نوینەرێ پارێزگارێ دهوکێ و هەڤال نوینەرێ پارتا بەعسا عەرەبیا هەڤپشکی و هەژمارەکا تورەڤانا و بەرپسیارا و هەژمارەکا مەزن ژ جەماوەری رۆژا ئێکێ ژ ڤێ خەلەکێ هاتە ڤەکرن.

ب شێوەکی گشتی و پاشی کرە بەحسێ شێوازێ (اسلوب) کارئینانا ڤان هەردوو بابەتا دهەردوو چیروکا داو کاك کەریم گۆت «کاك جلال دچیروکا خودا رەڤین ئالوزیا چێکری وهزرا خوینده‌ڤانی‌داو مروڤەکێ جێکری وی مروڤی یێ خو بەردایەد دەرونێ وی‌دا.

پاشی هاتە لسەر چیروکا کاك (صبیح محمد) دا وگۆت.. سێ جارا چیروك نڤیسی ب کامیراخویا ئاشوپی‌و ئینێت کریارێت قارەمانێت چیروکێ لیت گرتی‌و گۆتی چیروکا کاك صبیح ژ رەنگێت چیروکێت تەم و مژە (ضبابی) یە..

بڤێ چەندێ ئەڤ کورە بدویماهی هات پشتی سەعەت و نیڤا کێشای.

ژ چالاکیێت ئێکەتیا تورەڤانا لدهوکێ

کۆرەك لسەر چیرۆکا کورت

لقێ دهوك

ژ بزاڤێت ئێکەتیا ئەدیب و نڤیسەڤانێت کورد - تایبێ دهوکێ.. لرۆژا ١٩٨٦/١٢/١١ کورەك هاتە سازکرن بۆ هێژا (کریم جمیل بیانی) لدور دوو چیروکێت کورت.

لپێشێ هێژا (محسن قوچان) رێڤەبەرێ کوری خێر هاتن ب حازرا کرو پاشی دەرفەت دا هەردوو چیروك نڤیسێت گەنج (جلال مصطفی) و (صبیح محمد) دا چیروکێت خو (رەڤین)و (بەرپەرك ژ دەفتەرا دا شکەستنا) بخوینن.. ئەڤجا پشتی هەردوو چیروك نڤیسێت گەنج چیروکێت خو خاندن.. گەلەگەشتە کاك کەریمی دا هەردوو چیروکا ژ لایێ ئاشوب و مونتاجاڤە ب هەلسەنگینیت.

کاك کەریم لپێشێ ئاخفت لسەر ئاشوپێ‌و سەرکەفتنێ کر بۆ سەیدایێت موحازر کوبشێن ب رێکا ڤێ خەلەکێ هەزروبیرو رەوشەنبیریا خو بکەهینە جەماوەری‌و بشێن خزمەتا پەیڤا کوردی بکەن.

پاشێ هوزانڤانێ بەرکەتی (صدیق شرو) رێڤەبەرێ روینشتنا ئێکێ دەرفەت دا سەیدا محمد امین ئوسمان) دا گوتارا خو ئەوا لژێر ناڤێ (رەخنە لنك ئەدیبێت دهوکێ) پێشکێش بکەت.

سەیدا محمد امین ئوسمان ئاخفت ب شێوەیەکێ گشتی لسەر رەخنێ‌و رەخنا کوردی‌و سەربورا وی دنڤیسینا رەخنێ‌داو بینینا وی بۆ رەخنا نهو دەهێتە نڤیسین ژ لایێ تورەڤانێت پارێزگەهێ. پاشی موحازرێ دووێ سەیدا (انور محمد طاهر) گوتارا خو ئەوا لژێر ناڤێ (نوی خازی‌و چەند هزرو بیر دەربارێ هوزانێ) خاندو تێدا هندەك سەخلەت و سیمایێت نوی خازیێ (الحداثە) د ئەدەبێ جیهانی‌دا روهنگرن و پاشی سەیدا کەنگەشەکر (سکڤان عبدالحکیم، حجی جعفر، انور محمد طاهر، عیدو بابە شێخ، زیدو باعەدری، صلاح شوان، عبدالرحمن مزوری، نجیب صالح، خالد حسین) ئو رۆژا سێی ژڤێ خەلەکێ یا هە ژی پێك هاتبو ژ دوو محازرا یا ئێکی سەیدا (عبدالرحمن مزوری) بو لژێر ناڤێ (چەڤەنگی دهوزانا کوردی)دا.. تێدا سەیدای کرە بەحسێ چەڤەنکێی (الرمزیە) لنك تورەڤانێت جیهانی‌و عەرەبی‌و پاشی هوزانڤان عبدالرحمن مزوری کرە بەحسێ چەڤەنگیێ دهوزانا کوردی‌دا یا کلاسیکی‌و یا هفچەرخ.

محازرا دووێ یا سەیدا (سکڤان عبدالحکیم) بو لژێر ناڤێ (رەخنە کلیا هوزانێ‌یە) و گۆت رەخنە ئەگەر نەبیتە کلیا هوزانێ هوزان پێش ناکەڤیت وکرە بەحسێ لاوازیا رەخنا کوردی. پشتی هەردوو محازرە بدویماهی هاتی ڤان هێژایا گەنگە شە کر:- محمد سلیم سواری، حجی جعفر، صلاح شوان، انور محمد طاهر، عبدالکریم فندی، محسن قوچان، محمدامین ئوسمان، بائیز عمر، نجیب صالح) هوسانێ وبڤان سێ رۆژێن پر ڤەکولینێت رەخنەیی لسەر تورێ کوردی.. ئەڤ خەلەکا ڤەکولینا بدیماهی هات... پیروزباهی بۆ رەوشەنبیریا جەماوەری لسەر ڤی کارێ پیروز وەمزن.

وصفی حسن
لقی دهوك

هاوکاری‌و هونەرمەندانی کورد

«ابراهیم حکیم»و.. کۆمیدیاو.. شتی‌تر

شێرزاد عبدالرحمن

هونەرمەند:

ئەکتەرێکی دیاری شانۆی کوردی‌یە لە شاری هەولێرداو بەشداری لە زۆربەی بەرهەمەکان کردووە لە ساڵی ١٩٧٥ ەوە

دیارترین بەرهەمە شانۆکەرییەکانی [کۆتایی ئازار، ئەنجام، بەرهەم، وێنەیەك لە رابردوو، داسەکەی شاسوار، ژانی گەرانەوە، چۆماڵ، رووناکی، مام حەسەنم دەگەڕێتەوە، مرۆڤ و ئازارەکانی، ئادابا، لۆ تێم ناگەن، محمدو سێوێ، قەلای دمدم، خانەدان، خاتوو کلاوزەر.. تا].

لە تەلەفزیۆن «خەج و سیامەند، تا بۆ هەقی چیە، گەرەکەکەمان،..تاد.

ئێستا ئەکتەرە لە تیپی رۆشنبیری جەماوەر لە هەولێر.

کۆمیدیا، ئەو دونیایە فراوانەی شانۆ، هەر تەنیا بریتی نیە لە کات بەسەربردن لە کاری هونەردا، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە وەکو هونەرێکی سەر بە خۆی گەورە خۆی دەنوێنێ.

کە باسی شانۆی کومیدیا دەکرێ لە شاری هولێردا، ناوی [ابراهیم حکیم]ێ کە وەکو ئەکتەرێك لە نیوان چەند دەورێکی کومیدی‌و بەر لەوەش لە چەند شانۆکەرییەك دا دەرکەوتووە.

کە رو بەرروی «ابراهیم حکیم» بووینەوە، یەکەم پرسیارمان ئەوەبو، کە ئاخۆ ئەم هونەرمەندە چۆن ئەروانێتە کومیدیا؟ لەوەلامدا ووتی:

* هونەری کومیدیا بەرای‌من هونەرێکی تەکنیکیە.. هەموو ئەکتەرێك ئەو جۆرە تەکنیکەی لە دەنگ و لەشدا نیە، بۆیە ناتوانێت کومیدی بگونجێنێ لە شانۆدا، وەك [بابەت] پش کومیدیا لە مەرگەسات و کارەساتەکان کەمترنین.. کەواتە کومیدیا لە بارە راستی‌یەکەی‌دا لە ناخی مەرگە ساتەکانی ژیان خۆی ئەدوێ.. هەلبەتە هەر تەنیا بۆ دروست کردنی پێکەنین نیە لە لای جەماوەر، بەلکو ئەگەر هاتوو لە پەنای کومیدیاوە شتێك نەگوترێ، راستی‌یەك دەرنەبڕێ، ئەوە ئەوکاتە کومیدیا زۆر بە ئاسانی پەیامی زیندووی خۆی لە دەست دەدات کە دیارە خزمەتی گەورەی مروڤەو لە پێناو بەختەوەری ئەودایە..

* کەوابێ، بەرای‌تۆ، شانۆی کوردی، تا چ رادەیەك توانیویەتی [کومیدیا]ی راستەقینە دەربڕێت؟!

* قات و قری‌و نەبوونی دەقی کومیدی سەرکەوتوو دەرهێنەری پسپۆڕ بەم لایەنە بووە لە دیارترین کۆسپ لە سەر هەلدانی ئەم لایەنە پیۆزەی شانۆ، لەبەر ئەوە شانۆی کوردی نەیتوانیوە لایەنی کومیدیا بە شێوە گەورەکەی خۆی بخاتە روو، ئەمەش وەکو راستی‌یەك لە بڕووبتەوەی شانۆی کوردی‌دا دەرئەکەوێت...

* ئەمەیان راستە.. بەلام چۆن ئەتوانین لە دیارترین گیروگرفتەکانی شانۆی کومیدی کوردی بیبەین؟!

* لەمەدا یە پلەی یەکەم، ئۆرسەرانی کورد بەرپرسیارن، کە تا ئێستا هەولیان نەداوە شانۆی کوردی لەم رووەوە رزگار کەن، واتە دەقی ئەوتۆیان نەهێناوەتە بەرهەم بۆ لە دایك بوونی کومیدیا.. تەنیا چەند نووسەرێك نەبێ کە بەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێن.. هەر بەوەندەش ناوەستن و، هەتا نایەنە دیتنی بەرهەمە شانۆییەکان نازانم بۆ!!

* کوانێ رەخنەگری شانۆی کومیدی؟!

* ئەمەشیان لایەنێکی فەرامۆش کراوی گەورەیە لە بزوتنەوەی شانۆی کوردی بەگشتی‌و ـ کۆمیدیا ـ بە تایبەتی‌و بویە بە دڵنیاییەوە دەڵێم، ئێمە، رەخنەگری ئەکادیمیمان لە بواری شانۆدا نیە.. چونکە کاری رەخنەگر هەر تەنیا بریاردان نیە.. بەلکو تەواوی شارەزابوون و بەسەرکردنەوەو تێ گەیشتن دنیای شانۆ شارەزابوونە لە هونەری شانۆ وقوتابخانەکانی‌و کە لە پوورو زمان و هەرچی ووردو درشتی ئەم هونەرمەگەورەیە هەیە.. رەخنەگری شانۆ، پێویستە فێڵ لە خۆی‌و لە کەس نەکات، هەروەها لە کاتی نووسینی رەخنەدا عاتیفی نەبێ‌و، مەسەلەی براەرایەتی‌و دۆستایەتی بخاتە لاوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی لە نووسینی رەخنەدا لایەنی [بابەتی] نەخاتە پشت گوێ کە رەگەزێکی زیندووە لە هەلسەنگاندنی کاری شانۆدا.. ئەگەرنا.. لە نووسینەکەدا تاوان بەرامبەر ب ئەکتەران دەکات.

* کەواتە ئەوانەی رەخنە دەنووسن، چۆن بەرهەمیان لێك ئەدەنێتەوە؟!

بەش بە حاڵی خۆمن، زۆر بە هیوام رەخنەگری باشمان هەبێت، تاکو شانۆی باشمان هەبێت، ئاواتیشمانە شانۆی کوردی‌و دەق ورەخنەمان لە ئاستی گەورەدابن، ئەوانەی رەخنە نووسن، ئاڵێم رەخنەگرنین، بەلام دەتوانم بڵێم رەخنەگری ئەکادیمی نین.. شانۆی کوردی گەلێك بە پەرۆش لە دایك بوونی ئەو رەخنەگرە بەتوانایانە هەیە لە پێناو زیاتر گەشانەوەی.

* تۆ، وەك ئەکتەرێك. چۆن بەراوردی کومیدیاو تراژیدیا ئەکیت و چۆن خۆتیان تێدا ئەبینی؟!

خۆت دەزانی تراژیدیا هەوڵی ئەوە دەدات کە بتگرینێ.. کومیدیاش

هەوڵ دەدات بە خۆت و مەرگە ساتەکان پێ بکەنی.. من ئەکتەرم لە بەردەم [دەرهێنەر]دا، بۆیە ئامادەم وەك ئەکتەرێك لە هەردوو باردا دەوربینم.. بەلام لەگەڵ کومیدیا ئاشناترم و زووتر ئەخروشێم.

* بەرای تۆ، ئێمە، ئەکتەری کومیدیامان هەیە بە ناوە راستەقینەکەی خۆیەوە؟

بەڵێ ئەکتەری کومیدیامان هەیە...

لەگەڵ ئەوەش.. جێی خۆشبەختی‌یە کە شانۆی کوردی‌و تەلەفزیۆن توانیویەتی تا ئێستا چەند بەرهەمێك بگرێتە باوەش.. وەکو [لانەوازان]و [پیسکەی تەپپر]و [هەبوو نەبوو] وتاد. کە هەریەکەیان لای بینەران زرخێکی خۆی هەیەو لەم بەرهەمانەدا چەند ئەکتەرێك لە بواری کومیدیا توانیویانە بوونی خۆیان بسەلمێنن.

* دوا بەرهەمت؟!

شانۆگەری [راوچی] کە دەوری [دنیۆ]م بینی...

دگەل وەرگرێ خەلاتێ سەروکێ قوماندار

وصفی ردینی
لقی دهوك
١٩٨٦

ژ بەری چەند هەیڤا کوچکا سەروکاتیا کومارێ فەرمانەك ئاراستەی ئێکەتیا نیشتیمانی یاقوتابیاو لاوان کر، کو ئێکەتی داخازێ ژ هەمی قوتابیێت عیراقێ بکەت کو هەر ئێك لدویف شیانا خو هەول بدەت لێکولینەکێ بنڤیسیت و ئەڤ لێکولینە ئەول جار لسەر مەودایێ (مستوی) خاندنگەهێ بێتە هەلسەنگاندن و پاشی لسەر پارێزگەهێ بێتە هەلسەنگاندن و ئەگەر یاباش بێتە خەلاتکرن و پاشی لسەر مەودایێ هەمی عیراقێ بهێتە هەلسەنگاندن و دەهێت سەرکەفتی بێت ئێکەمین دێ هێنە خەلاتکرن ژلایێ سەروکێ کومارێڤە. ئەڤجا لدویف ڤی نەخشی هێژا «قیران فرج عبدال»قوتابێ پولا سێی لئامادەیا باررگانی لدهوکێ ئێك بو ژ وان دەهـ کەسێت سەرکەفتی لعیراقێ، ئەوێت هاتینە خەلاتکرن ل ١٩٨٦/١١/١١ ژلایێ سەروکێ قوماندار (صدام حسین) ڤێجا بۆ زێدەتر شەهرەزایی دەربارێ بابەتێ لێکولیناوی وخەلاتکرنا وی‌مە ئەڤ چاڤپکەتنە دگەل هێژا قوتابی (قیران فرج) کر:-

پ - سەرەتا ڤێ سوحبەتێ چاوا بو؟

ب - سەرەتا بابەتی دەستپێکر دەمێ روژەکێ سەیدا «جولی علی سعید» ماموستایێ بابەتێ ئابووری لئامادەیا بازرگانی لدهوکێ داخاز ژقوتابێت ئامادەیێ کر کو هەر ئێك لێکولینەکێ بنڤیست دا پشکدارینێ بکەین د بەرێکانا ئێکەتیا نیشتمانی‌یا قوتابیاو لاوان لپارێزگەهێ، ئەڤجا لئامادەیا مە من وڤان خویشکا «ئاواز ابراهیم ئامێدی، هلز خالد طیب ئامێدی، دیار عبدالقادر ئامێدی، آسیا مصطفی» پشکداری کر و ئەم لپارێزگەهێ سەرکەفتین.. ڤێ سەرکەفتنێ ئەم پالڤەداین کو خو زەحمەت بدەین بۆ بەریکا قوتابێت هەمی عیراقی یا لێکولینا، پشکدارینێ بکەین ئەڤجا لدهوکێ ئەزو خویشکا «هەلز خالد طیب ئامێدی»

پشکداربون لبەرێکا ئێکەتیا قوتابی‌و لاوێت عیراقێ یا تایبەت بو لێکو لینیت پسپورو لێژنەکا بالا ژ کوچکا سەروکاتیا کومارێ پێك هات و لێکولینێت قوتابێیت هەمی عیراقێ هەلسەنگاندن و پشتی هەلسەنگاندنێ نافێت دەهێت سەرکەفتی ئەشکەرا کرن... نافێ من ژی ئێك بو ژوان دەهـاو ئەو بو پاشی ئەم هاتینە خەلاتکرن ژلایێ سەروکێ قوماندار «صدام حسین.»

پ - بابەتێ لێکولینا تە چ بو؟

ب - بابەتێ لێکولینا من لژێر ناڤێ «بەلێ بو بەلێ.. نەء بو نەء دهونەرێ رەبەریا شولی‌دا» یانکو - نعم نعم ولا للا فی فن ادارة الاعمال - نیڤەکا لێکولینا من ژ من بوو نیڤادی ژ چەند پەرتوکێت دی من ئامادە کربو، هەر وەسا لێکولینا من ژ دەهـ وەرزا پێك هاتبوو بشێوێ گشتی لێکولینامن لسەر کاری بو وپێشکەفتنا وی لجیهانی‌و تیبینێت من بو سەرکەفتنا کاری لعیراقێ.

پ - تە چ هەیە بێژیە هەڤالێت خو بێت قوتابی؟

ب - لپێشێ من دڤێت بێژم کو ئەڤ خەلاتکرنە ژ لایێ سەروکێ قوماندار ڤە پالڤەدانەکا مەزنە بۆ مەو هەمی چینا قوتابیاو بئانەهیا خودێ دێ پتر خوماندی کەین وخزمەتا وەلاتی کەین و من دڤێت بێژمە قوتابیا پتر بخوینن و خو ماندی بکەن و پتر بایەخێ بدەنە زانستی‌و خامەی چنکو خامەی دەورەکی گرنگی هەی وڤان بارو دوخدا.

Institut Kurde de Paris

چەند تێبینی‌یەك لەسەر (دیوانی حاجی قادری کۆیی چاپی ١٩٨٦)

نووسینی/ ئەکرەم رەشید حەسەن ئاکرەیی

دیوانی حاجی قادری کۆیی (لیکۆلینەوەو لیکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزاو پێدا چوونەوەی مسعود محمد)م خوێندەوە، زۆر دڵشاد بووم بە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە نایابە، چونکە هەنگاوێکی بە نرخە بۆ پێشخستنی تۆری زمانی کوردیو کردەوەیەکی گران بەهایە لە ڕێگای پێ گەیاندنی هەوڵی ژیاندنەوەی ئەم تۆرەو ڕزگاركردنی لەناوچوون، ئەمەش ئاواتی هەموو تۆر دۆستێکی دڵسوزە.

ئەم چەند دێڕەی لاپەڕە (٧)م کەوتە پێش چاو کە نووسراوە: «لە کۆتایی‌دا رووی داواکاریو تکامان لە خوێندنەواران و شیعر دۆستان دەکەین کە هەر هەڵەو ناتەواویەکی لەم دیوانەدا هەست پێ دەکەن باڵە رووی دڵسۆزیو خزمەتگوزارییانەوە بۆ زمان و ئەدەبی کوردی ئاگادارمان بکەنەوە هەڵەکانمان بۆ دەست نیشان بکەن، تاکو لە دوا ڕۆژێکی نزیکدا لە چاپی نوێی ئەم دیوانە داراستیان بکەینەوە»

منیش پاشی خوێندنەوەی ووردی دیوانەکە، بەپێی زانینی خۆم و توانای خۆم ئەم چەند دێڕەم نووسین کە بریتین لە چەند تێبینی‌یەك لەسەر ئەم دیوانە بەو ئومێدەی (ئەگەر سوودیان هەبێ، سوودی لێ وەربگرن لە دوا ڕۆژدا، مەبەستم بەشداری کردنە لە سوود گەیاندن بە تۆر و زمانی کوردیو هیچ مەبەستێکی تریشم نیە.

تێبینی‌یەکان

١ ـ پەراوێزی (٥٥) لە لاپەڕە (٤٠)دا نووسراوە «ئەم دێرە شیعرەشمان لەسەر دەقی (کاروان)ی ژمارە (٣) راست کردەوە» ئەوەی شایەنی باسەو ڕوون کردنەوەیە، هەڵەکەی نەنووسراوە کە خوێنەر بزانیت چۆن راست کراوە؟ جگە لەمە بووچی بوویتە سەرچاوەی راست کردنەوە؟

٢ ـ لە هەمان لاپەڕەدا پەراوێزی (٦٤) دا نووسراوە: «لە دەقی (گ.م) دا (چاوی بێوشن) هاتووە. کراوە بە (دیدە بێوشن). لەبەرچی ئەم دەستکاری کراوە؟ بۆچی چاو بێوشن نەبێت؟ دیدە بێوشن بێت؟ ئەمە ڕوون نەکراوەتەوە. هەمان پرسیارو تێبینی لەسەر پەراوێزی ژمارە (٧١) کە نووسراوە لە دەقی (گ.م) دا لە جیاتی (ژیشك) (ژووشك)... هاتووە، ڕوون نەکراوەتەوە بۆچی ژیشك بێت؟!

٣ ـ لە پەراوێزی (٨٢)دا لاپەڕە (٤١)دا نووسراوە «ئەم نیوە دێرە شیعرە لە دەقی (گ.م) دا بەم جۆرە هاتووە:

ئەمین بەوایە نەصیب وگەر یەکێ وابێ ڕوون نەکراوەتەوە کە بۆچی ئەم دەقە راست نیە؟ ئایا کێشی دێرەکە تێك دەدات یان واتەی ناگونجێ باشتربوو ئەم گۆڕینە ڕوونبیوایە! هەروەها پەراوێزی (٨٤) دیسان گۆڕینەکەی ڕوون نەکراوتەوەو لەبەرچی پەسندکراوە؟

٤ ـ پەراوێزی (١) لاپەڕە (٤٥) دا نووسراوە «لە دەقی (گ.م) لە جیاتی صەففی موژگانی (تیبی موژگانی) هاتووە». ڕوون نەکراوەتەوە کە بۆچی تیپ بوویتە صەفف؟

٥ ـ پەراوێزی (٣) لاپەڕە (٥٠)دا نووسراوە «بۆ راست کردنەوەی ئەم نیوە دێرە پشتمان بە دەقی (م.ر.س) بەست» ڕوون نەکراوەتەوە ئەم راست کردنەوە چۆن بوە، واتە هەڵەکە چ بووە؟ ولەبەرچی پشت بۆ راست کردنەوەی بە دەقی (م.ر.س) بەستووە.

چەند باش بوو ڕوون بکرێتەوە؟ هەروەها هەمان پرسیار لە بارەی لە پەراوێزی (٤) لە هەمان لاپەڕەدا.

٦ ـ پەراوێزی ٤ لە لاپەڕە (٥٤) دا نووساروە «لە دەقی (گ.م) دا نووسراوە (بایی صەبا).» ڕوون نەکراوەتەوە لە بەرچی بوویتە بادی صەبا؟

٧ ـ پەراوێزی (٠١ لە لاپەڕە (٥٦)دا نووسراو: «سەرەتای ئەم هەڵبەستەمان لەسەر دەقی (م.ر.س٠ راست کردەوە» ڕوون نەکراوەتەوە لەبەرچیو هەڵەکان چین؟

٨ ـ پەراوێزی ژمارە (١) لە لاپەڕە (٥٩)دا نووسراوە «ئەم نیوەدێرە بەپێی دەقی (م.ر.س) نووسی» ڕوون نەکراوەتەوە لەبەرچی؟ هەروەها لە پەراوێزی ژمارە (٣) ڕوون نەکراتەوەتە کە بۆچی (کون، کون) نەبێت، کوت، کوت، بێت؟!

هەروەها لە پەراوێزی ژمارەی (٤) لە هەمان لاپەڕەدا نەنووسراوە لەبەرچی (سەد دەفعە) بێت (سەد کەرە) نەبێت. دەستەواژەی (سەد کەرە) حاجی قادری هۆزانڤانمان لە هۆنراوەی لاپەڕە (٧١) (لەگاوان و شوانی کوردەکان) بەکاری هێناوە کە دەڵێت: لەگاوان و شوانی کوردەکان یەك بەسە بۆ لەشکری سەد کەرە دوولەك.

٩ ـ پەراوێزی ژمارە (١١) لاپەڕە (٧٠)دا نووسراوە «لەك لەك بە دوو مەعنا هاتووە، یەکەمیان بەمانای حاجی لەك لەکەو دوومیشیان خانەیەکی ژمارەیی‌یەو دەکاتە صەد هەزار». وابزانم لێرەدا هەر واتەیەکی هەیە نەك دوو ئەویش حاجی لەگ لەگە و (گ) کراوە بە (ك) لەبەر سەروای شیعرەکە، عاشیق چۆن نیشتووە؟ وەکو (حاجی لەك لەك)، واتەی دووەم هیچ جێگای نابیتەوە لەم دێرە هۆزانەدا.

١٠ ـ لە پەراوێزی ژمارە (١٠) هەمان لاپەڕەدا نووسراوە «لە هەندێ دەق دا لە جیاتی (بەلەك و). کەمەرەو، لە جیاتی (زەندی) کوڵی هاتووە» لە بەرچی کەمەر کۆراوە بە (بەلەك)، ڕوون نەکراوەتەوە، ووشەی (کەمەر) گونجاوترە چونکە لە کوردەواری‌دا بەلەکی ئافرەت داپۆشراوەو نادیترێت بەڵام کەمەری دیارە هەروەها کوڵم بەرچاوە.

١١ ـ پەراوێزی (٦) لە لاپەڕە (٧٢)دا نووسراوە: «لە دەقی (ع.س)دا (ژێرکا) هاتووەو لە دەقی (گ.م) دا (نێوکا) نووسراوە، بەڵام ئێمە لەسەر دەقی (م.ر.س) مان نووسی چونکە باشتر لەگەل زمانی شیعری حاجی دەگونجێت». خۆی دەستەواژەی (ئاگری بن کا» لە زمانی کوردی بەکار هێنراوە نەك (نێوکا) یان (ژێرکا)و کوردی‌یەکە وایەو بەلای ئێمەو هیچ پەیوەندیەکی لەگەل زمانی شیعری ئەم هۆزانڤانە گەورەیە نیە، کابرا کوردەو بە زمانی کوردی نووسیوە، هەر کوردی زانێك بەم شیوەیە بەکاری دێنێت: دەڵێت ئاگری بن کا نالێت ئاگری ژێرکایان نێوکارو ئەم دەستەواژە بۆ خەبات و کاروکردەوەی نهێنی کاریگەر بەکار دێت.

١٢ ـ پەراوێزی ژمارە (٢) لاپەڕە (٧٤)دا بەحری پرغەم کراوە (بەحری گریەم) وابزانم ئەم گۆڕینە پێویست نەبوو چونکە (بەحری پرغەم) زۆرتر دەگونجێت لەگەڵ شیعرەکەدا.

١٣ ـ پەراوێزی (٣)دا زمان کراوە بە (زوبان) بەوچی؟ هۆی چی‌یە؟

١٤ ـ پەراوێزی (١٢) و (١٣) ی لاپەڕە (٨٠)دا نووسراوە «لە دەقی (گ.م) دا لە جیاتی (حیجازە) ووشەی (گۆیە) نووسراوەمەبەستی لەناو هێنانی (صەبا)و (راست و (حیجاز) باس کردی ناوی مەقامەکانە نەك مەبەستی لە مەقام (مەکان) بێو لە جیاتی بڵێ جێگەری راستی حیجازەیان کۆیەیە.» وابزانم ئەم بۆ چوونە راست نیە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە: ـ

ا ـ عیراقی بێ نەوان واتە هەژارو دەربەدەرن و ڕەوشتیان ناگونجێ لەگەل ئەم ڕۆژگارە، لێرەدا پەریشانی خۆی پیشان دەدات.

ب ـ ئینجا وەك (صەبا = سەبا) بایی بەیانیان هەستە ئەی دڵ بنۆرە شوێنی راستی حاجی کە (کۆیێیە).

ج ـ ئەگەر یاری دڵم ببینێت. مەبەستی ئەم دێرە هۆنراوە (پێ گووتنی یارە = غەزەلە) وپێشاندانی بێزاریو پەریشانی خۆی لە ڕۆژگاری دەربەدەری‌دا. چونکە دەڵێت (وەك صەبا) هەستە، جگە لەوەی کە ووشەی (صەبا = سەبا) حاجی هەستیاری مەزنمان دیارە بەکاری هێناوە لە شوێنێریش وەکو لەم دێرە هۆنراوەدا (لاپەڕە ١٣٢) دا هاتووەو بە دیاردەکەوێت کە دەڵێت: ئەی سەبا یارم ئەگەرپرسی لەحاڵم پێی بڵێ

مابوو تا ئەو وەقتە هاتم وا دەزانم مردووە! هەروەکو ئەم جۆرە کارهێنانە لە هونراوی شێخ ئەحمەدی جزیریش بەرچاودەکەوێت: ئەی نەسیمێ سەحەرێ.. لێرەدا مەبەستی ئەی بایی سەبایە چونکە بەندە لەگەل ویستنی یار بۆ چوونی لای شوێنی راستی‌یەکەی (حاجی) ودیدەنی چونکە دەڵێ (گەر دەچێ یارم) چوونی یار هیچ پەیوەندی لەگەل مەقامی حیجازو صەبا و چوارگاەو پێنج گاە نی‌یە!! چوونی یار بۆ شوێنە نەك بۆ گۆرانی. دیسان ئەم کارهێنانە زۆر لە هۆزانی ئەم هۆزانڤانە مەزنە دێتە پێش چاو وەکو هۆنراوی لاپەڕە (١٠٩،٩٧،٣٤) داو لە خوارەوەدا دەخەینە پێش چاو:

١ ـ صەبا دەزانی ژیانم لە دووریان مەرگە دەسا وەرە بە کزەی خوت خجل بکە عیسا (لاپەڕە ٣٤) ئەگەر تەماشای پەراوێزی (٤٨) لاپەڕە (٣٩) بکەین، دەبینین کە ووشە (کزە): کزەی بایەو شنەی بایە.

٢ ـ صەبا موسەللەمی ئافاقە قاصیدی غورەبای ئەنیسی یاری‌یو هەمرازی عاشیقی غەمگین. (لاپەڕە ٩٧) وابزانم ووشەی (یاری‌یو) هەڵەی چاپە دەبوایە (یارو) بیت.

٣ ـ فیلجوملە وەکوو خاڵی روخی دولبەرێ حاجی دڵ پەستە، دەسا بادی صەبا هەستە مەلەرزە! هەر لێرە هەتا دەشتی بەهەشت ئایینی لاجان ئاهێشتە بڕۆ نەك وەکو دیوانەین هەرزە! (لاپەڕە ١٠٩)

١٥ ـ پەراوێزی ژمارەی (٤) لاپەڕە (٨٩) نەزانراوە هی چی‌یە ووشەی (مزگەوت) گۆڕاوەو (مەسجید) لە جیاتی نووسراوە هەروەها ئەو گۆڕینەی کە باس کراوە لە پەراوێزی (٥) چونکە دەقی (گ.م) گونجاوترە. دیسان گۆڕینی ووشەی (کار) بە (حاڵ) لە پەراوێزی ژمارە (٧) لە هەمان لاپەڕەدا بۆچی کراوە؟ ڕوون نەکراوەتەوە. هەروەها بۆچی ووشەی (ئەژمار) گۆڕاوە بە ووشەی (تەعداد) لە پەراوێزی (٢٤) لاپەڕە (٩٠) ڕوون نەکراوەتەو. هەر وەها ووشەی (غیرەت کەش) گۆڕاوە چونکە لەگەل زمانی سەدەی نۆزدەهەمدا دەگونجێ، وابزانم ئەم هۆیە لە جێگای خۆی نی‌یە.

١٦ ـ پەراوێزی (٢) لە لاپەڕە (٩٢)دا نووسراوە «لە دەقی (گ.م) دا لە جیاتی (بە هەیئەت تێ گەییم بەرەنگا تێی گەییم هاتووە. ڕوون نەکراوەتەوە (رەنگ) بۆچی کراوە هەیئەت هەروەها ووشەی (جێ) گۆڕاوە بە (لا) پەراوێزی (٣) هەمان لاپەڕە بۆچی؟ هەروەها ووشەی (گریان) کراوە بە (ئەفقان) پەراوێزی (٤) هەمان لاپەڕە.

١٧ ـ پەراوێزی (١٠) لاپەڕە (٩٣) ووشەی (برادەر) گۆڕاوە بە ووشەی (عەزیزم) هۆی چی‌یە؟

١٨ ـ لە دێری هەفتەمی لاپەڕە (١٠٣) ووشەکانی (بەدونیکت) نووسراوە، ئەمە بەلای منەوە هەڵەیە راستی‌یەکەی (بەدی‌و نیکیت) ن چونکە (بەد، نیك) ئاوەڵناون ناوەکە (بەدی، نیك)یە دەگونجێ لە گەل واتای هۆزانەکەی بەڵام ئاوەڵناو ناگونجێت.

١٩ ـ پەراوێزی (١) لە لاپەڕە (١٣٢)دا نووسراە: «ڕووبین تەن: ئەو پاڵەوانە بە هێزەیەکە تیغ کار لە جەستەی ناکات.»

ڕووبین تەن ووشەیەکی ناسادە بە واتە لێکدراوە ب لە دوو ووشە پێك هاتووە: ١ ـ ڕووبین وەکو بیستوومە لە کوردی‌دا بە (ئاسن) دەڵێن، بۆیە ووشەی ڕووبین تەن دەبێتە تەنی وەکو ئاسن بەهێز کە تیغ کاری لێ ناکات، ئەم ڕوون کردنەوەش لە پاڵی بنووسرێت باشە.

٢٠ ـ پەراوێزی (٥) لاپەڕە (١٩٧)دا نووسراوە: «لە دەقی (گ.م) و (م.م) ئەم نیوە دێرە بەم جۆرە هاتوە.

(کوردن لە شوێنی جەددی خۆیان) هۆی گۆڕینی (لە شوێنی) بە (لەمەکان) چی‌یە؟ ڕوون نەکراوەتەوە! هەر زمانی سەدەی نۆزدەهەم نەبێ!!

٢١ ـ پەراوێزی (٢) لە لاپەڕە (٢٠٧)دا نووسراوە: «لە دەقی (گ.م)دا لە جیاتی فەردەکی) نووسراوە (تاکەکی)». بۆچی ئەم گۆڕانە بوو؟ تاك بووتە (فەردە) هۆی چی؟

هەروەها لە پەراوێزی (١٢)ی هەمان لاپەڕەدا (خاوەند) کراوە (صاحێب) لە بەرچی؟ دیسان زمانی سەدەی نۆزدەهەمە؟

٢٢ ـ پەراوێزی (١) لاپەڕە (٢٢٧)دا نووسراوە: «شەهەوار: ووشەیەکی لێکدراوی فارسی‌یە بەمانای شاسواردێ حاجی لە سەدەی نۆزدەهەمدا زمانی ئەدەبی فارسی ئامێزبووە. هەندێ نووسەر وەکو زمانی ئەدەبی ئەمڕۆ دەیکەن بە (شاسوار).

لێرەدا دوو ووشەم هەیە شایەنی باسە لەباری ئەم پەراوێزە یەکەمیان: لێکدراوی کوردی‌یە لە دوو ووشەیێك هاتووە.

(شەهـ) یان (شا) کە گەورە ئەگەینێ وەکو شامار واتە ماری گەورە، دەڵێن کەزی وەکو شەهمارانە واتە درێژن ووشەی (سواری)ش دیارە.

دووەمیان کە ووشەیەك کوردی بێت بۆچی بڵێن فارسی‌یەو (حاجی) لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەکاری هێناوە؟!

٢٣ ـ پەراوێزی (٦) لاپەڕە (٢٤٨) دا هاتووە: «لە دەقەکانی (ع.س)و (گ.م) و (م.ر.س) دا ئەم دێرە شیعرە بەم جۆرەی خوارەوە هاتووە: لەبەر پیری ئەوەندە بێ حەواسم

دەڵێی ئەرکانی ئیسلامی نەناسم

بەڵام ئێمە لەسەر دەقی (م.م) تۆمارمان کردو خستمانە ناو قەصیدەکە بروانە..»

بەلای منەوە، دەقەکانی سەرەوە، راسترن، چونکە واتای ڕوونەو ئاشکرایەو دەربڕینی بێچارەیی پیری زۆر جوان هاتووتە پێش چاو، دەقیتر کە تۆمارکراوە، هیچ واتەیەکی نی‌یەو نازانم لەبەر چی خراوەتە ناو هەلبەستەکە، تۆخوا دەقی «دەڵێی ئەرکانی ئیناسم» چ رادەگەیینێ؟ وچ پەیوەندیەکی هەیە لەگەل بێچارەیی وپەککەوتنی پیری؟

٢٤ ـ پەراوێزی (٢١) لاپەڕە (٢٤٩)دا هاتووە: «لەدەقی (م.م)دا ئەم نیوە دێرە بەم جۆرە هاتووە «لە کوردستان بناغەی عیلمی دانا» بەلام لە دەقەکانی (ر.م.س) و (گ.م) و ع.م.ن) دا لە جیاتی (بناغەی) (ئەساس) هاتووە ئێمەش لەناو ئەم قەصیدەمان تۆمارکرد چونکە باشتر لەگەل زمانی ئەدەبی سەدەی ڕابوردوودا ڕێك دەکەوێ.»

بەلای منەوە هۆی ئەم گۆڕینە لە جێگای خۆی‌نی‌یە، چونکە خاوەنی هەلبەستەکە کوردەو بە زمانی کوردی نووسیوە، ئەگەر ووشەی کوردیش هەندێ جار بەکاری نەهێناوە، ئەمە هۆیەکیتر هەبووە، لێرەدا جێگای ڕوون کردنەوە نی‌یەو هیچ ئەم گۆڕینە لەگەل زمانی چەرخی ڕابوردوو پەیوەندی نی‌یە، هەستیاری مەزنمان (حاجی) لە کوردیش دا کەزمانی خۆیەتی زۆر شارەزا بووەو شانازی پێوە کردووەو لە دێری خوارەوەدا بۆ یەك مەبەست ووشەی کوردی و عەرەبی بەکاری هێناوە ئەم هەر دوو ووشانەش ئەمانەن «وەقت کە عەرەبی‌یەو کاهی کە کوردی‌یەو».

تیژبین وەقتی ستەم گاهی کەرەم بێ بەسەرێ لەوەفاهیچ نەزانێ لە جەفا دانایێ (ل/١٧٧) جا ئومێدەوارین لە چاپی ئایندە بگۆڕدرێت و هەر ووشەی (بناغە) بێت باشترە.

هەمان هەڵە لە گۆڕینی دەستەواژەی (وەبەبیرت دێ (وەبیرت دێ) لە دەقەکانی (گ.م) و (م.م) بە (بەفیکرت دێ لە دەقەکانیترا و هیچ هۆیەکی ڕوون نی‌یە بۆ ئەم گۆڕین و دەستکاری‌یە، (هەر بەبیرت بێ) بمینیتەوە باشترە.

٢٥ ـ پەراوێزی (١٥) لە لاپەڕە (٢٦٢) دا خاك گۆڕاوە بە (ئەرز) هۆی چی‌یە؟

٢٦ ـ لەپەراوێزی (٥) دوا ژمارە (٤) لاپەڕە (٢٦٥)دا نووسراوە: «بەلام رستەی ناو دوو کەوانەکەمان بۆ ساغ نەکراوەوە...»

رستەی ناو کەوانەکەش ئەمەیە (بی ڕومێن). بەلای منەوە ئەگەر رستەکە بەشێوە نووسینی نوێ بنووسین دەبێتە (بێ ڕوومەتن) واتە بێ ڕێزن کە دەگونجێ لەگەل واتەی ئەم دێرە لە هونراوەکەدا. زۆرتر لەم بارەیەوە بدوێین: (بێ ڕوومەت) لە دوو ووشە پێك هاتووە یەکەمیان (بێ) یەو دووەمیان (ڕوومەت)ە: ڕوومەت: ڕوومو ڕوخسارە، بێ ڕوومەت بێ ڕووە واتە بێ ڕێزە، دەڵێ ڕوویان نەدایە واتە ڕێزیان لێ نەنا ئەو کەسە بێ ڕوومەتە واتە بێ ڕێزە. هۆزانڤانی مەزنمان (حاجی) ووشەی (ڕوومەت) لە هونراوەی خوارەوەدا بەکاری هێناوە (ل/٢٦٨).

ڕووی لە تەختی ڕوومەتت هێناوە بۆ شانت دەڵێن ماری سەر شانی (زوحاك)و دوژمنی تەختی جەمە!

٢٧ ـ ووشەی (بولهەوەس)ی نیوە دێری دووەمی هونراوەی لاپەڕە (٠٦٨)دا وابزانم (پر هەوەسە) چونکە ئەم ووشەیە زۆرتر دەگونجێ لەگەل واتەی هونراوەکە لە ووشەی (بولهەوەس) کە هیچ لەم شوێنە دا واتەی نی‌یە.

هەروەها ووشەی (هەتیویت) راست نی‌یە، هەڵەیە (لە دێری دوایی هەمان هەلبەستەکەدا، لاپەڕە ٦٨) وراستی‌یەکەشی (هەتیوت)ە کە دەگونجێ لەگەڵ واتەی هونراوەکەو ئەم هەڵەیەش وابزانم هەڵەی چاپە.

٢٨ ـ تێ بینی‌یەکی دوایی: لە لاپەڕەی (٨) دانووسراوە. «لەوانەشە هەندێ ئەدەب دۆست بپرسن وبڵێن بۆ هەندێ هەلبەستی دیکە کە لەناو دیوانەکانی پێشوودا چاپکرابوون ودەکەوتنە بەرچاو، لەم دیوانە نوێیەدا بەرچاو ناکەون؟ هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆقەناعەتی ئێمەو دڵنیاییمان لەوەی کەئەو هەلبەستانەی لابراون هی حاجی قادرنین و بەهەڵە لە کاتی خۆی‌دا خراونەتە پاڵی بۆیە لەم دیوانەدا فڕێمان دانەتەدەرەوە.»

بەلای منەوە باشتر وابوو، ئەم هەڵبەستانە لەم دیوانە نوێیەدا چاپ بکرێنەوە ئەم چەند دێرەی سەرەوە وەکو تێبینی‌یەك لەسەریان بنووسرێت و داوا لە تۆردوستانی زمانی کوردی بکرێت کە هەوڵ بدەن بۆ لێکۆلینەوەو بەراوورد دێکی وورد لە بارەی ئەم هەڵبەستانە، ئایا لە چ سەرچاوەیەك وەرگیراون چونکە ڕوون نەکراوەتەوە کە لەبەر چی گەیشتوونە ئەم دلنیایی‌و قەناعەت کە ئەمانە هی ئەونین؟ بشت بە چ بەستراوەو چ پیوەرێك هەبووە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە؟ ئەمە ڕوون نی‌یە! ئایا چ

بروانە ل ١١

میهرەجانەك د تەرازیا رەخنێدا

صدیق شرو

ل دەمێ کو پەیڤا شرین ب شابینا ڕەوشەنبیریێ ئامادەدبیت و هەست و دلوژانی‌و خوزی و هویڤی دبنە پەلێد شاریای دکەفنە سەر پشتا بیاپانێ خۆگرتن و داگرتی‌ێ هەمی تشتەك دبیتە کاروان و هەڤران و باغ و بوستان .. خوینە د کەلیت گەرم د بیت سەخمەراتی دارشتنا ڤان تیژە هزرو بیرا و مروڤێ ئەڤیندار و وەلاتێ شرین.

پارێزگەها دهوکێ گەلەك گەنجێد حەواندین لبن چنگلێدخۆ سوتێید پەیڤا شرین و دلدارێد وێژە و هونەری و داهێنان و هنێرا . ئەڤ گەنجە بەرێ خۆ ددەنە هەلکەفتنا لسەر پەیسکەکا نەتەوای و نیشتمانی ، یادگار و چەژن و دەرفەتا. بوهندێ داکو لوێری بکارن مەرهقا دلێ خۆ بەران بەری وەلاتینیێ و ڤینا عەردی و مروڤێ عیراقی دەربرن .

ل روژا ١٩٨٦/٩/١٨ قەفتەکا گەنجە گولا هندە هەلبەستێد خۆ خاندن بەرانبەری خەلکێ دهوکێ و ب هەلکەفتنا هەفتیا قادسیا صدام ی و روژنامە هێژا هاوکاری نەهـ دەقێد هەلبەستا بێد وێ میهرەجانێ بەلاڤەکرن دژمارە (٨٦٠)دا روژا ١٩٨٦/١٠/٩ مەرهقا من ئەوە ئەز پێدا چونەکێ بکەم دگەل ڤان هەلبەستا و هندە خالێد رەخنێ لێ ب دانمە سەر بەرکێ سەخمەراتی پێشخستنا ئاخفتنا کوردیا ئازاد و ئەدەبێ میللەتێ خۆ.

ناهێتە نەپەن کرن شەرێ عیراقا مە دگەل رژیما چلیس لسەر تاقچکێ قوم و تەهرانێ. ئەڤە هەفت ساله گەلەك تشت دیارکرن و کوردێ ڤی وەلاتی ب خوڤە حەباندن ، ئەڤیندارکرن هەتا کو خو گوری کرن بویە دروڤێ وی. هوسا ئەدیبێ مرێیا پەیدا بۆ دورا خو دیارکر . هەکەر بهێین و هێڤکەینە هەر نەهـ دهقا دێ بینینن کو ریکەك یا هەی ئەڤ کاروانە گەنجینە لێ دچێت ئەو ژی داخباری ب ڤینا وەلاتی و داخازا ئاشتی‌ێ و هەر ئێك ب لێك دان و ئاڤاهیەکی تەڤنێ خو درازینیت و نەخشێ خو دکێشیت.

احسان نعمان دبێژیت:

دایکا من و تەیە ئەڤ ئاخە

رمضان عیسی دبێژیت:

هەی هو گەلو

ڤان دمجالا

وان د ڤێت

ئەو بسوژن عیراقا مە

عبدالستار حسن ردینی دبێژیت:

وەلات چیە؟؟

ئاڤاهیەکە

بەرێت وی ژ زێرەکێ زەرن.

هوسا هەکەر لجەم احسانی وەلات دەیك بیت لدەف رمضان عیسی ئاشتی و روناهیە. و هەکەر لنك عبدالستار ردینی وەلات زێرو زیڤ بیت خوین و و قوربانی‌بیت. دێ بینین لجەم محمد ئوسمانا دبیتە بیشێ شێراو پلنگاو مەیدانا مێرچاکێ.

هوسا هەتا کو عبدالمجید شکری هەستانەکا دی ددەتێ دگەل دەنگێ سەربلندیێ لناڤ روناهیا روژێ وەلاتنا سپێدەکا نوی پاش لدەف هاریوانی مروڤی بهایێ خو یی هەی هەکەر ریکا ئاشتێی بگریت و زەندا هەلدەت ما بهایێ دارێ چیە بێی بەلگ و بەر و فێقی؟؟ یان ژی جوتیارەکێ چەلەنگ و دەست بەلە ب زەڤەرە لجەم نصرالدین هادی نەبەس جوتیار بەلکو گەنج برهنگەکی گشتی لدەف عبیدالله حسن کو گەنجا کوم بکەن بوخاترا داوەشاندنا دربێ دوماهیێ لسەر پاتکا دو ژمنی لێ عبدالعزیز خیاط رەنگەکێ رەمزی وەردگریت کو گەشاتیا گول و نێرگزا ساخیا روژێدا ئەڤینێیە و وەلات سەرفەرازیە.

ئەڤ چەندا هەنێ هەمی دیار دبیت ب سالوغەتەکێ دارشتی و ب ساناهی و ساده لجەم هەمی هەلبەست ژەنا.

هەکەر هاندەڤانێ خو سەرهێر نەکەم ئەز دێ سەر شەکرنەکێ دگەل ڤێ پرچا قژالە کەم یان کو هوزان ئارمانجا من ژی زێدەکرنا روناهیێیە.

ب راستی هەر نەهـ ڤەهینوك د خالینە ژ سەر بورێنێ «تجربةً» چونکە هاربون «انفعال» لنك وان پەیدا نەبویە ل چ دەلیڤا هندی هاربون و تێکهوسین و داخباری هێزێد نافخویا مروڤی‌نە و کەسانەتیی دکەنە ئێك هەتا کو مێشك و ئاشوپ دوونە دبنە ئێك بێ ژێك ڤەبون. و سەربور زانین و سەرهاتی و ژی‌بوری و داهاتی و تێداژێك و مروڤ دبنە تابلو و هوزان هنگێ مروڤ نزانیت کیشکە هونەر مەند و کیشکەخ بابەت ئو داخا هەر نەهـ دەقا وەکی لێدانا دهول و زرنایێنە لەزمەتکا بەدمنی و دەم دەمی ددەتە مروڤی پشتی دەنگێ دراوەستێت داخ و کارێ وێ نامینیت هەچ وەکی مروڤ لبەران بەری (دیتەنەکێ ـ مشهد) شانوی لدەمێ کو کاوەی ئاسنگەر ماهولکێ خو دادوەشینتە سەرێ زمحاکێ چەپەل هنگێ (انفعالا) مروڤی یا ژ دەرڤە بلندبیت و پیستێ مروڤی قژدبیت ل بشتی هنگێ نامینیت چنکو کەسێ هزر نەکر بێژیت پا کاوە چی لێ هات پشتی ئەژدەهاکێ فارسی کوشتی....؟! بوچی بەرزەبو چ هەبون و ژێمان وەرنەگرتن؟ هندی «انفعالا» ناف خۆیە یافیغان و ئوفێت گیانێ مروڤی‌یە نە دەرفەتەکێ هاربونی‌یە بەلێ ئاخینکێد راستیێنە لەیلانێد کز و سوزانە دبیتەهزر و رای

احسان نعمان د «ئاخ و خوین دا» دبێژیت

دایکا من و تەیە ئەڤ ئاخە

باخێ من و تەیە ئەڤ چاخە

نێ چ بکەم دەجالێ دل داخە

ناهێلیتن شین بیت ئەڤ باخە

بروانە ل ١١

Institut Kurde de Paris

«هۆزەی گەڕێ»

هۆزانا
ئەحمەد شوشی

تورینا من
بنەڤ رەنگی
لهیڤیا زڤرینا من نەبە
ناهێمەڤە جارەکادی‌و
نازڤرم..
.. ب ژڤان نەبە
ل غەریبیا..
.. دێ ڤەمینم
دێ خوچینم
دا روپەلێن
ئەڤینا خو، ئەڤرو ڤێدەم
هزرو بیرێن
من دبەلاڤن، دا، ب جەمێنم
بیرهاتناو
ئاخڤتنا..
..بئاواز لێدەم
ل کەل برینێت خو پێچم
زێدە خەناو،
، خوینێ تێدەم
هەر کاڤاو دەم
بیرهاتنێ تە،
.م دئێشێن
چەرگ و دلا، ڤلە دهژێن
سەودا نەما
هۆز انەکێ،
، بتە ڤەهینم
بیرو هزرێت خو دارێژم
لەوما هۆزان ..
... مك دڤەهینن
رۆژ برۆژێ..
.. کز دمینم بکرد
کز دمینم
من وەغەرە
دکەل هەڤالا
ذاهێمەڤە!!
گەر بێی‌مەڤە
خەلاتێ زڤرینا خو ئەز
سۆز بیت دلۆ
خەمێ دلێ تە ب حەخلینم
تە پ ژینەکا نوی بڤەژینم
ئاها دلۆ
بڤی ئاواییێ
دێ هێمەڤە
ئەز ودلێ بکوڤان
وەلێ.. بهیڤی‌و ژڤان
دکەل تە ژیان
پێنکاڤێ خو
رێك و رێبارا دێ برم
ب کەمیا هیڤێ نوی رۆژێ
چەرگێ دەریا
..دێ هەلبرم
دێ چم و چم
کەلو زانارا
سپێدەو ئێڤارا
ل بن سیبا دار مازیا
چەندی شرم
ئەز دێ ژنوی بێهنا خو ڤەدەم
ژدل پەیمانا ئەز دێ بتەدەم
خو دناف دلێ تەدا بچینم
ئەڤینا خو
لناف مێرکێ تە ب چەرینم
دیروکاتە
ب دەستێد زاروکێ پاش باف
سەر سینگێ تە..
..دێ نکرینم
دا پاشە رۆژێ بخوینن..
..نەڤەمینن
نەڤەمینن

«خەباتی کوردی ئێران»

هەتا مەرك
لە ئێرانی خوێناویا
لە چیاکان تەقە بکات
بە بیری روون
هێزو بازوو
هێرش ببات
تا گشت ئێران
بە بیرو کار
لەکەل هێزی پێشمەرگەبن
نۆر روناکە دوا رۆژیان
هیوا کەیان
نۆر راست دەبن

هەتا منالی ناو بێشکە
لەکەل لایەی بانگی کوردستان

لە خەوی بێ خەو نیا نقوم ببێت
هەتا زاروك
خوێندنکارانی خوێندنگا
نووکی خامەکانیان
ناوازی سەربەستی بنوسێت
یاخود بانگ کەن
یانە بلێن
لە بەرزایی
لەبەر تیشکی خۆر رانەێت
هەتا گیانی کەلی ئێران
بە سەربەستی لە کار نەبێت

واز ناهێنین لە وەی کردمان

و از ناهێنین ، واز ناهێنین

هەتا لاوانی کورد
بانگ کەن
بە بێ ترس
بە بێ وەستان
هێرش نەبەم
من ئەو کەسەم لەکەل هێرش
بانگی ئازادی ئەکەم
لە جیاکان
لەناو دەشت و شارەکان
لەسەر زێ بێ یاخود دەریا

هەر کامێکیان
من لێی نەدەم
بە بێوەستان هێرش نەبەم
کەلی کوردیش رزگار نەکەم
من ئەو کەسەم لەکەل هێرش
بانگی ئازادی ئەکەم
گەر چی ژینتان پر ئازارە ئیمروکە
بۆ شبەی شاری نەبێی
نۆر روناکە دو ا رۆژمان
هیو ا کەمان نۆر راست نەبێ

نوزاد عبدالعزیز صالح

لە رۆژ ژمێری جەنگاوەرێکی خاکەوە

• موکەرەم رەشید تالەبانی •

چاوی هوشم
بریودتە لووتکەی چیا بلندەکان
بنارەکان
نسارەکان
لەبەردەمی لوولەی سواری
چەکەکەمدا
ئامانجیکی زوو پێکراوون
دەردەختیکی دامالراوون
هەرچی دوژمنیکی لێ بێتە دەر
دەدرێتە بەر
ریزنەی کوللەم
تا لە خوێنی فەوتاندن دا
دەکەوزێت و
بۆ هەلدیری بیرچوونەوە
تل دەخوات و
غلور .. غلور دەبێتەوە!!

(٢)

ئەم شەو
تاریکی رەش . موتەکەیە
ترس.. دیوێکی زەبەلاحە
لەناو گەرووی دانەچۆ قەی
مەرگی رەش دا
خۆی مات داوە.
لەرزیش .. لەش و گیانی مرۆڤ
سر دەکات و
پەنجەی هوشیش دەتەزێنێت
دانەچۆقەیش.. بەربلاوە.
منی جەنگاوەریش
چەك لەمستی باوەرمایە
در بە ترس و مەرگیش دەدەم!!
چەپۆکی تودە بو رووەمتی
دانەچۆقەی بێفەر دەبەم!!
هەناسەم تەك هەناسەی ئەم
چەکەمدایە
تا کوللەم بێت.
کوللەی زەردی رۆژهەلاتی
نامترسێنێت!!
بە ملیۆن و سەدان هەزار
شالاو بێنێت
نامترسێنێت!!
چەکی بروام
بە ناگری تۆلەو ئەوین
رەگ و ریشەی کەللەرەقی
لە بن دێنێت!!

(٣)

ئێوارەیە.
دەروونم بێ پەژارەیە.
تەك کۆمەلێك جەنگاوەردا
پشتی وورەو هێز دەبەستین
گیان لەمست و
لەسەر دەستین!!
کاروانی رێی زۆر مەبەستین
بۆنیشتمان
بو خاکی جوان
سەرمان، گیانمان
ئامادەنە
ملی دوڵ ودەشت و دەرو
چیا دەگرین!!
دوبۆ دوژمن دەنەینەوە.
لەکەل سەرەتاتکێی مانگ و
ئەستێرەدا
بەرەبەیان
دەیەینەوە
دوو سێ نێچیر
سەر لەخواری دەست لە
ز منجیر
تەك خۆمان دا دێنینەوە!!

(٤)

ئەم برینەی.
لەسەر سینەی..
من نەخشاوە
ئەم دروشمە پرشنگدارەی
لێنووسراوە
خوین بۆ خاکەو
ژینی خاکیش .. چرایەکە
لە خوێنەوە .. پێکراوە!!

(٥)

لەسەنگەری سنوورەوە
لە نزیك و
لە دوورەوە،
گێشکی خاك و باب و داك و
خێزان دەگرم!!
چەکی بروا وسەربلندیم
هەلگرتووە
بەستی پولام
کوللەی زەردی ئەم سەردەمەم
راگرتووە!!
من سوپێرم
سەخت و پتەو وتاویرم
لە شوێنی خۆم هەلناکەنرێم
بۆ دوژمنی خاك و مرۆڤ
درك و دالۆ
ترس و مین و مەرگیشە رێم

ئەو بازووەم
مژدەی گەش و ماج دەروێنم
لە دەلاقەی جەنگ و ماف دا
تۆوی ئاشتی دادەچێنم!!

Institut Kurde de Paris

کەلەپوور

دو و پارچە شیعری بلاونەکراوەی «جەوهەری»

جمال محمد محمد ئەمین

لە کاتێکدا خەریکی ساغ کردنەوەی کۆمەلە دەستنووسێکی کون بووم، لە دوو تۆی دەستنووسێکا دوو پارچە شیعری (جەوهەری)م بەرچاو کەوت، بە هیوای ئەوەی لە فەوتاندن رزگار ببن لێرەدا بەبێ دەسکاری هەردووکیان بلا دەکەمەوە.

- ١ -

بە ئاهی سەردی من زوڵفت بە رووتا
هاتە جوڵانە
کە یەعنی وەك محەك بۆ تەجروبەی سیمی
زمنەخدانە
جگەربەندی بریم و دل بە بوریانی دەکا
یاخوو
دل و جەرگم هەمیشە عادەتی بوریانو
بوریانە
تەماشای شیوەن و سووتانی من کەن بۆ
خودا یاران
بلێن بەو شوخە بۆ تۆ حەیفە ئەم گریان و
گریانە
موتالای حاشیەی خۆش خەتتی زوڵفی
لازمە ئیمشەو

لەسەر صەفحەی روخی هەتاکو ئەم
میهمانە میهمانە
بەبی مەی مەستی چاوت چاك خومارو پر
گرو شۆرە
مەکە مەیلی شەراب ئەسڵەن لە ئەم مەیدانە
مەیدانە
دوو قەوسی تاقی ئەبروی هەر وەك و شیرن
لە هەردوولا
چ چالاکن لە بۆ صەیدی دل ئەم شیرانە
شیرانە
ئەگەر مەیل بە سەودای ماچی لێوی ماوە
وەك جاران
لەباتی ماچی نەقدی روح ئەدەم پەیمانە
پەیمانە
صەبا تۆی مەحرەمی ئەسراری بازی
علاشقانی زار
دەخیل زوو نامە، نامەی من بەرە، تابانە
تابانە
لەباتی من بڵێ بەو شوخە گەر چی عاشقی
رووتم
بەڵا بۆ بەزمی وەصلی ئەم غەزەلانە
غەزەلانە
وتم دەردی سەریم زۆرە چیە دەرمانی یار
فەرمووی
لە بۆ دەردی سەری تۆ خاکی ئەم دەرمانە
دەرمانە
ئەگەرچی دوور لە قەوم و یار خۆیشت
بووی بەڵا (جەوهەر)
کوڵی خۆش حاڵی ئێستا تاکو ئەم جیرانە
جیرانە

- ٢ -

دوو زوڵفی لوولی لاولاوی لە باڵای لاوی
ئالاوە
وەکو ئەژدەر لە جێی پاوانە قەیدی زوڵفی
لەسەر ناوە
تەڵا پۆشین و موشکین دائیما ماتی زرەی
خشڵە
دوو زوڵفی تێك رژاوە دەنگی بینەو بگرە
هەڵساوە
ئەگەر ساقی خەلاصم کەی بە یەك دوو
جورعە مەی جارێ
دل و جان و بەدەن هەر سێ لە رەهنی
قوربی تۆم ناوە
لە هیجرانا کە رەنگ و رووم نەما باعیث
محەببەت بوو
لە باتی خزمەت و عیززەت، جەزامان عەینی
خوێناوە
وەرە سەر مەبحەثی هیجران خەیاڵی
گەردن و زوڵفە
لەسەر ئەم گەردن و زوڵفە سەرم گیرودەیی
داوە
سەری (جەوهەر) لە حەلقەو سیلسیلەی
گیسووی چلیپاکە
لە ئەم سەددە کە بەستووتە لە ئەم داود
کە دات ناوە

(١) جەوهەری: - خەڵکی ناوچەی سەقزە شیعری زۆری هەیە پەرت و بڵاوە، کەلە شیعری تری لامە، بەڵام هەر شیعرێك لەو شیعرانە چەند وشەیەکی ناتەواوەو شیعرەکەی تێك داوە، بەڵام ئەم دوو پارچەیەی سەرەوە ناتەواوی نییە، مامۆستای شڵماشی بۆی گێرامەوە وتی : - ئەو کاتەی من دیم ریشی سپی بوو بوو، بەڵام نازانم ماوە یان مردووە.

پێش کەشە بە برای شەهیدم محمد

لای لایەی دایکێك بۆ رۆڵەکەی

کەلاوێژ حسن

لای لایە رۆڵەی شیرینم
هاوریێی ژینم
کوڕەی ناولانکم
لای لایە بەرهەمی رەنجی چەن ساڵەی پر برینم رۆڵە
بۆ تۆ ئەگێرمەوە بەسەر هاتی باوکی شەهیدت
کاکەی بچکۆلە
باوکت تیکۆشەر بوو
باوکت دلێرو ئازا بوو
باوکت دژی خەوو خەیاڵ بوو
باوکت برای هەموو لێ قەوماو بوو
باوکت شەهیدی رێی چەك و خەبات بوو
لای لایە کورەم لای لایە
هەر چەند تەمەنت ساڵێکە
بەڵام چاوە گەشەکانت پر ماناو هۆشیارین
ناوی بابە لە سەر زمانتە
رۆڵە وێل مەبە بە دوای بابە
هەموومان بابەی تۆین
هەموومان غەم خوری تۆین
هەموومان دل بریندارى بابەی تۆین
لای لایە ئاواتی ژینم چرای شەوی تاریکم
چاوم بوەتە کانی فرمێسك

هەموو پینج شەمان سەر لە نیواران میوانی بابەی تۆین
ئەکەوینە گفت و گۆ لە گەڵ بابە
خەبەری خۆشی سەرکەوتنی گەلی بۆ ئەبەین
ئاگای لە هەموومانە
رۆڵە شەهید ئەمرە لە یادی هەموومانە
گیانی پاکی پەپولەی ناو گوڵ گوڵزارەکانە
کاکە مراد تۆ مرادی ئەوو ئێمەی
بەڵام داخی گرانم
شوێنی سەر سورمانم
برینی جەرگ سوتاوان هیچ پر نابێتەوە
شوێنی گوللەی ناحەق بە تۆڵە نەبێ پر نابێتەوە
شین و رۆڕۆش گەلێك بێ سودو ماتەمە
ئەو رۆژەی بتبینم وەك بابە چەك هەڵگرو قارەمان بی
ئەو رۆژە فرمێسکم ووشك ئەکا
ئەو رۆژە غەمم ئەروێنێ
ئەو رۆژە تاسەی مێتکم ئەزرنگێنی
مراد گیان ئەو رۆژە ئەتوانم بۆتی بگێرمەوە
بەسەر هاتی بابە
رۆڵە گیان ئەمری بۆ ئەو سەر بەرزی بۆ تۆ
سەر شۆڕی بۆ دوژمن.

لێت تێ ناگەم

کەژاڵ ئەحمەد

لێت تێ ناگەم
زمانێکیت هیچ مرۆڤی نەبیستووە
نوسراوێکیت هێشتا کەس
تێی نەگەشتووە
لێت تێ ناگەم
وەکو رووبار
ئاخو شەپۆلی سەرنجت
قژی خاوی چەند ئازاری
ماچ کردووە
ئاخو چاوی خۆلەمێشیت
چەند کەسەری تیا خەوتووە..
لێت تێ ناگەم
وەکو ژیان لە هێمنی‌و بێدەنگیتا
زۆر نهێنیت هەڵگرتووە
وەکو مردن
ئالۆزی تۆ کۆمەلێك نیشانەی پرسی
لە دەروونما هەڵکەندووە..
لێت تێ ناگەم
ئالۆزی تۆ مەتەلێکەو
من ناتوانم هەڵی بینم
ئالۆزی تۆ گرێیەکەو
ئەبێ نینۆکی درێژم
بۆ کردنەوەی هەلاوەرێنم

خانی لەمەم و زینا

لەتیف قەرەداغی

لە خەوما بوو
مەم و زین دەست لەدەستا
بوون
پرسیم چیە؟
وەرام بە وەراما رژا
بەزمە ئاهەنگە شایی یە
شایی، خاتۆ زینە بۆ مەم
کوتایی هات رۆژانی غەم

هەر لە دنیای سامی خەوە
کەوتمە هاوار بەئەو شەوە
شایی‌و بەزم تیك بەنەوە
وەکو فەرشیك بی
لە کۆی هات!! بێ بەنەوە

لە مێزوودا بی سرنەوە
★ ★ ★

نەهاتووم بۆ هەلپەرکێتان
بەشداری شایی‌تان ناکەم
دەقێژینم، هاوار دەکەم
بیرە ئاسایی‌کەی خانی
بۆ شایی ئیوە ئێك نادەم
★ ★ ★

١) مەخسەدت لە چیرۆکی (مەم وزینی) (خانی)بە کەتیایە (مەم وزین) بەیەك ناگەن

بەخشانە شیعر:

نازانم بۆ؟

ئازاد شوان
١٩٨٦

نازانم بۆ..
فرمێسکەکانت
وەك بارانی بەهار
بەخور دێتە خوار
نازانم بۆ..
کوناکانت
وەك گەلای
داری پاییز
زەرد هەلگەراون
نازانم بۆ..
خەندەی شادی‌و
بزەی هیوا
لەسەر لیوی سوورو ئالت
وا تاساون
نازانم بۆ ...
تیشکی خۆشەویستی
لە چاوم جوانەکانت دا
دبار نەماوون
نازانم بۆ..
پرچی رەش و جوانت
ئالۆسکاوون
بە زنجیرو پێوەندی خەم
بەندکراو ون
گیانە با بەس بێت
گریان و فرمێسك رشتن
بەس بێت رەش پۆشی‌و
ئاخ هەلکێشان
وا رووناکی
لە ئاسوود دەردەکەوێت
موژدەی شادی
دلداریمان
بەسەر تەم و مژی تاریکی‌دا
سەردەکەوێت...

خو ئینا دلێ من بو تەیە

هوزانا علی مصطفی

نەخشی جوان ردنگی تەیە
ئەو ستیرا گەش ل هیڤیا تەیە
بلبلی جان بو تە دخینیت
پەیڤا جوان بەهرا تەیە
بیهنا کولا ژبیهنا تەیە
کوتنا دلا هەر بو تەیە
گەر تو نەبی من کەس نەڤێت
دلی من جان هەر بو تەیە
خوینا دلی من بو تەیە
دیتنا چاڤا هەر بوتەیە

گەر نەزانی بسیار بکە
دا تو بزانی خر بو تەیە
گرنژرینا من بو تەبە
تینا من جانی لکەل تەیە
گەر تو بچی ئەز بو چمە
ئەڤا من مای خر ژیە تەیە
خەما دلی من لسەر تەیە
پیراتیا من ژبەر تەیە
کەلەك نەما ئەز دێ بارکەم
جانی گەر چوم نێژ بەر تەیە

سرودی زیندو بوونەوە

محمدامین پێنجوینی

پەنجا ساڵە ڕۆژ لە ئیسپانیا لێڵە
مانگ گێراوە هەور تەڵخە
ئەستێرەکان ئاڵۆزاون
پەلکە زێڕینەی خەیاڵ گوش
ڕەنگەکانی بزرکاوە
٥٠ ساڵە دڵدارەکان چاویان پڕە
لە گل و ژان
چونکە چرای فەرهادێکیان لێ
کوژاوە
نوکی قولینگ، مێشکی وەك بەردی
زۆرداران ئەڕوشێنێ
٥٠ ساڵە کانیەکانی بەرشەلۆنە
هەڵناقوڵێن !
شێرینەکەی لۆرکای شاعیر
لەناو خوێنا ئەتڵێتەوە
پڕ ووشەی بەفر ئارینگ ئارنگ
لەسەر برژانگی ئەبارێ
گەڵای خەزانیش ڕوو زەردە
بە شەرمەوە دێتە خوارێ
٥٠ ساڵە بزە لە خونچە زویرە
لێوی تاسە بێ پەرداخە
ژیان هەمووی گریەو ئاخە
٥٠ ساڵە ووشە بەدوای شیعرا
وێڵە
چارگی کانیەکان لێڵە
کورەی خەباتی ئیسپانیا نێڵە نێڵە

٥٠ ساڵە ڕۆژ لە ئیسپانیا لێڵە
٥٠ ساڵە دڵدارەکانی ئیسپانیا
ئەم سرودە ئەڵێنەوە
لۆرکا وتی:
من ئارەقی ناوچەوانی
کارگەرانم
من نرخی ژیان ئەزانم
ئەوتی چرای زەحمەت کێشم
بۆ ئەوان مۆم بۆ خۆم ئێشم
من لۆرکام
پەیام بەری هەژارانی
بارەگای «خوام»

× × ×

هەتا سنگیان کرد بە بێژنگ
بە گولەو گڕ
مێشکیان پژاند بە فیشەکی تیژی
تفەنگ
ئەی وت منم بیرم پشکۆ
بۆ کایەنی سەرمایەداری
ڕەنج قولدەر وەکو ئەهەنگ
ئەی وت
ئەم زمینە یەك چیمەنە
چەترە کەشی یەك ئاسمانە
با مرۆڤ و گیان لەبەران
بەسەر بەستیو بێ جیاوازی

«پرسینەوە»

سمیر عبدالفتاح

کردویە بەکوردی

جیروك

بەسەر سامیەوە دەرگای ژوورەکەمم کردەوە، لەو کاتەی دەستم بۆ پلاکی کارەباکە دەگێڕا، یەکێك توند بەچەکی‌گرتم . ئەوەی ڕویدا بەتەواوی، ئەمە بوو:

دەستێکی ز یری گەورە لە چەپۆڵە ورچێکی ئەفەریقی دەچوو. تۆزی لەمەوبەر لەو سینەما پیسە هاتبومەوە.

کە بەرێکەوت و بۆ کات بردنە سەر ڕێم تێی کەوتبوو فلیمی - دراکولا - نیشان ئەدرا د ئەوی تریانم لەیاد نەماوە، - کۆنت - پەلاماری نێچیرەکەی ئەداو خوێنەکەی هڵ دەمژی، تابوتەکەی دەشکاندو بە هەڵە داوان ڕوومو ئێمە دەهات.

هۆ لێ سینەماکە ڕووناك بویەوە، چەند منداڵێك لە تاریکی یەکەدا دەنگە دەنگیان بوو. بە جادەکاندا دەڕۆیشتم بەبێ ئەوەی خۆم لەهیچ شتێك لا بدەم. وە لە ناخمدا بێدەنگی‌یەکی کپی سامناك خوێ مات دابووو.

بە تەواوی داگیرسا بووم کاتێك ڕوومو ماڵە چۆڵەکەم گەڕامەوە کەوتنە خوارەوەی تەنها کەوچکێکی چا بەسە و بۆ ئەوەی دڵم بەربێتەوەو ورد بێت..

ئێستاش ئەوە ژوورەکەمە: ئەو ژوورەی بست بە بست و کونو قوژبنی شارەزام ، دەڵێی پڕ بە باڵام براوەو ئەو شتانەیە کە پەیوەندیان بە خودی خومەوەیە، وەك هەموو بوونەوەرێك، وەك مرۆڤێکی تەواو - حەز بە گاڵتەو فشقیات ناکەم وەك هەموو ئەو ملهێونەها کەسەی ناو جیهان، جگە لەڕۆژباش و ئێوارەباش زیاتر نااڵێم بەشێوەیەکی وا هاوارم کرد، وام زانی لەمنەوە نەبوو، چونکە کاتێك خێزانەکەمم لە باخەڵی بێگانەیەکدا بینی هاوارم نەکرد، نە لەو کاتەی کوڕەکەم بەدیلکراوی جێی هێشتم، وەکاتێکیش ڕووەو وڵاتی سەرفرازیو ئازاد کراوان سەفەری کرد، نە لەو کاتەی جوێنیان پێدام ، نینۆ کەکانیان دەرهێنام، وە نە لەو کاتەی لە جوڵەیان خستم و قسە کردن و چوونە دەرەوەیان لێقەدەغە کردم.

بەڵێ، هاواریکی وام کرد، هاواریکی تاساوی خنکێندراو .. لەگەڵ ، ئەوشدا لاڵ بووم، هێندەی نەمابوو لەزمان بکەوم کاتێك لەسەر جێگا گەرمەکەم بینیم، بیجامەکانی لەبەردایە پێی لەسەر کتێبەکانمە، لەسەر پەراسوی ئاژدادەمە.

هاوارم نەکرد تا نەهێڵم کوڕەکەم بچێت بۆ سەفەر گوێم پێ‌نەدا وەك شادەماریك لە گیانم دەربێنن دەرهات. بەڵام ئێستا هاوارم کرد، نەفرەتم کرد، هەستم بەگەرمی‌د لینجی خوێن کرد لەبەینی پەنجەکانمدا دێتە خوارێ ، وە بەوەی هەناسەی گرتوم ، نایەڵێت هاوار بکەم.

بۆ کاتێکی کەم، وام بە بیردا هات کە دەتوانم خۆم ڕابسکێنم و بەرگری لەخۆم لەهەموو شتەکانم بکەم. بۆم دەرکەوت کە کاریکی نەکراوی پڕ لە ئازارە.

بەڵام خۆم گرت، لەبەر ئەوە دەزانم مرۆڤ بۆ ئەوە دروست بووە کە بەرگری بکات، ئاهێکم بە بەردا هاتەوە، بەڵام کێشایان بەسەرما ڕووناکیم لەبەر چاو بڕا، هەموو شتێك لەجووڵە کەوت.

دراکۆلام بینی لەکۆشکە چۆڵەکەیدا ڕاوم دەنێ.

لاشەی مردووم بینی ڕاوم دەنێ. خنجەری ئاگراوی وەك ئەستێرە دەکشێ بەچواردەورمدا، وێنەکان چاوم لێ دادەگرن، چوار چێوە کانیان جێ دەهێڵن ئاوێکی سارد کرا بە دەموو چاومدا، دەنگێك بەناوی خۆمەوە بانگم دەکات. شەپاڵەم لێ ئەدات. کاتێ زانیم هەر لە ژوورەکەی خۆم دام تەکانم دایە خۆم هەستم بەڵام بەڵەقەیەك لە شوێنەکەی خۆم تەختیان کردمەوە.

هەر زوو لەو بروایەدا نەمام کە دزێکی بەشەرەف بێت. چونکە هیچی وەهام نی‌یە بەکەڵکی دزی بێت جگە لە کتێبەکانم وە هندی وردو پردە نەبێت ، سوپاس بۆ یەزدان کە ئەوانیش بەکەڵکی تەنها ڕۆشنبیرانیش نایەن..

- طەڵخاوی ئاگادارمان نەکەردیت کەنەچی‌تە دەر هوە بم ئەوەم بیست و هەموو شتێکم بۆ ڕوون بویەوە.

خو ئێنە وشك بووەکەی سەر لێوم سڕی‌یەوە، وام زانی چی‌تر چاوەکانم ناکرێنەوە.

ووتم: کوڕە هەستە بەگژیاندا بچۆرەوە، مردن لەم ژیانەت باشترە. بەڵام هێزم لەبەر بڕا بوو، گوێم لێبوو کە ژوورەکەم جێ دەهێڵن بەبۆڵە بۆڵ دەرگاکەیان بەقینەوە داخست.

گومانی تێدا نی‌یە وەك گشت جارێك دەفتەری ئامادەکەیان تەوقیع کردووە . هەر لەسەر زەوی‌یەکە سەرە ژان گرتووەکەمم نایەوە خەوم بەژنەکەمەوە بینی بەترسێکەوە بۆ م دەڕوانێ.

دراکولا بەهەڵە داوان ڕاوم دەنێ ، ڕاچڵەکیم مێردە زمەکەش ڕەوی‌یەوە. بەبێدەنگی لە تاری‌یەکەدا مامەوە تاگوێم لە دەنگی نامۆی مەلی بەیانی بوو. خوێنەکەم سڕی‌یەوە ویستم هەستم نەم توانی ، دووبارە هەوڵم دا تا بە هۆی دیوارەکەوە توانیم هەستم دەستم بۆ پەنجەرەکە گێڕا کردمەوە، هەستم بەڕووناکی نەدەکرد تۆزی وەستام تاخۆم ڕاست بکەمەوە. ویستم گۆرانی بۆخۆم بڵێم گریام.

ووتم: کوڕە ڕاستە ئەوە بۆ ماوەی بیست ساڵ دەچێت هیچت نەنووسیوە نیوەیت بەسەیر کردنی بنمیچەکەوە بردۆتە سەرونیوەکەی تریشت بەو دیوارە خنکێنەرەوە؛ ڕاستە نووسەر وەك وەرزشەوان وایە؛

بڕستی لێدەبڕی گەر لیاقە خۆی فەرامۆش بکات وە ڕاستە نووسین بۆتە شایەتی‌و شایەتی دان، بەڵام دەزانیت ئەوەی بەبێ دەنگی لەکیست چوو زۆر زیاترە لەوەی بەقسە کردن لەکیست چووە ، هەستەو شایەتی بدە.

بۆ پەرەیەکی پاکی بێگەرد گەڕام کەدەمێك بوو لێم کردبووەوە بۆ ئەوەی شتێك بو تاقەکوڕەکەم بنووسم، بەڵام نەم زانی چی‌بنووسم و ازم لێهێناو لەبیرم چویەوە.

- «کوڕە .. تو دواهەمین کەس بوویت کە هاتیتە دەرەوە، لەبەر ئەوەی پەیوەندیت بەکەسەوە نی‌یە، وەجگە لەپێنووس و سنگە ڕووتەکەت چی شك نابەیت».

هەندی خەتی لارو لێری منداڵانەم کێشا ، هەستم بە لەرزینێك کرد لەناخەوە زانی توانای هەست کردنم نەماوە

«ئەگەر لەبیر ئەوانیش چووبیتەوە. یان لەدەورت دوور کەوتوونەوە.. تا ئێستاش لێپرسراوی بەرامبەر بەبیرو باوەڕت و خۆشیت. ئەم تێشکاند ترس و لەرزە لەبیر بکە، تۆ وەك گشت بوونەوەرێك لێپرسراوی بەرامبەر بەنەزانی‌و ڕووناك بینی».

لاپەڕەیەکی ئازەم دەرهێنا لە تاریکایەکەدا گەڕام بەدوای جاویلکەکەمدا، دۆزیمەوە لەژێر پێیاندا یان ببووەوە، ئینووسەکەم لەدەست کەوتە خوارەوە ، هەروەکان لێکیان دا.

- «کوڕە... تۆمز ڕۆڵەی ئەم وڵاتەی ، عاشقی ئەم ژیانەی، بۆ حەقیقەت بنووسە ، ئەگەرچی بەسەر بەرزی‌وە سەرت لە پێناویدا داناوە».

قەلەمەکەم گرت توانای خوم کۆکردەوە، وەك سوارچی‌یەك بەسەر ئەسپێکی سەرکێشدا.

لەو کاتەدا هەستم بە موچرکەیەك کرد کە بەخۆمەوە نەدی بوو، بۆ ماوەیەکی درێژ کەوتمە بیرکردنەوە وە. کاتێك یەکەم ڕستەم نووسی هەستم بە ملیۆنەها باڵندەی ڕەنگار ڕەنگ کرد دنیا جێ دێڵن دێنە سینگمەوە .

(لە گوڤاری (الکرمل) ژمارە ١٨/١٩٨٥)

سەرماو کرێوەی زستانێکی تر..

بورهان هەژار

چاوەڕوانم زوو بێتەوە
کاتێکی تر..
ئاگات لێ بێ ڕێبەندانەو
شەوگار لێڵ و شەوە زەنگە
بەفر ئەم کێوەی پۆشیوەو

لە ئاسمانی شارەکەما
ئەستێرەی گەش
لە زیندانی هەوری ڕەشا
بەند کراوە..
زوو وەرەوە..
وورگی تاریکی هەڵدرەو
ملی هەور بپەڕێنە..!!
لەگەڵ ئازاری کۆچەکەت،
چەپکێ گڕو
مشتێ عەشق ی
باراناوی بهێنەوە
بۆ سووتانی،
خەوی ئەم شارە نەگبەتەو
چنینەوەی خۆرێکی تر..!
چونکە یادی
نیگاو سۆزی بەر بارانت

بۆتە تیشك و
لە شەوانی تاریکی‌دا
دا دەگیرسێ بۆ نوسینی
شیعرێکی تر..
ئەمە عەشقەو واتیکەیشتووم
گوڵ بارانێکەو
خەمی پیروزی تێدا ئەبارێ..
گەر لەشەوانی
تاریك و تووشا..
کۆرپەی ژانی نوێم
لە کوورەی بێ گڕ،
یا لە ئاسمانی پڕ هەورو ئەما
دا دەگیرسێنم
بۆ هەڵوەرینی
سەرماو کرێوەی زستانێکی تر..!

* ئەم شیعرەم پاشماوەی ئەوپارچە شیعرەیە کە بەر لە ماوەیەك پێش ئێستا بە ناتەواوی لە هاوکاری دا بڵاوبۆیەوە لە ژمارە (٨٦٢)، ١٩٨٦/١٠/٢٣

«نامەکا لەشکەری»

«محمد ئوسمانا»

کوری منو
ڕۆژا ببی لەشکەر
نامەکێ بۆمن بهێرە تۆ ل کیدەر
بۆم لەشکەرێ عیراقێ
ل کۆبێت چیا
دورێت من گولێت سور زەر
گبایی کەسك
ئەز و لەشکەر ل گەلێك وەك برا

دوزمن بێت دێ لێدین
هەتا کو کەس نەما
لەشکەرم لەشکەرێ ئازادێ
لەشکەرێ سەربەستێ
چان فیدایێ وەلاتم
هەردەم ئامادەمە بهۆ جەنگ
تا کو خاکا خو بپارێزین

نەخشەی مەحموودی کاشغەری و کوردستان



مالمیسانژ
وەرگێرانی: شوکور مستەفا

بەو ڕادەیەی ئێمە دەیزانین وشەی کوردستان کە ناوی وڵات و نیشتمانی کوردە، لە سەدەی ١٢ هەم بەم لاوە بەکارهاتووەو کەوتووەتە ناو ناوان.

یەکێ لە نووسیارە هەر کوردەکان کە باسی کوردستانی کردووە موستەوفیە. ئەم نووسیارە نووسیویە کە: «لە ناوەندی سەدەی شەشەمی هیجری‌دا سوڵتان سەنجەری سیەلجووقی (١٠٩٦ - ١١٥٧) ناوچەی (جبال)ی لە کرماشان دابری‌و ناوی نا کوردستان». سوڵتان سەنجەر سولەیمان شای ئایبا (ئایوا)ی برازای کردبوو بە والیی کوردستان. سولەیمان شا پاش ئەوەی بوو بە والیی کوردستان، شاری (بهار)یشی کرد بە پێتەختی خوی «بهار لە ڕۆژاوای باکووری هەمەدان بووە».

بە پێی موستەوفی سنووری کوردستان دەگەیشتە عیراقی عەرەب و عیراقی عەجەم و ئازربایجان و دیاربەکر.

بێ گومان کورد ناوی لە بەڵگەی کۆنتریش دا هەیە.

بەڵام زێدو نیشتمانیان، لەو سەروبەندەدا بە هێندێ ناوی دیکەوە دەناسرا. لەم ڕووەوە بەڵگەی بە عەرەبی‌و فارسی زۆرن. تەنانەت هەتا سەدەی سێزدەهەم گەلێ نووسیارو شاعیری عەرەب و فارسیش کە بە عەرەبی‌و فارسی‌یان نووسیوە، بەڵگەی ئەمەیان بۆ هێشتووینەوەو زۆر جارانیان ناوی کورد هێناوە بە نموونە شاعیرانی وەك ڕوودەکی (٨٥٧ - ٩٤٠)و فیردەوسی (٩٤٩ - ١٠٢٠)و نیزامیی گەنجەوی (١١٤١ - ١٢٠٩) کە زۆر بەناووبانگی لە شیعری خویان دا ناوی کوردیان هێناوە. هەروەها مێژوونووسانی وەك ئیستەخری (٩٥١)و مەسعوودی (٩٤٣)و ئیبن میسکەویە (١٠٣٠)و یاقووتیش (١١٧٩ - ١٢٢٩)و ئیبنولئەسیریش (١١٦٠ - ١٢٣٤) لە کتێبەکانی خویان دا گەلێکیان شت لەسەر کوردنووسیوە.

لە نووسینەکانی ئەو سەردەمەدا بە دیاردەکەوە کە لە نێوان سەدەکانی ٩ هەم و ١٣ هەم دا کوردەکان لە ناو فارس و ئازربایجان و ئەرمەنستان و «جیبال وزەوزان»دا لە شعرێنێکی زۆر هەراوو بەربڵاودا دەژیان. دیسان لە نووسینەکەی ئیستەخری وا فام دەکرێ (لە سەدەی دەیەمین دا ژیاوە) کە لە سەجستان و ئەسەدئابادو شیرازو کرمان و خوزستان و مەرعەشیش کورد هەبوون.

پێش بەکارهاتنی وشەی کوردستان زۆر لە نووسیارانی عەرەب (یان ئەوانەی بە عەرەبی‌یان نووسیوە) لە «ئەلزەوزان» وەك وڵاتێکی کوردەواری دووان. بەپێی مەقدیسی، زەوزان! شارێك بوو لە گراوی (جزیرە) ئیبن عومەر. بەڵام بە پێی ئیبنولئەسیر، کە ئەو بۆ خۆی خەڵکی (جزیروبوتان)ە، زۆزان دوو ڕۆژەی‌یان لە شاری مووسلەوە دوور بوو و سنووری لە نێزیکی خەلات (ئەخلات)و سەماس دەگەڕایەوە.

سەرچاوە ئیسلامی‌یەکان کاتێکی زۆر جاران باسی دەورانی بەرێی سەلجووقی‌یان دەکەن، لە چوارچێوەی خلات و ئەرمەنستان و ئازربایجان و جیبال و فارس و زەوزان دا لە کورد دەدوێن. بە نموونە، ئیستەخری ناوی ٣٣ سێوسێ هۆزی کوردی نووسیوە کە لە ناوچەی فارس دا دەژیان.

ئێمە لێرەدا نامانەوێ بە دوورودرێژی لەسەر ئەمە بدوێین. تەنیا هەر هێندەمان دەوێ سەرنجی خوێندەوانان بۆ نەخشەیەکی زۆر کۆن ڕابکێشین کە ناوی وڵاتی کوردیشی تیدایە. ئەم نەخشەیە لە لایەن زانایەکی تورك، مەحموودی کاشغەری‌یەوە لە سالی ١٠٧٤دا نووسراوە.

مەحموودی کاشغەری یەکێکە لە زانا ناودارەکانی تورك کە لە سەدەی یازدەهەم دا ژیاوە.

ئەم زانایە نووسیاری فەرهەنگی دیوانی لوغاتی تورکەو. کتێبەکەی بە یەکەم فەرهەنگی زمانی تورکی لە قەڵەم دەدرێ.

(دیوان لغات الترك) لە سالی ١٠٧٢ - ١٠٧٤دا، لە بەغدا، بەزمانی عەرەبی نووسراوە. ئەو نەخشەیەی کە ئێستا باسمان کرد، لەم کتێبەدایە.

بروانە ل ١١

پلنگی پێ دەشتی سیروان و سەرکردەی چانەخۆران (مەلا سەید حەکیمی خانەقینی)

مصطفی نەریمان

لە ژمارەیەك پێشوی ئەم ڕۆژ نامەیەدا بە ناونیشانی (چای‌و چانە خوارەکانی خانەقی)یەوە باسیکمان بڵاوکردەوەو ئەوەمان دەربڕی کە تاقمێك کورد پەروەری دڵسۆز لە شاری خانەقی ساڵی ١٩٣٩ بڕیاریان دا ئیتر چا نەخۆنەوە. سەرکردەی ئەو تاقمە دڵسۆزە (مەلا سەید حەکیم) بوو، ئینستا وەچ و وەچەزای ئەو تاقمە لەسەر چا نە خواردن ماون و بەڵێنی خۆیان پاراستوە.

ئینستاش وەختی ئەوەمان هاتوە ئەو مامۆ ستا دڵسۆزەمان لە نزیکەوە بێ بناسێنین بۆ ئەمەش با چل ساڵ و هەنی بگەڕێینە دواوە بچینە ئەو مزگەوتە بچکۆلانەی مامۆستای تیادا (مەلا) بوو ئەبینن پیرو لاو ئاغەو هەژار فەلاح و کرێکار وا پاش نوێژ لە سەر چۆك لێی دانیشتون و قروقب گوێ لەفەرمودە بەنرخەکانی مەلا سەیدحەکیم ئەگرن - ئەوا ئێوارەیەو تاریك داهات و نوێژی شێوانیش بەسەرچو سەربانی مزگەوت بوبە گۆڕپانی کۆڕی کورد پەروەرە خاوەن ئیمان و پڕباوەڕان بەخواو پێغەمبەرو کوردو کوردستان.

مەلا سەید حەکیم خۆی خەڵکی ئەم شارەش نەبو. ساڵی ١٨٩٢ لە ئاوایی یەکی ناو جەرگەی هەوارمان چاوی هەڵ هێنا بو ، چو بوە بەر خوێندنی ئایینی‌و وێڵی زانست و زانیاری بو لەم شار بو ئەو شار گەیشتە ڕەواندز لەوێ لای مەلای (خیلانی) ئیجازەی وەرگرت، لە وێوە هێدی هێدی چارە نوس بەرەو خوار هێنای تا ساڵی ١٩٢٤ کەیشتە خانەقی . لەوێ ن بوو بە (مەلا)و ئاشنایەتیەکی بە هێزی لە گەڵ مامۆستا (عەزیز پشتیوان) پەیداکرد هەردوکیان بوون بە پشتیوانی ئەو کوردە ڕەش و ڕووتانە . لە ڕێکخراوەی برایەتی‌و پشتیواندا کاریان کردو ئنجا هیوایان بەهیوا پەیداکرد مەلا سەید حەکیم ئەوەندەی پێ نەچو ناوبانگی دەوروپشتی خانەقی‌و کەلارو کنگریان و کفریشی گرتەوە. خوشەویست و دیوە. دڵسۆزی هەمیشە ئەهاتنە چاوپێ کەوتنی‌و فرمان لێ وەرگرتنی‌و ئامۆژگاری ڕێنمایی کردنی. ئەم پیاوێك بگاتە ئەوتەمەنەی ڕیشی ماش وبرنج بێت و دەست کورت و لەنگ بێت و مێزەر بەسەرو بە تەقواو لە خواترس بێت ئەوەندە بە دڵ و بە گیان خۆ بەخت گەر لەخۆ بردوو بێت. لە سەرەتای چلەکانەوە مامۆستام لە نزیکەوە ناسیبو دەیەها جار لە خزمەتیدا دانیشتیوم پێکەوە بۆ کفری‌و کەلار کەرکوك و سلێمانی سەفەرمان کردوە بەو هەموشان و شەوکەتەوە لەڕێو باندا دەستی ئەکردە سرود خوێندن و بەشاخ و دوڵ و هەردەکانی کوردستاندا هەڵی ئەدا. باوەڕی بە وخەلکە زۆر پتەو بو لە ڕێی ئەو خەڵکە زۆر ماندو بوبو وەهای ئەزانی کەکەوتە ڕۆژی تەنگانەوە هەموو ئەوا ئەکەونە پێشەوە کەچی بەداخەوە کەزەنگی مەترسی لێدرا زوربەی ئەو خەڵکە وەك بلقی سەر ئاو لە چاو وون بو ن سێ چوار کەس نەبێت کە لە خزمەتی ماڵ و منداڵیدا بون وەك (حاجی برایم بەگی جاف، ئەحمەد بەگی بابان، حاجی قادری شاتری، عەزیز پشتیوان) ئیتر ئاو بێنەو دەست بشو. پاش نەمانی زۆرو ستەم و توانەوەی هەوری خەفەت مامۆستامان لە جاران گەرم و گورتر بوو ڕۆژی لە ڕۆژان نەهات خۆی گلەیی لەو پیاوە مایە پووچانە بکات . هەواڵە مێژووی کردن و ناویان لە شوێنی خویا دیاری ئەکرێ.

مامۆستامان لە نیوەی دووەمی پەنجاکاندا توشی نەخۆشی هات و کەوتە ژێر نشتەری پزیشکان ، نیمچە برین ئێچێك بەنەزانی کبانی دەرهێناو لە چواردەی ئەم مانگەدا ڕیکەوتی ساڵی ١٩٥٧ ڕوحی ڕەداتی لە بەهەشت جێگیر بو. دەست بەجێ لەگۆڤاری (هەتاو) شتێکم دەربارەی توسی، چەند جارێك لەم لاو لەولا بێ ئەوەی چاویان پێ کەوتبێ دەربارەیان نوسیوە ئەویش هەر یارکردنەومیەکە بەڵام نوسینی پترو تێرو تەسەڵی پێ ئەوێ جارێ ئێستا با هەر ئەوەندەتان دەربارەی پێشکەش بکەم.

هەزار ڕەحمەت لەڕەوانی پاکت ئەی پلنگی پێ دەشتی سیروان، قەڵای بەرزی کوردان، سەرکردەی دەستەی چانەخۆران.

سەرماو کرێوەی زستانێکی تر..

بورهان هەژار

چاوەڕوانم زوو بێتەوە
کاتێکی تر..
ئاگات لێ بێ ڕێبەندانەو
شەوگار لێڵ و شەوە زەنگە
بەفر ئەم کێوەی پۆشیوەو

لە ئاسمانی شارەکەما
ئەستێرەی گەش
لە زیندانی هەوری ڕەشا
بەند کراوە..
زوو وەرەوە..
وورگی تاریکی هەڵدرەو
ملی هەور بپەڕێنە..!!
لەگەڵ ئازاری کۆچەکەت،
چەپکێ گڕو
مشتێ عەشق ی
باراناوی بهێنەوە
بۆ سووتانی،
خەوی ئەم شارە نەگبەتەو
چنینەوەی خۆرێکی تر..!
چونکە یادی
نیگاو سۆزی بەر بارانت

بۆتە تیشك و
لە شەوانی تاریکی‌دا
دا دەگیرسێ بۆ نوسینی
شیعرێکی تر..
ئەمە عەشقەو واتیکەیشتووم
گوڵ بارانێکەو
خەمی پیروزی تێدا ئەبارێ..
گەر لەشەوانی
تاریك و تووشا..
کۆرپەی ژانی نوێم
لە کوورەی بێ گڕ،
یا لە ئاسمانی پڕ هەورو ئەما
دا دەگیرسێنم
بۆ هەڵوەرینی
سەرماو کرێوەی زستانێکی تر..!

* ئەم شیعرەم پاشماوەی ئەوپارچە شیعرەیە کە بەر لە ماوەیەك پێش ئێستا بە ناتەواوی لە هاوکاری دا بڵاوبۆیەوە لە ژمارە (٨٦٢)، ١٩٨٦/١٠/٢٣

Institut Kurde de Paris

نەخۆشی شەکر

ئامادەکردنی
مطلب نورالدین احمد

نەخۆشی شەکر یەکێکە لە نەخۆشییە بڵاوەکان لەجیهاندا، بەجۆرێك هیچ شوێنێك نەناسراوە بە دوور بوونی لەم نەخۆشییە.

نەخۆشی شەکر دەتوانرێت پێ ناسە بکرێت بەبارێکی نائاسایی، کەتیایدا رادەی گلوکۆز زیاد دەکات،

ئەمەش لەبەر کەم بوونی بری ئینسولینی دەردراو ومیان کەم بوونی چالاکی ئینسوڵین.

ئینسوڵین

ئینسوڵین یەکێکە لە هۆرمۆنە گرنگەکانی لەش، لەلایەن خانەبێتاکانی پەنکریاس دەردەدرێت (پەنکریاس بێجگە لە خاتەبێتاکان خانەی ئەلفاشی تێدایە کە هۆرمۆنێکی تر دەردەن کە پێچەوانەی کاری ئینسوڵینە کە ئەمیش هۆرمۆنی گلوکاگۆنە.

کاری ئینسوڵین لەسەر کاربۆهێدرات: -

١ - رادەی تێك شکاندنی کاربۆهیدرات زیاد دەکات.

٢ - رادەی گۆرانی گلوکۆز بۆگلایکۆجەن زیاد دەکات.

٣ - رادەی دروست بوونی گلوکۆز لەپرۆتین لەلایەن جگەر کەم دەکات.

٤ - رادەی بەکارهێنانی گلوکۆز لەلایەن خانەکان زیاد دەکات.

بەم جۆرە ئینسوڵین رێژەی گلوکۆز لە خوێن کەم دەکات

هۆیەکانی نەخۆشی شەکر: -

١ - نەخۆشی شەکری هۆنەزانراو

زۆربەی زۆری نەخۆشە شەکرەکان سەر بەم کۆمەڵەن، لێرەدا هۆی نەخۆشییەکە بەتەواوی دیار نییە، بەڵام چەند هۆیەك هەن رادەی تووشی بوون بەم نەخۆشییە زیاد دەکەن کە بریتین لە: -

١ - زیاتر لە (٨٠٪) لە نەخۆشی شەکر لە تەمەنی (٥٠ ساڵ) بەرەو سەرەوەتر روودەدات.

٢ - نەخۆشی شەکر لەنێرە زۆرتر روودەدات هەر وەك لە مێیە.

٣ - نەخۆشی شەکر یەکێکە لە نەخۆشییە بۆ ماوەییەکان (وراثی) کە لەدایك و باوك بۆ وەچاکانیان دەگوێزرێت (بەڵام ئەمە مانای وانییە کە هەر منداڵێك لەدایك و باوکێکی تووش بوو بەنەخۆشی شەکر، پێویستە تووشی نەخۆشی شەکربێت).

٤ - پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان نەخۆشی شەکرو قەلەوی هەیە (بەڵام تا ئێستا نەزانراوە ئایا نەخۆشی شەکر دەبێتە هۆی قەلەوی ومیان نەخۆشی شەکر لە ئەنجامی قەلەوییە).

٥ - زۆر خواردن و کەم چالاکی پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ نەخۆشی شەکر.

ب - نەخۆشی شەکری هۆزانراو

ئەمەش بەشێکی کەم لەرێژەی نەخۆشانی شەکر دەگرێت، لێرەدا هۆی نەخۆشییەکە دەزانرێت کەگرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن: -

١ - هەوبوونی پەنکریاس، شیرپەنجەی پەنکریاس و لابردنی پەنکریاس.

٢ - هەوبوونی جگەر وفەوتانی جگەر.

٣ - ئەو هۆرمۆنانەی کەدژی ئینسوڵین کار دەکەن.

أ - هۆرمۆنی گەورەبوون ب - ئەدرینالین جـ - ثایروکسین

٤ - هەندێك دەرمان وەك:

نیشانەکانی نەخۆشی شەکر: -

کاتێك رێژەی گلوکۆز لەخوێن دەگاتە (١٨٠ مل گم/ ١٠٠ مل لیتەر) ئەمە دەبێتە هۆی وون بوونی رێژەیەکی زۆر لەگلوکۆز، لە گەل میز لە رێگای گورچیلەکان، بەمەش دەووترێت کەدەبێتە هۆی قەدەغەکردنی دووبارە مژینی ئاوو کانزا بەنرخەکان وەك سۆدیۆم و کالیسیۆم و پۆتاسیۆم لەلایەن گورچیلەکانەوە، ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆی وون کردنی بڕێکی زۆر لە ئاووکانزای لەش، بەم جۆرە نیشانەکانی نەخۆشی شەکر دەردەکەوێت کەبریتین: -

١ - نەخۆشەکە میزێکی زۆر دەکات.

٢ - نەخۆشەکە هەستێ بە تینوو دەکات.

٣ - بێهێزیو ووشك بوونی لەش.

٤ - وون بوونی کێشی لەش.

جۆرەکانی نەخۆشی شەکر: -

زانینی جۆری نەخۆشی شەکر پێویستە، چونکە چارە سەرکردنی نەخۆشی شەکر بەپێی جۆر دەگۆڕێت.

جۆری یەکەم: - ئەوانەی پشت بەئینسوڵین دەبەستن.

ئەمانەش بریتین لەو نەخۆشانەی کەتەمەنیان لە (٣٠) ساڵ کەمترەو زۆربەیان لاوازن.

جۆری دووەم: - ئەوانەی پشت بەئینسوڵین نابەستن ئەو نەخۆشانەن کە تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ بەرەو سەرەوەترەو زۆربەیان قەلەوون.

چارەسەرکردنی نە خۆشی شەکر: -

١ - خواردن: -

پێویستە نەخۆشی شەکر دووربکەوێت لەهەموو جۆرە خواردنێك و مێوەیەك کەماددەی شەکری تێدا بێت.

هەروەها پێویستە دووربکەوێت لە مێوەی ووشك کراوەو هەنگوین و شەربەت و خواردنە ساردکراوەکان (مثلجات). هەروەها پێویستە بڕێکی کەم لەپەتاتەو شیربەکار، بهێنێت.

نەخۆش دەتوانێت بەبێ ترسی ژمارەیەکی زۆر لە خواردن و خواردنەوەوە بخوات و بخواتەوە وەك ئاوو چایەو قاوەی بێ شەکر (وەیانم بڕێك شیرین)، گۆشت، گۆشت ماسیو پەنیرو تەماتە، هەموو جۆرە سەوزەیەك.

٢ - دەرمان: -

ئەمەش دوو جۆرەیە بەپێی جۆری نەخۆشی شەکر.

أ - ئەو دەرمانانەی کە لەرێگای دەم دەدرێت

بریتین لە سەلفۆنایل یوریا تۆلبیوتەمایدو بیگوەناید

ب - ئینسوڵین: -

کە لەرێگای دەرزی لەلەش دەدرێت.

کەم خوێنی لە منداڵ دا

عادل حسین عبدالله

کەم خوێنی لە منداڵ دا بە گیروگرفتێکی زۆر گەورە دانەنرێ چونکە کار ئەکاتە سەر گەشەو تەندروستی گشتی منداڵ. ووزە زۆر گرنگە بۆ هەموو خانەکانی لەش تاکو کارووباری خوێان بە رێك وپێکی ببەنە سەر، سەرچاوەی سەرەکی ووزەش لە خواردنەوە دێ.

کەم خوێنی بریتییە لە کەم بوونەوەی رێژەی ماددەی هیموگلۆبین کەمتر لە رێژەی ئاسایی کە ئەگاتە (١٢ - ١٤) گرام لە هەر (١٠٠) سم³ خوێنی. ئەم ماددەیە هەڵئەسێ بە کاری گواستنەوەی گازی ئۆکسجین بۆ خانەکان و وەرگرتنی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە خانەکانەوە بۆ سیەکان و لەوێش بۆ دەرەوەی لەش لەگەڵ هەناسەدانەوە.

هیموگلۆبین لە دوو بەش پێکهاتووە: کانزای ئاسن و ماددەیەکی پرۆتینی، وەرێژەی هیموگلۆبین کەم ئەبێتەوە ئەگەر هاتوو رێژەی کانزای ئاسن یان پرۆتین لە لەش دا کەم بوو لە ئەنجامی کەم بوونیان لە خواردن دا.

هۆیەکانی کەم خوێنی منداڵ:

دوو هۆی گرنگ و بڵاو هەن کە ئەبنە هۆی کەم خوێنی منداڵ ئەم دوو هۆیەش بریتین لە:

١ - کەمی کاترای ئاسن لە خواردن دا: گەلێك خواردن هەن کە رێژەیەکی زۆر کەمیان لە ئاسن تێدایە وەکو نیشاستە ، شیرینی - شیرو بەرهەمەکانی، بۆیە منداڵ ئەگەر هاتوو تەنها یان بە زۆری ئەم جۆرە خواردنەی خوارد، ئەوا تووشی کەم خوێنی ئەبێ، وە ئەو منداڵانەی خواردنیتر کە رێژەی زۆری لە ئاسن تێدانی ئەخۆن ئەوا بێگومان دووریئەکەون لە کەم خوێنی لەم خواردنانەش وەکو: گۆشت - هێلکە - جگەر - ماسی - سەوزەو میوە.

٢ - نەخۆشی مشەخۆری (طفیلیات).

گەلێك مشەخۆر هەن کە تووشی منداڵ ئەبن و ئەبینە هۆی کەم خوێنی لەو منداڵەدا لەمانەش وەکو: کرمی ئەسکارس، کرمی دەزوولەیی - کرمی شریتی - کرمی ئەنکلستۆما - بەلهارزیا.

هەندێ هۆی ترکەم خوێنی منداڵ:

هەندێ هۆیتر هەن کە ئەبنە هۆی کەم خوێنی لە منداڵ دا لەمانەش وەکو: هەوکردنی گەدەو ریخۆڵە (التهاب المعدة والامعاء)، کەمی ڤیتامین (B12) لە لەش دا، کەمی ترشی فۆلیك لە لەش دا، کەمی ڤیتامین (C) و نەخۆشی هەڵنەمژین لە ریخۆڵەدا (Malabsorption).

نیشانەکانی کەم خوێنی لە منداڵ

گرنگترین نیشانەکانی کەم خوێنی لە منداڵ دا بریتین لە: -

رەنگ زەرد بوون - بێهێزی - زوو ماندووبوون - لاوازبوون و هەندێ جار تەنگ نەفەس (هەناسە تەنگی)،د هەروەها گەشەی منداڵیش ئەشێوێ.

خۆپاراستن لە کەم خوێنی منداڵ:

یەکەمین ئامۆژگاری بۆ خۆپاراستن لە کەم خوێنی بریتییە لە ئاگاداری دایك و باووك لە جۆری خواردنی منداڵ، وەئەبێ بە پێی توانا ئەو خواردنانە بدرێ بە منداڵ کە زۆر لە مادەی پرۆتین و کاترای ئاسنیان تێدایەو منداڵ هان نەدەن بۆ زۆر خواردنی نیشاستەو شیرینی.

دووەم ئامۆژگاری ئەوەیە کە دایك و باووك ئەبێ زۆر ئاگاداری تەندروستی منداڵ بن لە پاك و خاوێنیدا، وەهەر کە منداڵەکەیان تووشی کەم خوێنی بوو، زوو بچن بۆ لای دکتۆرو زوو چارەسەری بکەن بەتایبەتی نەخۆشی مشەخۆرەکان کە زۆر باون لە نێو منداڵەکان دا وەئەبێ هەموو دایك و باووکان بزانن کە چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە ئاسانە، وە وا باشترە کە زوو چارە سەر بکرێن تاکو ژیانێکی بەختەوەر ببەنە سەر.

سەرچاوەکان

1 - Paediatrics by Ariond T.K. 1981. Vol. 2
2 - Davidson.

«پەیوەندی جگەرەکێشان بە نەخۆشییەوە.»

فاضل یابا محمد

زۆرمەیەکی زۆر لە لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەومیان سەلماندووە کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانی نەخۆشیو جگەرکێشان هەیە. کاربۆهایدرات و ترشە ئەندامییە ناچەوریەکان و نایترۆجین و نیکۆتین و گازی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن بە پێك هاتووە سەرەکییەکانی دەژمێردرێن.

ئەو کارکەرانەیش کار لە جگەرەکێش دەکەن بریتین لە جۆری تووتنەکە، درێژی جگەرەکە، جۆری فلیتەرو بەرگەکەی... لە کاتی قووم لێدانی جگەرەکە هەندێك لە پێك هاتوومکانی لە ناوپۆشە پەردەی دەم و قورگ و لووت، هەندێکیشیان لە سیەکان هەڵدەمژرێن. ئەو کەسەی کە دووکەڵی جگەرە زۆر قووت دەدات نزیکەی ٢ ملگم لە نیکۆتین هەڵدەمژێت لە هەر جگەرەیەك دا ئەمەش کار لە ئەندامی سوران دەکات و پالەپەستۆی خوێن و ترپەی دڵ و هێنری گرژبوونی ماسولکەکانی دڵ زیاد دەکات و پەیتێ چەوریە ترشەکان و هۆرمۆنی دژە - میزکردنیش بەرز دەکاتەوە. ئەمە لەلایەك لە لایەکی تریشەوە گازی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن کە گازێکی ژەهراوییە کار لە گوزەرکردنی ئۆکسجین دەکات چونکە هەر جگەرەیەك ٢ - ٦٪ ئەم گازەی تێدایە کە ئاستی کاربۆکسی هیموگلۆبین بۆ ٢ - ١٥٪ بەرز دەکاتەوە (لەو کەسانەی جگەرەکیش نین رێژەکەی لە ١٪دایە).

لەمانەی سەرەوە زاناکان گەیشتنە ئەم ئەنجامەی خوارەوە: -

رێژەی مردن لە جگەرەکێشەکان لە ٣٠ - ٨٠٪ زیاترە لەو کەسانەی جگەرەکێش نین. لە (٤٠٪)ی ئەو کەسانەش تەمەنیان «٣٥»ساڵەو رۆژی «٢٥» جگەرە دەکێشن ، لەپێش تەمەنی «٦٥»ساڵدا دەمرن ئەگەر بەراورد بکرێن بە رامبەر بەو کەسانەی کە جگەرەکێش نین بە رێژەی ١٥٪ یە.

لە لایەنی کار ئەندام زانیشەوە (فسیۆلۆژی) جگەرەکێش ئەلکەهول و چایەو قاوە زۆر دەخۆنەوە بەڵام کێشبان لە مروڤی ئاسایی کەمترە.

جا لەم رواڵگەیەوە باسی کاری جگەرە بەسەر هەندێکی لە کۆئەندامە جیاوازەکانی لەش دەکەین بە شێوەیەکی کورت.

١ - کۆ ئەندامی سوران - جگەرە کار لە دڵ و خوێن بەری دڵ دەکات و دەبێتە هۆی رەق بوونی خوێن بەرەکان لە لەش دا.

٢ - شێرپەنجە - جگەرەکێشان بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی شێرپەنجەی سی دادەنرێت. ئەمەشیان بەوە سەلێنراوە کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەساڵی ١٩٧٨دا زیاتر لە ٩٢٫٠٠٠٠٠ کەس بە شیرپەنجەی سی مردوون.

ئەو کەسەی رۆژێك «٢٠» جگەرە بکێشێت «١٠» جارو ئەوانەش «٤٠» جگەرە دەکێشن «٢٥» جار زیاتر تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن بە تایبەتی شیرپەنجەی خانە پوولەکەییو خانە بەرووییو.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە لەم دوایییەدا لە ئەمەریکا جگەرەکێشان لە لایەنی ئافرەتان زیادی کردووەو مردنیش لە پێشبرکێ دایە لەگەڵ پیاواو لەوی تیپەرکردووە.

٣ - کۆئەندامی هەناسە - جگەرە دەبێتە هۆی هەوکردنی بۆریچکەکانی هەواو ، کۆکەی درێژخایەن، بەلغەم، هەناسە تەنگی.

٤ - سك پری - جگەرەکێشان لەکاتی سك پریدا کار لە کۆرپەلە دەکات. ئەو منداڵەی کە دایکی جگەرەکێش بووە کێشی «١٧٠»گم کەمترە لەو منداڵەی کە دایکی جگەرەکێش نەبووە. هەروەها رێژەی مردنی کۆرپەلەشی زیاد کردووە.

٥ - کۆئەندامی هەرس - جگەرە چاك بوونەوەی قورحەی گەدەو دوانزەمگرێ دوا دەخات و کارێکی راستەو خۆش دەکاتە سەر هەرس کردنی دەرمان لەجگەردا.

جا بۆیە هیوادارین لە دو ارۆژێکی یەکجار نزیك دا دروشمی رێکخراوی تەندروستی جیهانی «جگەرەکێشان زیان بە تەندروستی دەگەیەنێ» شوێنی لەباری خۆی وەرگری لە جیهان دا.

ئەنفلۆنزە INFLUE NZA

نجاة عبد الله

ئەنفلۆنزە INFUENZA نەخۆشییەکی کوشندەیەو بەهۆی ڤایرۆسی Virus جۆرەکانی (A) یا (C) بڵاو ئەبێتەوە، نەخۆشییەکی نیشتەجێیەو لە هەردوو وەرزی زستانان و بەهاران دا بڵاو ئەبێتەوە، تووشی تەواوی چینەکانی کۆمەڵ ئەبێ، چەند شەپۆلێکی گەورەی پەتایی جیهانی گرتەوە. نەخۆشییەکە تووشی گەورەو بچوك ئەبێ. بە زۆری لە ئاوروپادا لە وەرزی زستانان دا بڵاو ئەبێتەوەو ئەبێتە هۆی مردنی رێژەیەکی زۆری پیرە کەنەفتەکارەکان. ماوەی کرکەوتنی نەخۆشییەکە Incubation period ١ - ٤ رۆژە، پاش ئەوە پلەی گەرمایی لەش بەرز ئەبێتەوەو وادەبێ دەگاتە ٤٠س کە ژانەسەرێکی Headache توندو سووکە ژانێکی چاو و پەلەکانیشی دەگەڵ دا ئەبێ پشت ژان ئەکا. هەروا وێرای ئەوانە نەخۆش هەست بە لەرزین shivering ئەکاو زۆربەی جاریش نیشانەکانی نەخۆشییەکە ووشکە کۆکەیەکیشی دەگەڵ دا ئەبێو زمانیش بە چینێکی سپی دائەپۆشرێ نەخۆشییەکە بەرگری Immunity بە دەستەوە نادا لەوانەیە نەخۆش لە وەرزێك دا دووجاران یەخەی بگرێ، ئەوەی تووشی ئەنفلۆنزە بێ تەنیا بەرگری بۆ جۆرێکی ئەو ڤایرۆسە پەیدا ئەکا تووشی بووە، بۆ جۆرەکانی دیکە نا.

● رێنمایی کردن:

١ - نایێ نەخۆش بە لایەنی کەمەوە تا پاش رۆژێك لە نەمانی (تا) یەکە ناو نوێن بەجێ بهێڵێ.

٢ - دەبێ ئەو ژوورەی کە نەخۆشی لێیە گەرم بێ تا وەکو تووشی سەرما بردوویی نەبێ، وئەگەر نەخۆش هەستیشکی کرد کەوا ژانەسەرێکی توندی گرتووە، دەتوانێ لە تووڕەگەی سەهۆڵەوە کەلك وەربگرێ.

٣ - بێجگە لە شلەمەنی بەتایبەتی ئاوی سەوزەوات چی تری پێ نەدرێو دەبێ هان بدرێت رۆژانە ٣ - ٤ لیترە ئاو بخواتەوە.

٤ - وا بە باش دەزانرێ ئەگەر پلەی گەرمی ژوورەکە لە دەوروبەری (٥٨)ی فەهرەنهایەتی یا (٣٠)س دابێت.

● چۆنیەتی بڵاوبوونەوە؟

نەخۆشییەکە بەم شێوانەی خوارەوە بڵاو ئەبێتەوە:

١ - لە رێگای هەواوە بە هۆی کۆکەو پژمین و قسەکردنەوە.

٢ - بەکار هێنانی کەل وپەلی نەخۆش و جل وبەرگ و قاپ و قاچاغ و هەموو پێداویستییەکانی تری نەخۆش.

٣ - بەهۆی وورده تفی دەم نەخۆشیکەوە بۆ ئێکی دیکەوە ئەچێ.

● نیشانەکانی : Symptoms

سەرەتا پلەی گەرمی لەش بەرز ئەبێتەوە، هێندی جار ئەگاتە (٤٠)س، (تا) یەکی قورس بەلەرزەوە کۆکەو پژمین، کەمی ئارەزووی خواردن، ژانەسك یا قەبزی، لە زۆربەی حاڵەتەکانیش ئاڵوەکان دەئاوسێن کۆکەیەکی توندو ژانەسەرێکی توند نەخۆش هەست بە لەرزین ئەکا وادەبێ هێندێ جار رشانەوەشی دەگەڵ دا ئەبێ، لەش داهێزارانێکی گشتیو هێندێ جار نەخۆش توانای بیرکردنەوەشی نامێنێ لە حاڵەتە توندەکانی ئەنفلۆنزەدا نیشانەکان سەرەتا بە کۆکەیەکی توندەوە دەست پێ ئەکات. کەوا لە ئەنجامی رووداندی سووتانەوەی بۆ رێیەکانی هەواوە پەیدا ئەبێ. وا دەبێ منداڵ لە هەفتەی یەکەمی دوای لە دایك بوونی تووشی ئەنفلۆنزە ئەبێ کە ئەویش ئەبێتە هۆی سووتانەوەی توندی سیەکان هەرچی توشبوونی منداڵی یەکساڵەیە مەترسی زۆری هەیە، لە وڵاتانی تازە گەشەسەندوو و دواکەوتەدا زۆربەی حاڵەتەکانی سك چوون diarrhoea لە ئەنجامی سووتانەوەی توندی ریخۆڵەکانەوە لە منداڵان دا روو ئەدا، بەهۆی ڤایرۆسی ئەنفلۆنزەوە ئەبێ، یا بە هۆی شەپۆلی پەتایییەوە ئەبێ کە لە هاویناں دا بڵاو ئەبێتەوە.

● ماکەکانی نەخۆشییەکە.

١ - سووتانەوەی قورگ و قورقوراگەو بۆ رێیەکانی هەوا.

٢ - سووتانەوەی سیەکان.

٣ - سووتانەوەی ماسوولکەکانی دڵ.

٤ - ئەنفلۆنزەی گەدە کە رشانەوە یا سك چوون یا هەردووکیانی دەگەڵ دا ئەبێ.

٥ - سووتانەوەی دەماغ کە ئەمەیان ترسناکترین ماکی ئەنفلۆنزەیەو ئەبێتە هۆی مردنی نەخۆشەکە.

٦ - سووتانەوەی گیرفانە لووتییەکان و گوێی ناوەراست.

٧ - رابایی دەروونیو لەش داهێزران و سووتانەوەی دەمارەکان.

٨ - خەوزران کە هێندێ جار تا رادەیەکی باش نەخۆشەکە جارس ئەکەن. مردن بە هۆی نەخۆشییەکە بە زۆری بە هۆی ماکەکانەوە ئەبێو ئەوانەی کە ئەشمرن بە زۆری پیرو منداڵن..

● چارەسەرکردن : Treatment

تا ئێستاکە دەرمانی ئەنفلۆنزە نەدۆزراوەتەوە، هەوای پاك، جێگەی گەرم خواردنی سووك، شیرو گۆشت (چەلاو) حەسانەوەو ئاسوودەگی تەواو خاوێنی دووركەوتنەوە لە جگەرکێشان و رۆژانە خواردنی هێندێ ڤیتامین (C) سی زۆر پێویستن.

سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم ووتارە لەم سەرچاوانە کەلك وەرگیراوە:
1 - Notes on mebical virology .MORAG. C. TimBury.
Foreord by: jH. snBAk. sharpe. 6th. edition. Newyork 1978
2 - Davidsons principle and practic of medicine. fourteenth edition. Newyork. 1984.
٣ - الصحة العامة والخدمات الصحية - الجمهورية العراقية - وزارة الصحة. الجزء الثاني. بغداد - ١٩٨٠
٤ - الدكتور عبدالحسين بيرم. الامراض المعدية القيروسية. دار القادسية بغداد - ١٩٨٤
٥ - المرشد الطبي الحديث. المكتبة الحديثة بيروت - (بلا)

Institut Kurde de Paris

بۆ دروست کردنی زەمینەیەکی مێژوویی هونەری شێوەکاری کوردی

نووسینی دارا محمد علی

هونەری شێوەکاری «تەشکیلی» کوردی بە شێوەیەکی گشتی‌و هونەری نیگار سازی «دەسم» بە تایبەت، بە هەوڵ و تێکوشان و حەزێکی زۆر گەورەو هەردەم ویستوویەتی ڕەگ و ڕیشەی خۆی لە جیهانی ئەمڕۆی هونەردا بکوتێ‌وا جێگاو شوێنێك لە سەر ئاستی هونەری عێراقی‌و نەخشەی هونەری بەگشتی بکاتەوە. ئەویش بە شان و بازووی ئەو هونەرمەندە بلیمەت و ڕەسەنانە کە شەیداو عیشقی ووشەی هونەری کوردی پێوژەو هەردەم هەوڵ و تەقەللایان بۆ خولقان و داهێنانی هونەرێکی بەرزو پوختی کوردین چونکە هونەرمەندی هۆشمەند هەردەم بەپرسیارەو کۆمەڵێك ئەرکی گەورەو مەزنی کەوتۆ سەرشان، بەتایبەت لەم قۆناخی هونەری کوردی ئێستاماندا، کەوابوو دەبێ بەو پەڕی لە خۆ بوردن بکەوێتە گیان هونەرە پێوژەکەی‌و هەوڵی داهێنانی ڕاستەقینەی بۆ نەخشە بکێشی‌و بزانێ چۆن مامەڵە لەگەڵ دەورو پشتی خۆی‌دا دەکا چونکە گەلی کورد هەروەك گەلانی تری ڕووی زەمین بێ بەش نیە لە شارستانیەتی خۆی‌و خاوەنی کەلەپوورێکی یەکجار بەرزو قەشەنگە. بگرە هەر لە هونەری سەرەتایی خۆی‌دا «الفن البدائی» کەوا شارستانێتی یەکەی لەوەوە دەستی پێ کردوە. تاکو هونەری ئەم سەردەمەی.. شایە تیشمان بۆ ئەمە ئەشکەوتەکانی «شانی دەر، هەزار مێرد.. زرزی، تا دەگاتە ئەمارەت و قەڵا کۆنینەکان.. هتد» کە بە چەندەها شتی هونەریان تێدا دۆزراوەتەوە بگرە هەر لە دروست کردنی ڕوخساری گۆزەو هەنجەرو کێردو چەقۆ کە بۆ پێویستی ژیان و بۆ خۆ پاراستن لە درندەو دوژمن بە کاریان هێناوە زۆربەی ئەو ئامێرانە لە بەردو ئێسك و شتی تر دروست کراون ئێستاکەش هەندێکی ئەم کەل و پەل و ئامێرانە لە موزەخانەکانی وولات دەبینرێن و پارێزراون هەتا ئەم جۆرە ڕوخسارانەش هەندێکی ئادەمی‌و هەندێکیدکەیان ئاژەڵی بوونەو ئەوی تریان تێکەڵ کردنی هەردوو ڕوخسارەکە لە کارە هونەریە سەرەتاییەکان دا، هەروا بێتەوە لە سەر دیواری ئەشکەوتەکان بە شێوەی هەڵکۆڵین وێنەیان کێشاوە یان ڕەسم کردنیان لەسەر قوڕی سوورەوەکراو ئەمانەش بەگوێرەی قۆناخە مێژوویەکان و پێشکەوتنیان لەم بارەیەوە.

ئینجا گومان تێدانیە کەو «کۆمەڵگای سەرەتایی‌و هونەری سەرەتایی ئەو دەم پەیوەندیەکی گیانی بە گیانیان بەیەکەوە هەبووەو هاوتای یەکیشن لە مێژووداء هەروا بێتەوە مامۆستای هێژاو مێژووناسی مەزن کاك «عبدالرقیب یوسف» جگە لە لایەنە ئەدەبی‌و مێژوویی‌یەکەی گرنگیەکی داوە بە لایەنی هونەری بابەتەکانیەوە، ئەویش لە مەڕ گەران بە دوای دیتنەوەی ئەو نەخش و نیگارە کێشراوانەی کە لە سەر تاق و دیوارو ئەستون و بەردو دەرگاو پەنجەرە دروست کراون لە شوێنەوارە کۆنینەکانمان دا، مامۆستای هێژا بە پێی توانا بۆ ئەم مەسەلە پڕوزە هەنگاو دەنێ‌و جێگای ڕێزو سوپاسە، سەردەمانێك کە یەکتریمان زوو زوو دەدیت لەم وێنانەی پیشان دەدام و پێیان دەگەشامەوە، جا ئەوەشیان هەر لەو کەلەپوورە مەزنەیە کە بۆمان ماوەتەوەو شانازی پێوە دەکرێ.

کۆتایی‌و بۆ دروست کردنی زەمینەی هونەری شێوکاری نوێی کوردی ئێمەی هونەرمەندان نابێ چوار چێکی بۆی دابنیشین و حیسابێکی هونەری پووختی ئەمڕۆو دوا ڕۆژی بۆ ئەکەین چونکە شارستانێتی ئێمڕۆ پێویستی بە هونەرێکی زیندوو هاودەم و خاوەن زمانێکی تایبەتەوە هەیە. لە بەر ئەوە پێویستە لە سەر هونەرمەندانی کوردو بەر پرسیاریشن بۆ دروست کردنی زەمینەی مێژووی هونەری شێوەکاری تازەو بێ گەرد لە لایەنە پوخت و چاکەکەی مێژووی کەلەپووری کۆن و نوێ تاوەکو بێتە چاوگەیەکی قووڵ و بێ بن بۆ نەوەی داهاتوو، کەوا چەندی لێ هەڵێنجن هەربن بداتەوەو تەشەنە بکا چونکە هونەر لە دایك بوونی وەخت و چەرخی خۆیەتی، ئەو کاتەی هونەر پێویست بێ چارنیە دەبێ سەر هەڵبدا لەبەر ئەوە (لاپەڕەیەکی مێژووی هونەر بە تەنیا بارستایی هەموو لاپەڕەکانی تری کۆمەڵگایەو ڕەش بوونەوەی بۆ بۆنیە) کەوا بوو هونەر (مێژوو)ەو هەڵگری باشترین بەڵگەی پێشکەوتنی کۆمەڵە، بۆ گۆڕینی لە حاڵەتە کپی‌و بێ دەنگی‌یەکەی بۆ حاڵەتە بزوك و دەنگدارەکەی. جا لە لای ئێمە مانان کەوەختێکە هونەری شێوەکاری بەگشتی‌و نیگار سازی بە تایبەت بەژن و بالای خۆی بینیوەو پێویستە بەبیرو باوەڕیکی قووڵەوە هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێ بۆ هێنانە دی زەمینەی هونەرێکی مێژوویی بەرز. هەروەکو زەمینەی ئەدەبە بەرزەکەمان! جالێرەدا هونەرمەندی شێوەکاری «تەشکیلی» کورد سەربەستە بۆ هەڵبژاردەمی بابەتەکانی خۆی‌و جۆری مامەڵە کردنی لەگەڵ دەقی ئەو بابەتانە، بگرە هەر لەو خەزێنە گەورەیەی کە لە کەلەپووری نەتەوایەتی کە بە هەموو لایەنەکانی‌یەوە بۆمان ماوەتەوە کە کارەستەیەکی چاك و بەنرخە بۆ ئەو هونەرمەندەی کە بتوانێ چۆن بیدوێنێ‌و بەرگێکی ئاڵ و والاو هاوچەرخێتی لەبەر بکاو زیندووی بکاتەوە کە ئەمەش دەبێ هونەرمەند زۆر بە زیرەکی‌یەوە بۆی بچێ چونکە کەلەپووری هەر گەل و نەتەوەیەك بە شێوەیەکی گشتی لایەنی چاکەو خراپەی تێدایە ئینجا لێرەدا توانای هونەرمەندی داهێنەر بەدیار دەکەوێ‌و دەبێ بزانێ چۆن مامەڵەی خۆی لەگەڵ دا دەکات. کارە هونەری‌یەکەشی دوور بێ لە «تۆمار کردنی»ێکی ڕووتەڵەکی بێ گیان و لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەو ناماقوول، بەڵکو کارە هونەری‌یەکە دەبێ ڕەنگدانەوەی بارو زرووف و سایکۆلۆژیەتی کۆمەڵگای ئەمڕۆ مرۆڤی ئەمڕۆ سبەینێی تێدا دیار بێ، ببێ بە پارچەیەك لە زەمینەی مێژوویی هونەری شێوەکاری نوێی کورد.

هەروەك بووە بەخوو کە زۆربەی هونەرمەندانی کورد لە لایەن ئەدیب و نووسەران باسی ژیان و هونەریان ئەکرێت یاخود لە چاوپێکەوتنێکا چەند پرسیارێکیان ئاراستە ئەکرێت..

بەڵام ئێمە لەم چاوپێکەوتنەدا وامان بە باش زانی کە خۆی باسی سەرەتاو چالاکیەکان و ڕوانینی تایبەتی خۆی بکات...

هونەرمەند محەمەد قەدری بەم شێوەیە دەستی پێکرد: من ناوم محەمەد قەدریە، لە دێی جافارانی سەر بە پارێزگای سلێمانی هاتووەتە دونیاوە، قوتابخانەی سەرەتایی‌و تا پلەی دووەمی ناوەندیم لە سلێمانی تەواو کردووە لە پاشان هاتینە شاری بەغدا، پاش تەواوکردنی پۆلی سێیەم لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان وەرگیرام، لە پەیمانگە ئاوازی دوو گۆرانیم بۆ یەحیا مەرجکان دانا «ڕووناك بۆ وزا داماوی»و «بەهارە جەژنی گۆلان» بۆ جەمال جەلالیش ئاوازی گۆرانی «دیالوجی هونەر خوازی»م دانا لە ساڵی ١٩٥٧ لە گەڵ گوڵبهار بە دوو قۆڵی بۆ ئێستگەی کوردی تۆماریان کرد.. لە ساڵی ١٩٥٨ ـ ١٩٥٩ بەپلەی یەکەم لە پەیمانگە دەرچووم و لە پاشان بووم بە مامۆستا لە قوتابخانەی «مثنی» لە بەغدا، پاش دوو ساڵ بووم بە سەرپەرشتیکەری هونەری لە بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕصافە... پاش دەرچوونی خوالێخۆشبوو شەمال سائب لە ساڵی ١٩٦٥ هاتم سەردەمەدا (ناظم نعیم)و گۆرانی بێژان لە کاتی پرۆڤە کردنا کە دەنگیان ئەبیستم هانیان ئەدام کە بەدەنگی خۆم گۆرانی بڵێم.. منیش دەستم کرد بە تۆمار کردنی گۆرانی یەکەمین گۆرانیشم «دڵ شکاو» بوو.

چاوپێکەوتنێکی «هونەری» هونەرمەندی کورد محەمەد قەدری..

کمال امین سمین

هەمیشە بەدوای هونراوەی باش و پڕ واتاو ووشەی پاك و ئاوازی ڕەسەنی کوردی‌و داهێنانی هونەری وێڵم بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە خزمەتی گەلی کورد بکەم. لە بەر هەندێ هۆی تایبەتی بە خۆمەوە نزیکەی حەوت ساڵە زۆر بەکەمی گۆرانی تۆمار ئەکەم، بەڵام لەم ساڵەوە دەستم کردووە بە تۆمار کردنی گۆرانی پێنج گۆرانیم بۆ ئێستگە تۆمار کردووە هەشت گۆرانیش بۆ تەلەفزیۆن.. پشت بەخوا بەردەوامیش ئەبم لە تۆمار کردنی گۆرانی‌و ئاوازدانان بۆ ئەو لاوانەی کە دەنگیان خۆشەو پێویستیان بەیارمەتیدان و هاندان هەیە.. هەروەها ئەم چاوپێکەوتنەش بەدەرفەت ئەزانم بۆ ئەوەی داخوازیە ئاراستەی برا شاعیرەکان بکەم، ئەوەی هونراوەی گۆرانی هەیە بە هۆی ئێستگەی کوردیەوە بۆمی ڕەوان بکات، تکاش لەو هاوڕێیان ئەکەم کە دەمێکە نامەیان بۆ ناردوم و داخوازیەکانم بەجێ‌ئەگەیاندون لێم زویر نەبن.. لەمەو دووا هەچ نامەیەکمان پێ بگات پشت بەخوا وەڵامی ئەدەینەوەو داخوازیەکانیشیان جێ بەجێ ئەکەین..

ڕۆدریگۆ و پارچە مۆسیقای «مۆنەمو»

ئاسۆ عمر

بێ گومان هەموو کەسێك لە ئێمە حەز بە گوێ گرتنی مۆسیقا دەکات، وەهەر کەسەش تام و چێژێکی تایبەتی دەبینێ، بێ گومان بەپێی بۆ چون و قوڵ بوونەوەی لە شێوەی دابەش کردن و جۆری ئالەتەکان و چۆنیەتی ئاوازەکە وابزانم زوربەی حەز بەگوێ گرتنی موسیقای خاو (هادیء) ئەکەین لە کات و شوێن تایبەتی‌و گونجاوی خۆیدا.

جا بۆ ئەوەی زیاتر لە باسە کە نزیك ببینەوە دەڵێم، ئەوەی زیاتر پەسندی لای گوێ گری مۆسیقایە، پارچە موسیقایی (مۆنەمو) یە، بێ گومان زۆربەمان گوێمان لە پارچە مۆسیقا قەشەنگە بزوێنەرە بووەو وەکو ئەشزانرێ ئارەزوومەندانی مۆسیقا بە تێکڕا وەلە هەموو جیهاندا ئاشنایەتی‌یەکی چاکیان لەگەڵ ئەم پارچە مۆسیقایەدا هەیە جگە لەو کەسانەی کە کەم ئاگاداری مۆسیقان کە تەنها بە گوێ گرتنیان لەم پارچە مۆسیقایە هەستیان دەجوڵێنێت و لایان پەسند دەکرێ.

ئاشکرایە کە سەر چاوەی بیستنی ئەم پارچە مۆسیقایە زۆر زۆرە بە جۆرێك کە ئەتوانم بڵێم کەم کەس هەیە نەیبیستبێ، بۆ نموونە لە ڕادیۆدا



لە زوربەی تەمسیلیە عاطفی‌یەکاندا دەبیسترێ جایان وەکو پێشەکی‌یەکی مۆسیقی یاخود وەك باك ڕاوندێك لە کاتی قسەدا وەهەر بەم جۆرەش لە تەلەفیزۆندا، ئەمە جگە لە شریتی کاسێت کە بە هۆیەوە بە جۆرەها شێوەی ژەنین و دابەش کردن دەبیسترێ.

بێ‌گومان دوای خۆ پێ ناساندنی ئەم پارچە مۆسیقایە، دەبێ بزانرێ کێیەو دانەرە بلیمەتەی کە بەم شێوە بەهێزو بەتامە دای ڕشتووەو پیشکەش خەڵکی کردوە، هەتاکو زانینی کورتەیەك لە ژیانیشی پێویستەو گرنگی لای ئارەزوومەندانی مۆسیقایە. بەڵام پێش ئەوەی بەناوو ژیانی ئەو بیلمەتەتان بناسێم دەمەوێ ڕاستیەك هەیە بۆ گوێ گرانی موسیقاو خوێنەری بەڕێزی ڕوون بکەمەوە.

دەتوانم بڵێم لای زۆربەی خەڵك وا دیارە کەگوایە ئەم پارچە مۆسیقایە پارچە مۆسیقایەکی فەرەنسی‌یە، بە واتا دا نەرەکەی مۆسیقاریکی فرنسی‌یەو خۆی لە خۆیدا گورانی یەو پاشان بە مۆسیقای تەنها پێش کەش کراوە، وەناوی (مۆنەمو)ی بەسەرا سەپێنراوە. چونکە گورانی‌یەکە ناوی (مونەمو)یەو لە لایەن گورانی بێژێکی فەرەنسی‌یەوە ووتراوە، بەڵێ وەك ووتمان ئەم گورانی‌یە هەیەو بەزمانی فرنسی ووتراوە بەڵام ئاوازەکەی دگەڕێتەوە بۆ دانەرە بلیمەتەکەی کەناوی (جاکوین ڕۆدریکو)یە کە خەڵکی وولاتی ئیسپانیایە.

ڕۆدریگۆی بلیمەت خاوەنی تەواوو ڕاستەقینەی ئەم پارچە موسیقایە بەڵام بە شێوەیەکی تێرو پڕ تر، واتا ئەم پارچەیە بەشیکە لەو پارچە مۆسیقا گەورەیەی کە ڕۆدریگۆ بەناوی (کونشرتۆی ئاغانیوس) بۆ ئالەتی گیتار (هەوایی ـ ئیسپانی) نووسیووە، (مەبەست لە کۆنشرتۆ ئەو پارچە موسیقاگەورەیەکە بۆ تەنها ئالەتێکی مۆسیقی دەنووسرێ‌وە بەهاوبەش تیپێکی ئورکسترای گەورە).

ئەم کۆنشرتۆیە هەر وەکو چۆن لە سە مفۆنیدا هەیە پێك هاتووە لە سێ حەرەکی سەرەکی (سریع) (بطیء) (سریع). جا ئەگەر گوێ لەم کونشرتۆیە بگرین بە تەواوی، دەبینین لە دوای ئەوەی حەرەکەیەکەم تەواو ئەبێت بە چەند چرکەیەك حەرەکەی دوەەم دەست پێ دەکات، ئەم حەرەکەیەش بریتی‌یە لەو پارچە مۆسیقایەی کە بەناوی (مونەمو) وە! ناسراوە.

لێرەدا دەڵێم کەواتە پارچە مۆسیقای (مونەمو) بەشێکە لە کۆنشرتۆی ئاغانیوتسی ڕۆدریگۆ نەك پارچە موسیقایەکەو لە گورانی یەکی فەرەنسی‌یەوە وەرگیرابێ.

جا ئێستا (باسێکی) کورتی ژیانی (ڕۆدریگۆ)ی بلیمەت دەکەین..

جاکوین ڕۆدریگۆ لە ٢٢ نوفەمبەری ساڵی ١٩٠٢ لە ئیسپانیا لە ناوچەی (Valencia) هاتۆتە دنیاوە.

هەر لە منداڵیەوە حەزی بە مۆسیقا کردەوەو بەبەهرە مەندێکی گەورە لەم بارەیەوە ناسراوە.

لە ساڵی ١٩٢٨ بۆ خویندنی مۆسیقا چۆتە (فەرەنسا)و لە یەکێك لە زانکۆ مۆسیقی‌یەکانی (پاریس) دا، بەشی پیانۆی تەواو کردوەو، هارمۆنی (علم الهارمونی) لە مۆسیقادا خوێندوەو ئاشنایەتی‌یەکی باشی لەگەڵ موسیقای میلی‌ی ئیسپانیا ورێبازەکانی هونەری مۆسیقاری جیهانی ڕۆژئاوا پەیداکردوە.

لە پاشاندا گەڕایەوە وولاتی خۆی، پاش مانەوە لەوێ بۆ ماوەی دووساڵ، جاریکی تر گەڕایەوە پاریس، ئەم جارە دەستی کرد بە خوێندنی مێژووی موسیقا.

ئالەم کاتەدا بوو ڕۆدریگۆ کونشرتۆ نایا بەکەی (کۆنشرتوی ئاغانیوتسی)ی بە ئەنجام گەیاند.

بروانە ل ١١

«کاك شەوکەتی گۆرانی بێژو شاعیر»



نووسینی هەردەوێل کاکەیی

کاك شەوکەت کوڕی مام خورشید کوڕی مەلا حوسەینە، بە تیرە (مام)مو لە هۆزی کاکەیی‌یە، لە ساڵی ١٩٣٦ ی ز لە دێی مێخاس لە دایك و باوکی کوردی لە بنەماڵەیەکی گۆرانی بێژ لە هەرێمی (خانەقین) بۆ یەکەمجار چاوی هەڵهێناوەو هاتووەتە ڕووی جیهانەوە.

مام شەوکت ـ پیاویکی باڵا بەرزو گەنم ڕەنگە، گاڵتەچی‌و ڕوو خۆشە، دەنگی ناسك و زوڵاڵە، هەر لە منداڵیەوە ئارەزووی لە گۆرانی وتن کردووە، وانەی گۆرانی لە مامی مام عەبی (عبدالله) مام غولامی برای وەرگرتووە، برایەکی تریشی هەیە ناوی مام ئەڵماسە ئەویش بەهرەی گۆرانی وتنی هەیە.

بەڕێز مام شەوکت ـ لە ساڵی ١٩٦٧ی ز لە گەڵ خوشکە حەمدیەی کچی مام حوسێن مام موتورزا لە دێی دەلسی گەورە زەماوەندی کردووە بەرهەمی ئەو زەماوەندەی شەش کوڕو پێنج کچە، ئێستا لە دێی تۆبزاوە لە هەرێمی (داقوق) دادەنیشێ، بە ئیشی کرێکاری ڕۆژانە ماڵ و منداڵەکەی بەخێو دەکات، خوێندەواریەکی مام ناوەند ی هەیە، شارەزایی‌یەکی باشی لە شمشاڵ لێدانیشدا هەیە، گەڵی گۆرانی‌و مەقامی فۆلکلۆری کوردی دەزانێت وەك قەتار، ئەللاوەیسی، خاوکەر، خورشیدی، ئای ئای، دەشت.. تد ئەم هونەرمەندە جگە لە وەی گۆرانی بێژە شاعیریشە گەڵ هۆنراوەی بە شێوە زاری ماچۆوو کرمانجی خوارو هۆنیوەتەوەو خۆیشی ئاوازی بۆ دادەنێ‌و دەیکا بەگۆرانی بەڵام تا ئێستا هیچی لێ بڵاو نەکردووەتەوە، هۆنراوەکانی گەڵ سادەو ساکاران، لە سەر ڕێبازی هۆنراوەی فۆلکلۆری دایڕشتووەو هەر ئەو گۆرانیانەیش کاری تێ کردووەو بوونەتە هۆی هاندانی بۆ ئەوەی بەهرەی شیعر پەیدا بکات و دەست بداتە قەڵەم بۆ شیعر نوسین، ناز ناوی «چیانشین»ی بۆ خۆی هەڵبژاردەمو شیعری پێ دەنووسێت.

چیا نشین ـ گەڵێ کتێب و دیوانە شیعری شاعیرە کوردەکانی خوێندنەوەتەوە لەوانە: دیوانی مەولەوی، بابا تاهیری هەمەدانی، وەلی دێوانە، تاهیر بەگی جاف، بێ‌کەس، پیرە مێرد، حاجی قادری کۆیی، فەقێ قادری هەمەوەند، خەلیل منەوەر، مەلا عەباس، شانامەی هەفت لەشکر، قەڵای خەیبەر، شیرین و فەرهاد، خورشیدو خاوەر، مەنیجەو بێژەن، لەیلاو مەجنوون، مەولود نامە، ڕۆستەم و زۆراب، قەندیل قەڵا، عەظیم شاهـ... تد، ئێستاش هەر بەردەوامە لە خوێندنی ئەو جۆرە کتێبانە.

لە کتێبی «هەڵبژاردەیەك لە هۆنراوەی فۆلکلۆری ناوچەی گەرمیان ـ بەرگی یەکەم» کە لە ساڵی ١٩٨٥ی‌ز لە چاپخانەی (الحوادث) لە لایەن نووسەری ئەم باسەوە لە بەغدا چاپکراوە تروسکەیەك لە ژیانی ئەم هونەرمەندە بڵاو کراوەتەوە.

ئەمەیش چەند نموونەیەکە لە بەرهەمەکانی شاعیر:

ـ ١ ـ

هەی لەیلەکەی پەرچەم جوان
هەی شا گوڵی ناوی گوڵان
فریشتەکەی پای کۆساران
لەنجەت سەیرە! بۆ دڵداران
ئاسکەکەی بەر، سەرماو باران
هەی شا ژنی ناو گشت شاران
بەچکە پۆری تەپەو هەردان
وا لە عەشقت بوم سەر گەردان

ـ ٢ ـ

پارێز ناکەی لە جوان و پیر
برژانگ چاوت کردووە بەتیر
ئەیهاوێژی بۆ سنگ و دڵ
پێم ناڵێی چی، ئەکەی حاسڵ؟
ئەگەر شاهی ئەگەر سوالکەر
ئەبێ شەرم کەی لە خوای بان سەر
دڵسۆزمکەی شێت و شەیدا
لە عەشقت خۆم دا بەهەردا
پیرەژنی، نەما باوت
بێ تەئسیرە غەمزەی چاوت
چەندت پێکا؟ کاتی لاوی
بە باڵاو قەد زوڵفی خاوی
وەرە بەلای دڵ شکاوت
بۆنکەم زوڵف و پرچی خاوت

ـ ٣ ـ

ئەو شیرینەی لە بێستوون
ئەو فەرهادەی کرد سەرنەگوون
چاوەکانی شەنگ هاوێژە
ئەدا لە جەرگ نووکی تێژە
لە مێژا خۆی هاشار داوە
لە جوانیدا بێ حەساوە
جادوی چاوی خەتا کارە
سەدان بەتیری زامدارە
بێ پەیمانەو هاشاکارە
ناوی شیرین زۆر نازدارە
چاوی مەست و گۆنای ئاڵە
مەمکۆڵانی هێشتا کاڵە
ناسك، خرپن، کۆرپەی ماڵە
ناز فرۆش و چواردە ساڵە
چاوەکانت سورمەدارە
جەرگی «شەوکەت» پێی زامدارە
چاوت نیگار دەسی گەردوونە
تاوانکاری دەوری دوونە
کوردی ئەرمەن شیرین ناوە
کاك فەرهادی پێ کوژراوە
پەلکی زێرین قەمچی مارە
جوان وەکو خۆر ئێوارە
تاری نیە لە دیمەنە
نازداری شاری ئەرمەنە
لە ڕۆیشتن زۆر بەنازە
لاوان بۆ نازی پێشوازە
«چیانشین» لە خەمباری
نووسی ئەشعار بۆ دڵداری
هەر کەللەیەك نە تارێکە
هەر دڵێك پەروازێکە
هەر سۆزێ وە نازێکە
هاژەی با لە دارێکە
دەنگی نەی ئاوازێکە
گوڵ مەستی بەهارێکە
هەر شۆخێ دڵدارێکە
یارمکەی من لە شارێکە

ئەم پارچە هۆنراوەیەی خوارەوە یەکێکە لە شیعرە ماچۆکانی:

ئا کنا چە کێ؟ گجی تەنگ پۆشان
مەلو وە ڕێدا وێنەی مەدهۆشان
هەزاران بیا لاوو هەرزەسر
گەر سەرسامەنێ نەعەشق چەم خومار
کنا تۆ پەریت؟ یان ئادەمیزاد
واسە عاشقتەن سەد وێنەی فەرهاد
گەر تۆ لەیلەنی قەیست ئامادەن
گەر خاوەرەنی خورشید جەلاتەن
گەر مەنیجەنی بێژەن حەیرانتەن
گەر شیرینەنی فەرهاد قوربانتەن
یە «چیانشین» وات ماواش گەرمیانەن
پەی شوخ ئازیز نەزرو قوربانەن

Institut Kurde de Paris

«کوژانەوەی چرایەك»

ئەم چەند دێڕەم‌لەوەختێکا نووسی کەدایك و باوکێك لەهشت و مرێکی توندابوون دەربارەی لە باربردنی کوڕپەلەکەیان، لەڕاستیدا یادداشتێکی خەیاڵاوی کوڕپەلەیەکە لەسکی دایکیدا:

● تەشرینی یەکەم: ئەمڕۆ دەستم بەدروست بوون کرد.

دایك و باوکم هیچ دەربارەی مەسەلەکە نازانن. قەوارەم لە تۆوی سێویش بچووکترە... بەڵام هەرچۆنێك و هەرچەندێك بم... من هەر منم!! با هێشتاش شێوەو ڕوخسارێکی تایبەتیشم وەرنەگرتبێ!! بەڵام من هەست بە بوونی خۆم دەکەم (کە بووم بە کچێش گوڵ و گوڵزارێکی زۆر کۆ دەکەمەوە چونکە حەزم لێیەتی).

١٩ تەشرینی یەکەم: هەرچەندە بڕێك گەورە بووم بەڵام هێشتا توانای هیچ جۆرە جووڵە نەومیەکم نیە دایکم بە خوێنی خۆی دەمژێنێ. لە ژێر دڵیدا دەمپارێزێ ئەوەی سەیریشە ئەومیە کە دایکم تائێستا بێ خەبەرە.

٢٣ تەشرینی یەکەم: دەمەم دەستی کرد بە دروست بوون. دەزانن دوای ساڵێك دەتوانم بە ئاسانی پێکەنم و قسە بکەم!! دڵنیاشم یەکەمین ووشەیە کەدەمی پێبپشکوێ ووشەی «دایکە». کێ دەتوانێ بڵێ کە من نیم . (ئەی پارچەیەك «نان» هەر بە «نان» ناژمێردرێت).

٢٧ تەشرینی یەکەم: ئەمڕۆ دڵم دەستی لێدان کرد. تا دوا هەناسەی ژینم ناوەستێ.

(گەر بێمە دونیاوە دڵم پڕ لە خۆشەویستی‌و سۆز دەکەم).

٢ تەشرینی دووەم: ڕۆژ لە دوای زیاتر گەشە دەکەم. پەل و پۆم دەستیان بە دەرکەوتن کرد. (ڕۆژێکیش دێت کەبەرەو دایکم ڕابکەم و باوەش بە باو کما بکەم).

١٢ تەشرینی دووەم: پەنجەکانم وا وورده وورده دەرکەوتن . بەڵام ئەوەندە بچووکن «ئێوە» دەخاتە گومانەوە. تەنانەت خۆشم لێیان بەگومانم. ئەم پەنجانەم لە دوا ڕۆژدا یاریان پێدەکەم و گوڵ و گوڵزاریان پێ دەچنمەوەو پێیان دەنووسم.

٢٠ تەشرینی دووەم: ئەمڕۆ دایکم چوو بۆ لای پزیشك!!

بۆیە لای ئاشکرا بوو کە من وام لە سکیدا!!.

(دایە تۆ بە من شادمانی ... وانیە؟)

پاش ماوەیەکی کورت لەبەر ،دەستتدا گرۆگاڵ دەکەم.

٢٥ تەشرینی دووەم: دایك و باوکم تا ئێستا هەر نازانن کەمن دەبم بەکچ!! (جا نازانم ئەوان چاوەڕوانی چین... کوڕ یا کچ؟) بەڵام من کە کەهاتم... ... حەز دەکەم وەکو دایکم چاو ڕەش بم!!

١٠ کانوونی یەکەم: ڕووم بە تەواوی ڕسکاو دروست بوو. خۆزگە لە دایکم دەچووم.

١٣ کانوونی یەکەم: ئێستا دەتوانم دەورو پشتی خۆم ببینم. بەڵام ئێجگار تاریکە . لەکەڵ ئەوەشدا شادمانم چونکە دەژیم پاش ماوەیەکی کورت چاوەکانم ڕووناکی دونیا دەبینن.. (ئەو یاریانەش دەبینم کە منداڵان دەیکەن. تا ئێستاش نە دەمیام دیوە نەهەور نەچیا . ناشزانم ئەم شتانە چین و چۆن!!) دایکە گیان نازانم تۆش چ ڕوخسارو شێوەیەکت هەیە. ئای گەر دەزانی چەندە بە پەروشم بۆز بینیت.

٢٤ کانوونی یەکەم: دایکە . من هەست بە ترپەکانی دڵت دەکەم. ئایا تۆش هەست بە ترپەکانی من دەکەیت؟ من دەبم بە کچ و لەو پەڕی جوانی‌و تەندروستیدا دەبم . (من دەزانم هەندێ دایکی دڵ ڕەق هەن منداڵیان ناوێت. بەڵام دایکە من دەمەوێ بێمە دونیاوەو بژیم... دەمەوێ لە باوەشتا بنووم و تەماشای ڕووە جوانەکەت بکەم) تۆش بەهەمان حەزو خولیاوە چاوەڕوانی بمبینی.. حەز دەکەی بۆنم بکەی... لە باوەشم کەی... وانیە؟!!.

٢٨ کانوونی یەکەم: ئاخ دایکە ...بۆچی وبست ئاوا کۆتایی بەژیانم بێنن؟.. خۆ پێکەوە کاتێکی خۆشمان بەسەر برد.

(دایکە ... دایکە)

بەم جۆرە ژیانی کوڕپەلەیەکی ڕەنگین بەلەباربردن کۆتایی هات!!

حەسەنی مارف

گفت و گۆیەك لەگەڵ ژنەکەی نیلسۆن ماندیلادا

بەشی یەکەم — **وەرگێڕانی: سەلام محەمەد**

ناوی وینی ماندیلایە، ژنی نیلسۆن ماندیلای سەرکردەی پێست ڕەشەکانە کە بیست وسێ ساڵی ڕەبەقە خراوەتە بەندیخانەکانی بریتۆریاوە، کاتێ بوونەتە هاوسەری بەکتر تەنیا دوو ساڵ پێکەوە ژیاون و لەو ماوەیەدا دوو کچیان بووە، زینی‌و زینزی.

لە دووای ئەم هەموو ساڵگارە خەمگین و سووتێنەرانە، وینی هیواداره کە پێش ڕزگاربوونی خوارووی ئەفریقیا مێردەکەی نەمرێت چونکە سەرکردەی پێست ڕەشەکان کۆمەڵێ گیروگرفتی تەندروستی ئاڵۆزی تووش هاتووەو ئەمڕۆ سبەی ئەخرێتە خەستەخانەوە[1] .

- تۆ خێزانی «نیلسۆن ساندیلا»یت، چۆن تەماشای زۆرانبازی نێوان پێست سپی‌و پێست ڕەشەکان ئەکەیت؟

● شاعێریك هەیە لە گۆهانسبێرگ، شتێکی دەربارەی زۆرانبازی نێوان شەوو ڕۆژ نووسیوە، ئەم شاعیرە وێنەیەکی ئێجگار جوانی دەربڕیوە کاتێ ئەڵێ، بە هەردووکیان یەك ڕۆژ پێك ئەهێنن، یەك کات پێك ئەهێنن، ئەوەیشی خستوتە ڕوو کە سرینەوەی شەو وەکو پێویست واتە سرینەوەی ڕۆژ، بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.

منیش بەم شێوەیە لە کێشەکە ئەگەم، کاتێ پێست سپی‌یەکان بیر لە سرینەوەی پێست ڕەشەکان ئەکەنەوە، هەروایش بیرئەکەنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا خوێنان ئەسڕنەوە، ئەمەیە ئەو موعادەلەیەی «بیتەر بوتا»و ئەسقەفەکانی تاریکی‌ی تێ‌ی ناگەن.

ئایا هەموو پێست سپی‌یەکان (مەبەست لە پێست سپی‌یەکانی بریتۆریایە - وەرگێڕ) وەها بیر ئەکەنەوە؟

● زۆربەی هەرە زۆریان، لە گەڵ ئەوەشدا ئێمە قەرزاربارى ئەو پێست سپی‌یانەین کە دەنگ و بازووی نارەزایی دەربڕینیان بەرزکردۆتەوە، بەشێك لەوانە هەستێکی مرۆڤانەی ناسکیان هەیە، بەشەکەی تریش خاوەنی ئاسۆگەیەکی سیاسی فراوانن.

ئەوانە چاك ئەزانن کە ئەم بارودۆخە ناهەموارە دریژە ناکێشێت، زۆرریش قورسە ئەگەر هەر مەحاڵ نەبێت بیست ملیۆن پێست ڕەش ئەفروتونابکرێت.

- بەڵام پێست ڕەشێکی زۆر هەن کە هاوکاری لە گەڵ ڕژێمدا ئەکەن بە تایبەتیش لە ریزەکانی پۆلیسدا!

● ئێمە هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوەی سفت وچڕمان بەرپا کردووەو ئەم هەڵمەتەش تا ڕادەیەکی دوور بەرهەمی داوەتە دەستەوە بەڵام هێشتا زۆر هەن کە هاوکاری لە گەڵ ڕژێمدا ئەکەن و لەم ڕووەوە شێوازی تایبەتی خۆمان هەیە بۆ تەمێ کردنیان. لەم ناوچەیەدا پۆلیسی پێست سپی‌و پێست ڕەش بە یەك چاو تەماشا ئەکرێن و پیاوکوژەکان هەموویان وەك یەك وان. بە هەر حاڵ، هاوکاری کردنی هەندێك «دیاردە» نیە بەڵکو ئێمەین دیاردەی ڕاستەقینە کە ئەمانەوێ بایەخ بدەینەوە بە مرۆڤ.

- بێجگە لە جەستە چی ترتان هەیە؟

● دڵمان هەیە لە ئاگر، ڕەنگە چاوت بە خوێپشاندانەکانی ئەم دووایە کەوتبێ، خەڵکەکە ناترسێن، تەکان ئەدەنە خۆیان و، ئەمرن و، دیسان هەر تەکان ئەدەنەوە خۆیان. مردن گیروگرفت نییەو هەر ئەمەیشە بۆتە هۆی توڕاندنی پێست سپی‌یەکان، هەر یەکێك خوێپشاندەرانە لە پێناوی ئەوەکەی تردا خۆی بە کوشت ئەدات.

بەڵی،... شەڕ دەستی پێکردووە....

- کەی دوواجار مێردەکەت دیوە؟

● زۆر نابێت، بەڵام بەیەك گەیشتنەکە وەك ئاهەنگ وابوو «بە پێکەنینەوە» بۆ یەکەم جار لە مێژوودا هەموو خێزانەکە کۆبوونەوە.

- چۆن؟؟

● ساڵی ١٩٦٠ شووم پێکرد، دوو ساڵ پێکەوە بووین و لەو دوو ساڵەدا زینی‌و زینزیمان بوو، ئیتر سەبارەت بە گرتنی نیلسۆن لە یەك دابراین، هەر لەو ڕۆژەوە زۆر کۆسپ و تەگەرەم هاتە پێش کە هەرگیز بە بیری کەسدا نەدەهات، لە توانای نیلسۆن دا نەبوو چاوی بە کچەکانی بکەوێت هەتا تەمەنیان نەگاتە شازدەساڵان، یاسای پێست سپی‌یەکان سەردانی بەندیخانەکانی لە کچ ئەدات قەدەغەکردووە هەتا نەگاتە ئەو تەمەنە، بەڵام ڕێگای بەندکردنی کچ ئەگەر تەمەنی بگاتە هەشت ساڵان، هەر لەم چەند هەفتەیەی دووایيدا، بە بیانووی بەردباران کردنی پیاوەکانی پۆلیس و سووتاندنی تایەی لاستیکەوە نزیکەی هەزار منداڵ گیراون. هەر هەمان یاسا ڕێگا نادات زیاتر لە یەك کەس سەردانی بەندی‌یەکە بکات بۆیە هەرجارەی یەکێکمان ئەچووین، بەڵام، بەر لە هەفتەیەك و لە ژێر پاڵەپەستوی جیهانیدا، ڕێگامان درا، هەموومان پێکەوە، بچینە سەردانی، دوو ئەفسەری پۆلیس لەو دانیشتنەدا ئامادە بوون بەڵام من هەستم بە بوونیان نەکرد، مێردەکەم ئێجگار ڕووخۆش بوو بە بینینمان، وەك ئەوەی کە ئێمە نوێنەری هەموو پێست ڕەشەکان بین.

- ئەو باسانە چی‌بوون کە لەو دیدەنیەدا هاتنە پێشەوە؟

● مێردەکەم زۆر دڵخۆش بوو، باسی سیاسەتمان نەکرد بەڵام لە ڕوخساریدا ئاسۆ ئەدرەوشایەوە، ئەوەی خەریکی کردبووم نەخۆش یەکەی بوو چونکە لە هەموو کانەکانی تر گرنگترە تێ‌ئەکۆشین کە ئەویش: سەربەستی‌یە.

عەمەلیات کردنی گەدەو گورچیلەی، هەروەها ئازار بە «پروستان»یشەوە ئەکێشێت بۆیە پێویستی بە عەمەلیانی سێیەمیش هەیە، گیروگرفتە تەندروستی‌یەکانی زۆرن، بەڵام، گرفتی ڕاستەقینەی خوارووی ئەفریقیایە کە عەمەلیاتێکی گەورەی ئەوێ.

- عەمەلیات؟ لە کوێ..؟؟

● لە سەری، پێویستە لەم ناوچەیە کۆتایی بە سەری پێست سپی‌یەکان بهێنرێت، بە لای ئێمەوە، ئەم سەرە مەرگ ئەنوێسێ‌و ئێمەیش لە ژیان ئەگەڕێین.

- ئەگەر سەرکەوتن، چارەنووسی پێست سپی‌یەکانت چۆن دێتە بەرچاو؟..

● ئێمە لە پێناوی سەربەستی خوماندا ئەجەنگین، واتە لە پێناوی‌دروشمی «کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی»یش ئەمەیە: - سەربەستی بۆ هەمووان.

کە ئەم جۆرە سەربەستی‌یەش دروست بوو ئەوسا لە توانامانداە ئەبێت نموونەیەکی باڵای دادپەروەری پێك بهێنین، بەڵام نازانم، بۆچی پێست سپی‌یەکان، سوورن لە سەر پاراستن سەرەگورگ بۆ خۆیان؟ بیگومان سەری ئێمەیش سەربزن نیە، ئێستا هەموومان سەری ئاسنینمان هەیە.

- تۆ دڵنیایت لە سەرکەوتن؟

● وەك دڵنیابوونی تۆ لەوەی کە سبەینێ خۆر هەڵدێت، ئێمە چاك ئەزانین کە چەندە قورسە بەلای پێست سپی‌یەکانەوە ببین بە هاوبەشیان لە کارگەی کانەکاندا نەك تەنیا وەکو ئالەت لەو کارگانەدا کاربکەین و هەر لەوێشدا بمرین، بەڵام، شۆرشی مردووان هەڵگیرساوەو هیچ کەسێك ناتوانێ بەری لێ‌بگرێت، ئێمە لە پێناوی زێڕو کۆبالت و یورانیۆم دا تێ‌ناکۆشین، بەڵکو لە پێناوی ئەو کانەی لە هەموو کانەکانی تر گرنگترە تێ‌ئەکۆشین کە ئەویش: سەربەستی‌یە.

کێشە ئاڵۆزەکانی خێزان لە مەحکەمەی شەرعیدا

نجاة رفيق حلمي

لە کاتێکا بەوپەڕی نێگەرانی‌و گومانەوە سەیری هەڵس و کەوتی نارەواو جووڵانەوەی نا ئاشکرا بەنیسبەت ژن و مێردەوە ئەکرێ هۆی گومان و خانەوێران کردنە. لە کاتێکا بجوکترین بزوتنەوەی مرۆڤ بە شێوەیەکی ناپەسند ئەژمێردرێ‌و حیسابی بۆ ئەکرێ بەڵکو جاری‌وا هەیە لە چاوتروکاندنێك ئاژاوەیەك ئەکەوێتەوەو ماڵێك تێك ئەچێ، لەکاتێکا خۆ پەرستی‌وا لە مرۆڤ ئەکات بۆ ئەوەی ئەوی لەدەستیدایە لەدەستی نەچێ کەسێك ئەکوژرێ‌و ئەبێتە خوێن ڕژان بە هیچ جۆرێ نەپیاو نەژن توانای ئەوەیان نی‌یە خۆیان لەبەر لیسی گرانی خیانەتکاریدا ڕابگرن بەڵکو ئەو مانە نادەن بەکەس ژنیان لێ زەوت بکات یاخود پیاویان لێ داگیر بکات.

کەچی ئەبینین گەلێ پیادیش ئەو مافە بۆ خۆی ئەسەلمێنێ جاری واش هەیە پەنا ئەبانە بەر شەرع و ئایین و پتر لەژنێك مارە ئەکات جاری‌وا هەیە دوو یاخود سێ ژنی لەهەمان کات دا هەیە، ئەمە ئەگەر توانای نوێ کردنەوەی ژن هێنانی هەبێ ئەمە بۆپیاو ئەشێ بەڵام بۆ ئافرەت نەبووەو نابێ.

باشە ئەگەر لە پیاو بپرسین لەبەرچی تۆ دوو ژن لەهەمان کات دا دێنی ئەڵێ شەرع ڕێم ئەدا، ئەی خۆت چۆن ئەو ڕێیە بەخۆت ئەدەی؟ ئایا لەهەمان کات دا هەر دوو ژنەکەت خۆش ئەوێ!؟ خۆشەویستی کە لەدەروون و دڵەوە هەڵئەفوڕێ ناکرێ بەتەرازوو بەش بکرێ ناشێ سەنگی تەرازووەکە کەم و زۆری نەبێ هەر ئەبێ لایەکی لەلایەکی گران تر بێ، ئایا کامە ژن بەلایە سووکەکە ڕازی ئەبێ.؟

ئەمە هەستێکی سروشتی‌و خۆ پەرستیە ناتوانێ کەس دەستکاری بکات.

ئەگەر بێتو مەسەلەکە بەپێچەوانە بێ‌و پیاوەکە بەشداریکی لێ پەیدا بێ‌و هاوبەشی ژنەکەی لەگەلدا بکات ئایا کامە پیاو نەك بەسەنگی تەرازووەکە ڕازی نابیت بەڵکو هەربە بەشداری بونی ژنەکەی دونیا ویران ئەکات. بەهانەی پیاویش هەر خوی نی‌یە بەڵکو شەرعیش ڕێی نادا. ئەمە بەناشکرا ئایا بە دزی‌و پێچ و پەنا دەمیەها یاخود سەدەها مەسەلەی ئاوا ڕوی نەداوە.؟

● ئینجا بێینەوە سەر مەسەلەی پیاو کە دوو ژنی هەبێ. ئایا ئەتوانێ بەیەك تەرازوو سەیریان بکات و دەستی لەکاتی دابەش کردنی بەڵکو (مادەش) نەك هەر خوشەویستی ناڵەرزێ!؟ ئەگەر ئەوەشی کرد ئایا نابێ شوکر بێت بەوەی کە لەیەك ماڵ دا یاخود چەند ماڵێکدا دوو ژنی هەیەو دایکی منداڵین و بەدلسوزی لەگەڵی ئەجوڵێنەوە؟!...

ئەمە ئەگەر ئەو ژنانەی سەرڕای ئەوە کە ژنین خۆشیان بوێ؟ چونکە ڕاستی ئەومیە بەهیچ جۆری ئافرەت پیاوێکی خۆش ناوێ ئەگەر ئەو پیاوە چاوی لەسەر ئافرەتێکی‌دی بێت و بەشداری‌ی دڵی ئەو پیاوەی بکات.

ئەمە قسەی من نی‌یە قسەی گەڵی لە پسپورە دەروون ناسەکان سروشتیش ئەوە ئەگەیێنێ، تەنانەت ئاژەڵ و گیان لەبەران ئەمەی بە ڕێی ڕەفتاری سروشتیەوە ئاشکرا کردوە.

لەبەر ئەوە ئەبێ ئەو پیاوەی دوو ژنی هەبێ چاك بزانێ کە نەخوی‌و نە ژنەکانی پێوەندی خوشەویستی ڕاستەقینە بەیەکیانەوە ئەبەستێ، لێرەدا ئەوەستم بۆ ئەوەی بچمە هۆلی مەحکەمەی شەرعی‌و ڕوداوێکی بەردەوامی کۆمەڵەکەمان پێوەی ئەنالێ بیگێڕمەوە بۆتان.

ڕۆژ... مانگی/ ٥/ ساڵ ١٩٨٤.

جەنابی قازی داوای لە پاریزەری (مدعی)و پاریزەری (مدعی علیه) کرد ووتی: کەیشتونەتە چی لەمەسەلەی داواکردنی نەفەقە لە لایەن خوشکە (س)ەوە کە لە مێردەکەی دەیکات، بۆ مەحکەمەی ڕوون بکەنەوە.

پاریزەری خوشکە (س) ووتی: من کە وەکیلی ئەم ئافرەتەم داوا لە مەحکەمەی موقرە ئەکەم کە ئەم ئافرەتە نەفەقەی شەش ساڵی ڕابوردوی کەمێردەکەی دەری کردوە چەندی ئەکەوێ بیدرێتێ.

قازی ئافرەتەکەی داوا کرد بۆ سوێند خواردن.

ئافرەتەکە هاتە پێشێ بۆ سێ جار دەستی بەقورئانادا ووتی: شەش ساڵە ئەم پیاوە خۆم و سێ منداڵی کردوتە دەری.

بۆخوت ڕویشتی‌و زیز بویت یاخود مێردەکەت دەری کردی؟

(دووبارە ئافرەتەکە سویندی خوارد) نەخێر ئەو دەری کردم

- بە دریژایی ئەم ماوەیە هیچ سەری لێ نەداوی‌و مەسرەفی خوت و منداڵی نەکیشاوی.؟

- نەخێر.

- چەند منداڵت هەیە؟

- قوربان سێ هی خۆمن بەڵام منداڵێك کە مێردەکەم هێناویەتی بەناوی منەوە نووسیوێتی نازانم منداڵی کێیە سەرڕای ئەو هەمو خۆبەخت کردنەو دڵسۆزی‌و خزمەتگوزاری من وا دەربەدەری کردم.

- لە کوێ ئەژیت؟

- لە ماڵی باوکم..

- ئەتەوێ بچیتەوە لای مێردەکەت؟

بەڵی من مێردی خومم ئەوێ.. بەو مەرجەی ماڵی جیاوازو پێویستی تەواوم بۆ ئامادە بکات خۆم و منداڵم بەخیوبکات ئەچمەوە لای.

- ئەی لەپیشدا ماڵت نەبوو.

- بەڵی.. بەڵام بۆ ژنێکی کە منی دەرکردە دەرێ.

- ژنێکی کەت هەیە.؟ قازی ڕووی کردە کاك (ش)،بەڵێ،چەند منداڵت لەو هەیە؟

- شەش.

- ڕاستە ئەم ژنەت و منالم کانیت دەرکردوە؟

- نەخێر خوی ڕویشتووە.

- هیچ هەوڵت نەداوە بیگەڕێنیتەوە یاخود کەسێك بخەیتە بەینەوە بۆ چاك کردنەوەتان.

- بەڵێ گەلێ جار هەوڵم داوە، ئەو شاهیدانەی کەمێ لەمەوبەر هاتن

بروانە ل ١١

منداڵ و دەرمان

خواردن

نعمة حمه علي

هەروەکو ئەزانین و دیومانە منالّ بەزۆرو بەقێزەوە دەرمان دەخوات.

بۆ ئەوەی منالەکانمان ڕابێنین لە سەر خواردنی‌ی دەرمان و پێویستە ئەم چەند خاڵانەی خوارەوە ببینین.

١ - کاتێ دەرمانەکان ئەهێنین پێویستە بە هێمن و لەسەر خۆ دەرمانەکەی بدەینێ نەك بە شەرو هاوار وا خۆشە وا بەتامە.

٢ - لە دوای هەموو ژەمی دەرمانەکان جۆرە خواردنێکی بدەینێ کە خۆی حەزی لێئەکات هەتا وای لێ دێ دەرمانەکان شیرین بن لەبەر چاوی.

٣ - لە هەموو شتێ پێویست تر ئەبێ بەقسەی خۆش و لەسەر خۆ بەڕووی خۆش و بەپێ کەنین دەرمانی بەینێ هەتاکو بزانێ کە دایکی خۆشی ئەوێ‌و شتێکی باشی ئەداتێ، ئەگەر هەر زانیمان ئەم جۆرە قسانە کاری نەکردو هەر دەرمانەکەی نەخوارد ئەبێ هەڵیخەڵەتێنین و تێکەڵاوی شەربەت یان چا یان شتێکی شلەی کەین کە خۆی حەزی لێ ئەکات و بیدەینێ.

وە پێویستە ئەو کەسەی دەرمانەکە ئەدا بەمنالەکە بەپێی ئەو پێوانەی کە پزیشك داینامو دەورەی دەرمانەکەش چەند ژەم بیداتێ بەرێك و پێکی لەسەری بروا بەبێ ئەوەی پاش و پێش بکەوێ‌و پشت گوێ بخرێ.

ئافرەت و هونەری کاریکاتێری

«انجیلا جالی دوسینا» یەکێکە لە ئافرەتانی جیهان کە هونەری کاریکاتیری دەزانێت.

هەروەها خاتوو انجیلا چەند بەهرەیەکی هەیە. ولەسەرەتای زاینی‌دا پسپۆری پەروەردەکردنی منالان بووە، لەم بوارەدا چەند کتێبێکی بە نرخی نووسیوە. هەروەها بووتە ڕۆژنامەگەر لە ڕۆژنامەی (امیکا) بەڵام لە هەموو شتێك وازی هێناو تەنها خۆی بۆ وێنەکێشانی هونەری کاریکاتیرە تەرخان کرد.

خاتوو انجیلا ئافرەتێکی زیرك و ڕۆشنبیرە، باوەڕی بە زانست و ڕۆشنبیری‌یە هەیە، دەڵێت زانیاری لە ئارایشت و خۆ ڕازاندنەوە گرنگترە.

ئافرەت و خێزان

هەروەها لەو باوەڕەدایە کە ڕۆشنبیری قەت نابێتە کۆسپێك لە ڕێی ئافرەتە بۆ ڕازاندنەوەو لە بەرکردنی جل و بەرگی ڕێك و پێك و دانانی ئاریشتی دەم و چاوە.

خاتوو (انجیلا) بە چەند کاریکتەرێکی جیا جیا دەردەکەوێت جاری واهەیە بە وێنەی ئافرەتێکی بورژوازیامە کە (فەروی) ئەسەر شانە خۆی پێشان دەدات.

جاری واش هەیە بە وێنەی ئافرەتێکی لادی زیرەك خۆی دەنوێنێت.

بەڵام لەم کاریکاتیرەیەدا کە وێنەکانی لەبەر دەستمانایە باسی جیاوازی لە بەینی گەورەو بچووکە دەکات و چۆنیەتی تێگەیشتنی هەردوولا لە ژیاندا.

منداڵەکە دەگری‌و انجیلا پرسیاری لێ دەکات ئایا دەتاونم ئازیزم یارمەتیت بدەم؟

ئایا شتێکت لێ وون بووە؟

منداڵ لە وەڵامدا دەڵێت، بەڵێ گەڵای دەرختەکەم وون کردووە، بێ‌گومان ئەم هۆیەش ئەوەندە گرنگ نییە لە لای گەورە بۆ ئەوەی ئەوەندە فرمێسك برژێنیت.. بەڵام ئازاری منداڵ ڕاستە!!

Institut Kurde de Paris

میهرەجانەك - پاشماوە

ئەم دێ بێژینە برادەری ئەو مرۆڤی دی کێیە تو ئاخفتنا خۆ ئاراستەدکەی...؟ دایکا من و (تە)؟

هەر وەسا باخ ئەزم دزانم مەبەستا وی (باغ)ە چونکە باخ گوتنەکا عەربیە جوبلەکە ب کاردئینن بو برادەرینێ.

د مالکا سێیدا دهاڤێتە دەجالی بەلێ نزانیت لهێرە یێ پەسەنا بو دکەت دەجالێ (دل داخ) دلداخی بو مرۆڤێ دلنازك تێت نە بو دەجالی هندی دەجالە چو دلوڤانی نینە.! دیسا تیپا (خ،ك) گەلەکا نازك جوانە بو دلسوز کوزیرك و کەزمبا یان ئاخینکا نەیا رەقە ئەف مەزیقا هە تڤیا یاشدیای با چونکە دەجال مەلبەندێ دیمەنیە. تێن دێ:

ئاخە، چاخە، باخە، داخە، لێك دانا پەیڤایە چ دیمەنێد شیعری تێدا نینن خو پارچا دوێ پێوەندی دگەل ئێکو دوو نینە.

باخ ب ئەڤینا خو کێلای
جانە مەرگا ب خوینا خو ئاڤدای
مەنیڤەکا وە سور گول لێ دای

تشتەکێ مسۆگەرە وەختێ مروڤ عەردی دکێلیت گولا لێ ناچینیت کێلان بوتشتی بەریە گەنجە . جەهە، نیسکە . بیستانە .. . هتد پشتی هنگێ پارچا سێ.

مە لێ چاند بو گولا ژێنی

بەری نوکە گوت مە لێ چاندن سورگول وەدیارە گولا ژێن یاسورە ئەز دبێژم چوتشت نبنن ناڤێ وی گولا ژینێ هەتا کو رەمزی بیت نەیا جوانە هندی گولە هەیامەکا کێم دژیت هەکەر ل شوینا گولێ دارا ژینێ دانابا رێك تربو دبێژیت:

دڤێت جارەکێ هەربگەهینێ

نەزانی وەختی ب کار بینیت. هندی گولە مروڤ هەر دێ گەهێتێ د کاریت لسەر بانی بچینیت لێ دار یا ئاسێیە مروڤ لدویف د چیت.

وەك مەمێ کری بوزینێ.
هەڤال احسان دبێژیت جارەکێ دڤێت هەر بگەهینێ
ما کەنگی زیتن گەهشتە مەمێ چ توف تەشبیهە ئەڤە، تڤیا گوتبا نەوەك
بێ مەدیەهەکی زێڤی. پیدا دچیت ودبێژیت:

خوینا من نە ئاڤە کوبچیت بەلاش
لێ نامینتە لسەر ڤێ برایێ و زویکا ئاخفتنا خو ژبیرڤە دکەت و دبێژیت:
دێ بیتە ئاڤ و پێشول کەن هەمی ئاش
ژ ئەول گوت نە ئاڤە پاشی بێ ئەگەر و ب ساناهی گوت ئاڤە.

دێ تێن دەینە پارچا دوماهیێ:

- دێ خوینێ و ئاڤێ تێکدا شێلین
ناڤ و نیشانێت تە پێ نڤیسین
دا تەل تەڤ جیهانێ بدمینە نیاسین
کو ئەم عیراقینە وناترسین.

گەلەك دیمەنەکی سافایە و نەریکە مروڤ خوینێ هویا سور و زەلال لناڤ ئاخێ ب شێلیت کو ببیتە هەری کێل ما چ توف نڤیسینە دێ ژێ دەرکەڤیت....؟

پشتی هنگێ ئەف رستامە هەلبەست پێ قفل دانی عیراقینە نا ترسین.

چ دەوزانێدا نەگوت کو دەلیلێ مێرانیێ و شانازیێ ژێ بهێت دا خەلك بترسیت.

نەخشەی - پاشماوە

لەم نەخشەیەدا بە عەرەبی نووسراوە «ارض الاکراد»، واتە: زەوی کوردان، خاکی کوردان. خوێندەی بەرێز!

لە نەخشەکەدا دیارە. ئەم «ارض الاکراد»ە کەوتۆتە نێوان ئازربایجان و (ارض الشام)و سنووری میسرو (ارض الحجاز)و (ارض العراقین)و (ارض الخوراسان)ەوە.

ئەم نەخشەیە هەرچەند وەك نەخشەیێکی هەرە کۆنی جیهان سەرنجی زانایانی راکێشابێ[٨] وا دیارە بەو ئەندازەیە سەرنجی کوردناسانی رانەکێشاوە.

١) بروانە پێشەکیی یەحیاخە شاب، شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی، وەرگێرانی هەژار، نەجەف، ١٩٧٢، ل: ١١٩.
٢) ماینارد، ج. باربیەردی، معجم البلدان یاقوت الحموي ل: ٤٨.
٣) شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی، ل: ١١٩ - ١٢١.
٤) مینورسکی، دائرة المعارف الاسلامیة، پاریس، ل: ١٢٢.
٥) ابو اسحاق ابراهیم بن محمد الفارسي الاصطخري (المعروف بالکرخی)، المسالك والممالك، القاهرة، ١٩٦١، ل: ٢٢.
٦) بین یازار، عدنان ترك دیلندە ٢٥ اونلو اثر وارلق یاینلری، استانبول، ١٩٨٢، ل: ١٤.
٧) کاشغەرلی محمود (محمود الکاشغري) دیوان لغات الترك ترجمة سی، جیوپرن، باسم أتاتای جلد ١١، انقرە، ١٩٤٠، ل: ١.
٨) بروانە ئەتلەسی دیکۆڤێرت دوموند

شاه محمد رضا بهلوی بنگەها لەشکەری تێدا چێکری بو ل سالا ١٩٧٧ ل دور پروگرا مێ لەشکەرێ یاکو دڤیا دەستێ خو دانێت سەر (مضیق هرمز) یاکو دویر نینە ژ گزیرتی.

و ژ کریارێت ب هێز ل دور هێریشێت عیراقێ بۆ گزیرتا (سری) یاکو نافێ وێ (کورش) وتهێت ل دویف امبراتوریا فارسی یا کەفن دەمێ هاتیە شکاندن لسەر دەستێت کورێت (رافدین) بێت بەراهیێ.

وئەڤە دوو سال بون و ئیرانێ گازا خو د گوهێنریت ژ گزیرتا (خەرج) پشتی هێریشێت دژوار هاتینە سەر و دبر ب گەمیا لوەختێ ئەڤە ژی د بون نێچیرێت بساناهی بۆ بالەفرێت عیراقێ.

وگیرو کرنا عیراقێ بۆ گولە بارانیێ ل گزیرتێت (سری)و (لافان) د دەمێ هێریشا (خەرج) د بیت ئەگەرەك ژ ئەگەرێت باوەریا ئیرانێ کو عیراق ناگەهیتە دەڤەرێت دویر وئیرانێ ژی هندەك جهێت دی بخو دیتن داکو بکار بینیت لبەر و ئیران کرنا جەنگا درێژ.

ژ راستێت موهم کو ئەوە بەندەرا گزیرتا (خەرج) گرانترین سەنگە د تەرازیا ئابوری - گازێ بۆ ئیرانێ ژ بەندەرا گزیرتا (سری) ژبەر چیکرنا بەندەرا (خەرج) یا گازێ ژ وەختەکێ درێژ وەرە و فێربو نا شول کەرێت تێدا وئامیرەتێت گازێ.

بەلێ بهای (سری) پشتی گولە باران کرنێ و ویچکرنا (خەرج) بو پیتر چونکە مابو بەندەرا گازێ یا موهم و ب تنێ بۆ ئیرانێ دگەل بەندەرا گزیرتا (لافان) یاکو د کەفێت نێزیکا (سری) و ٢٥٠ هزار بەرمیلێت گازێ روژێ د هنێریت.

لویرێ ژی بەندەرا (فارسی) یاکو نابیتە بەندەرا گازێ یا بنگەهی چونکە یا کەڤدایە بۆ گەهشتنا بالەفرێت عیراقێژ بلی نەجهێ فرێکرنا مەزنە بو گازێ و لوێرێ ژی گزیرتا (لا راك) یا بەردایە لسەر بەحرا عەرەبا و ئەڤەیە بەندەرا زمحمەت بۆ کریارێت هنارتنا گازێ ژبەر گوهورینا سەروبەرێت ئاسمانی و مژو مورانا و پێلێت دگەهنە ١٠ پێنگافا ونکاریت پێشوازیا گەمێت گازێ بکەت و راوەستاندنا وا لسەر هندێ را رژێما ئیرانێ بهایەك زەخم لێ مەزخانت بۆ ئاڤاکرنا بەندەرا گازێ تێدا.

مافێت - پاشماوە

٥ - دیسان ژ بیرامە نەچیت کە دام و دەزگەهێت دەجالی ب بەردەوامی سیاسەتا (تفریس)ێ بکار دئینن دژی ملەتێت نەفارس؟!!

بەرامبەر ڤان خالاو هیشتا رەنگێت زولێو تەعدایی کورێت ڤان ملەتا بێ دەنگ نەراوەستان بەلکو داخازا مافێت خوبێت کری و هەر دێکەن و هوسانێ هێزەکا مەزن یا بەرگرێی لئیرانێ یا دروست بوی ژ کورێت ڤان ملەتاو ب ... چەندەها ریکخراو پارتێت رامیاری ژ کورێت ڤان ملەتا بێت دروست بوین بو خەباتکرنێ دژی رژێما خومەینی یا توخم پەرێس ئەوا دەربارەی مافێت کوردا گوتی:-

«حوکمێ ئوتونومی د قورئانیدا نینە»!!!

ئەڤە تێگەهشتنا مەلایێت نەفام لقم و تەهران بۆ مافێت ملەتا..

ئەڤەیە بینینا دەجالێ چەرخێ بیستێ بۆ مافێت ملەتا...

لێ زوی نە درەنگ ئەڤ ملەتا دێ مافێت خو ژ چاڤێت دەجالێ دەرئێخن و ستینن.

(لە دووای دە ساڵ راهێنان ئەنجا رێگا دراوە یاری بکات)

محمد عبدالرحمن زەنگنە

راکێل مارتینیزی - ی جوانی سەرنج راکێشەر، هەموو ئیش و کاری ماڵ دەکا، سکوت - ی کوریشی بە خێو دەکا.

ئەم ژنە ئەمریکیەیە کە لە (نجوانا) ی مەکسیك لە دایك بووە. ئێستایەکە ژنە لە جیهاندا کە دا دەبەزێتە گورەپان بۆ زۆرانبازی لە گەڵ «گا»دا ، ئەم وەرزشە هونەریە تەنها تایبەنە بە پیاو.

هیچ شتێك نەبو، کچی مامۆستا بکاتە زۆرانبازی «گا» ئەوە نەبێ رۆژێك خۆی بینیەوە روو بە رووی «گا»یەك بووەو گاڵتەی لەگەڵیا دەکردو خۆی پاراست لە قوچیکی ، بەم جۆرە حەزی‌لە زۆرانبازی «گا» کرد.

راکێل لە ماوەی دەساڵدا، نهێنیەکانی ئەم یاریە فێربو. ئەم یاریە تەنها بۆ خۆشی و گەران نیە و شەرفروشتن بە ئاژەلەکان، بەڵکو بۆ ئەوەی سەرکەوێ بە سەریاو بیکوژێ. چەندە چار پیاو یاژن لە بەردەم ئەم ئاژەلەدا دەوەستێ کاتێ (گا) هێرش بەرەکە دێت، بۆ کوشتنی هێرش دەبا نەك بۆ یاری کردن، ئەوکاتە دەبێ یاریزانەکان، بە باشی ئەو یاریە بزانن.

کاتێ راکێل لەسەر دەستی جیزو مینوز مەشقی کرد، ئەو پیاو مەکسیکیەیە گەورەیە کە ناز ناوی (کوئیرە» چونکەلە (گا) نزیك دەبووەوە، وەکو بڵێی نابینێ.

لە پاش دە ساڵ راهێناری بە دزیەوەو ماندوو بوون، لە ساڵی ١٩٨١دا لە دەست زۆرانباز «ئەدیان رۆمیرۆ» شمشێری وەرگرت و بوو بە یەکەژن کە ماوە بدرێ زۆرانبازی لەگەڵ گەورە «گا»دا بکات.

بۆ یەکەمجار جەماوەر بە ساردی پێشوازیان کرد، چونکە جەماوەرەکە پیاو بوون، بەڵام راکێل خۆی چەسپاندو پیاوژن لێی رازی بوون نەك گاڵتەی پێ بکەن.

تاکو ئێستاکەش رۆژی شەش سەعات مەشق دەکات. لە هەفتەیەکدا، پێنج رۆژ، بۆ ئەوەی لەمەیدانا بە هەموو توانایەکەوە راوەستێ.

ئەم ژنە دەڵێ لە «گا» ناترسم و لە شاخەکانیشی نا ترسم بەڵام هەموو زۆرانبازەکان برینیان پێویەوخۆیان هەڵدەکێشن

کە برینداران تەنها من نەبێ. ئەمەش کەمێك بێزارم دەکا، چونکە ناتوانم وەکو زۆرانبازەکانی کە خۆم هەڵکێشم و بڵێم برینداریم، بۆ جارێکی تر بە پەلە رو بە رووی «گا» دەبمەوە.

رۆدریگۆ - پاشماوە

ئەم کۆنشرتۆیەش دوای گەرانەوەی لە فەرەنسا بۆ یەکەم جار لە شاری (مەدرید) لە لایەن تیپی ئۆرکسترای ئەوز شارەوە پیش کەش کراو، جیگایەکی گرنگی لە ئاستی موسیقای ئەوسەردەمەی ئیسپانیا دا گرت.

رۆدریگۆ لە ساڵی ١٩٤٨ خەڵاتی مۆسیقای، جیهانی وەرگرت وەك رێز لێ نان بۆ ئەو بەرهەمە بەنرخانەی لە مۆسیقادا پێش کەشی کردوە پاشان لە سەر داوا کاری عازف گیتاری بەناو بانگی ئیسپانی segovia رۆدریگۆ کونشرتۆیەکی تازەی گیتاری بەناوی Fantasia para un centihpmbre وە دارێژا، ئەم کۆنشرتۆیە لە ساڵی ١٩٥٤ دا نوسراو واتا دانرا، پاشان لە ساڵی ١٩٥٨ دا بۆ یەکەم جار لە لایەن segovia وە لە شاری (سا فراسیسکو) ی ئەمەریکا دا پێش کەش کراوە بە یارمەتی تیپی ئۆرکسترای فۆڵ هارمونی ئەو شارە. ئەمە کورتەیەك بوو لە ژیانی رۆدیگۆی بلیمەت، وە

بێگومان بەگوێ گرتن لەبەرهەمەکانی رۆدریگۆ زیاتر ئاشنایەتی پەیدا دەکەین لەگەڵ وەك ئاشنایەتیمان لەگەڵ (مونەمو)دا.

بێ گومان زۆربەی زۆر، ئاشناو گوێگری حەرەکەی دووەمی کۆنشرتۆکەی (رۆدریگۆ)ن، واتا پارچە مۆسیقای (مونەمو)، تا ئەو رادەیەی کە کەم کەس هەیە بە تەواوی گوێی لە هەموو کۆنشرتۆتەبووێ بەڵام ئەوەندە هەیە بڵێم کە بەشەکانی تری ئەم کۆنشرتۆیە لە تام و چێژا دا هیچیان لە (مونەمو) کەمترنیە، هەر بەر ئەمەشە تا ئێستا ئەم پارچە موسیقای (مونەمو) یە بەچەندەها شیوەی لیدان و دابەش کردن پێش کەش کراوەو هەر جارە بە جۆرە ئاڵەتێك و هەر جارە بە تەکنیکی مۆسیقی شیوە گۆڕراو لەوانی تر، لە خیرایو خاوی لیدان دا.

بۆ نمونە هەر لە سەر شیوەکەی رۆدریگر کە بۆ ئاڵەتی گیتارە بەچەند شێوەیەکی تری دابەش کردن بۆهەمان ئاڵەت پێش کەش کراوە، یاخود لەجیاتی گیتار ئاڵەتی (سەکسفۆن)، (فلوت) (ئۆرغۆن)، (پیانۆ)و (گیتاری کارەبیایی)، (ئۆبۆ) وچەند ئاڵەتێکی تریش خۆیان دەکەن بە خاوەنی کۆنشرتۆ کەو تۆمار کراون، بێ گومان ئەم شێوانەش هەمووی تۆماری سەر شریتی کاسێت کراوون و بە ئاسانی دەست گوێ گر دەکەون، وەهەر شێوەیەکیش لەمانە تام و چێژیکی تایبەتی خۆیان هەیەو بەپێی لیدان و دابەش کردون و بلیمەتیو ووریای عازفەکە پەسندی لای گوێ گر دەکرێ.

بەڵام وەك بڵێم تازەترین ...ن مۆسیقانژەنێکی یابانی بلیمەتەوە کەناوی Tometa «تومیتا»یە بەچەند ئامێرێکی ئەلەکترونی مۆسیقی پێش کەش کرا.

بەراستی ئەم هونەرمەندە تام و چێژیکی تازەی داوە بەم مۆسیقایە، وەئەگەر گوێ شل کەین بۆ شیوەی لیدان و دابەش کردنی ئەم شێوەیەی (تومیتا) وا دەزانین کە تیپێکی ئۆرکسترای گەورەپێش کەشی‌دەکات بەڵام لە راستیدا (تومیتا) تەنها خۆی عەزف دەکات، لە سەر چەند ئاڵەتێکی مۆسیقی ئەلەکترونی دوای ئەوەی چەند جارێك عەزفە پارچە پارچەکانی تۆمار کردونەتەوە، وئەندازیاریەیە کی تەواو لە شێوەی تۆمار پارچە مۆسیقای (مونەمو)یە هەرچەندە رۆژ لە دوای رۆژیش شیوەی تازەتری دەبیستین بەڵام هەرگیز ناگەنە شیوەی کۆنشرتۆ بە نرخەکەی (رۆدریگۆ)ی بلیمەت و مەزن...

چەند - پاشماوە

لاوازیەك تێدا هەن؟ ئەم لاوازیە چیە؟ لە سەروایە؟ لە ئەندێشەیە؟ لەباری کۆمەلایەتیە؟ لە چ رووبێکەوە ئەم هەلبەستانە دوورن لەهی ئەم هەستیارە مەزنە؟ ئەمە. بکەوێتە بەرخامەی لێکۆڵینەوەی تۆرنیەکانی زمانی کوردی (تۆردۆست = تۆرین = ئەدیب) باشتربوو. ئەگەر ئەمە پەسندکرا لەچاپی ئایندە چاپ بکرێنەوەو پرسیارانی سەرەوە بە ووردی وەڵام بدرێنەوە لەباری هەر هەلبەستێك کە فرێ دراون.

٢٩ - تەنها پێشنیارێك ماوە: زۆر ووشەو دەستەواژەی کە پەیوەندیان لەگەل چیروکی ئایینیدا هەن بەکار هێنراوان و دێنە پێش چاو لە هونراوەکانی هوزانفانی مەزنمان لەم دیوانەدا. چونکە خۆی پیاوێکی ئایینی بووەو لە هەمان کاتیش دا نەتەوەپەروەرەبووە. هەندێکیان نەك هەموویان بۆ وێنە لە خوارەوەدا دەخەینە بەرچاو:

١ - لاپەرە (٣٤) هەشتەم دێر (خۆت خجل بکە عیسا)

٢ - لاپەرە (٤٤) سێیەم دێر [هەر وەکو عیسا لەسەر بەحری هەوا کەوتەسەما)

٣ - = (٤٨) سێیەم دێر [خەتی دەورەی روخی داوە وەکو مووری سولەیمانی] موورنی سولەیمانی چۆن بووەو چ بووە؟

٤ - = (١٣٩) سێیەم دێر [لەژووری ئادی موسایە لە خواری ئاگری تووره عەجایب خەتی فیرعەونی نەخنکاوەو نەسووتاوە

٥ - = (١٥٩) سێیەم دێر: [سەدای یا (هێ) دەرویشان لە ترسیی زولفی جینی لە عیسا عەرصەیی گەردوون بە تەنگ هات هەروەکوو دەرزی.

لە راستیدا واتەی ئەمانە بۆ هەموو خوێنەرێك روون نیە. زۆرم پێ خۆشە تکا لە تۆردۆستانی ئایینی بکرێت کە ئەم جۆرە دەستەواژانە بە شێوەیەکی کورت و جوان روون کەنەوەو لە چاپی ئایندە بیخەنە ناو دیوانەکەوە. بەرهەمەکە نایا بترو جوانترو پرچێژتر دەبێ.

کێشە - پاشماوە

وەلامی پرسیارەکانی جەنابتیان دایەوە ئەوە دووپات ئەکەنەوە کەگەڵێ جار ئەوانم خستۆتە بەینەوە بەڵام سوودی نەبووە.

شاهێدی یەکەم ووتی: من نازانم لەسەر چی تێك چوون بەڵام هەوڵی جاك بوونەوەمیانم داوە.

- چەند جار.؟
- جاریك دوو..
- پێش چەند؟
- جاریکیان ماوەیەك لەمەو بەر جاریکیکەش سێ سال لەمەوبەر.
- کەوابێ لەمێژە ئافرەتەکە لەگەڵ مێردەکەی نییە (قازی ووتی).
- (شاهێدی دووەم) ووتی: ئەم ژن و مێردە خزمی خۆمن ژنەکە برازامە پیاوەکەش خوارزامە، لەبەر ئەوە پێخۆشحال نەبووم بە گەرانەوەمیان بۆیەك، گەلێك هەوڵی ئەوەم داوە بەڵام کەسیان بە گوێی منیان نەکردوە.
- نازانی ناکۆکی نێوان ئەم ژن و مێردە لەسەر چی بووە؟
- نەخێر.

(لێرەدا پرسیارێك سەر هەڵدێنێ.. ئایا نەزانراوە ناکۆکی نێوان ژن ومێردێك کەخاوەن دوو ژن بێت لەبەر چییە..؟!).

ئەمە بوو شەهادەتنامەی دوو شاهێد کە هیچ سوودێکی نەگەیاند.

ئنجا ئافرەتەکە لەوەدا بوو نەرم بیت و مل بدا سووریش بوو لەسەر ئەوەی ماڵی بۆ دابنێ وەك ماڵی ژنەکەی دووەمی بەڵام کاك (ش) سەری گەرم بوو دەستیدا بەقورئان داو بەدەنگی بەرز هاواری کرد.. یەك دوو سێ سێبەسێ هەرسێ تەڵاقم کەوتبی لە (س) کچی مام.. ئافرەتەکە رەنگێکی هێناو رەنگێکی برد هیچی پێ نەما.

ئنجا پاش ماوەیەك بێ دەنگی قازی روی کردە پارێزەرەکان ووتی: ئێستا ئیوە چی ئەڵێن بۆ مەسەلەی نەفەقە..؟

پارێزەری پیاوەکە ووتی بەگوێزەی موچەی کاك (ش) لە ٤٥ دینار بەولاوە ناتوانی بوخوی‌و سێ منالەکەی ببرێتەوە ئافرەتەکە ووتی: ٤٥ دینار بۆ ئەم‌ڕۆوفە چی پێ دێ ئەبێ بزانن من سێ منالم هەیە دوویان لەقوتابخانەن پۆلی سێو دووسی سەرەتایی یەکێکم هیشتا نەچۆتە قوتابخانە. ئیتر بە چ جۆرێك ئەم سێ منداڵە پەروەردە بکەم؟

پارێزەری ئافرەتەکە ووتی: جەنابی قازی ئەم پارەیە بەشێ هیچ ناکات.

پارێزەری پیاوەکە روی کردە ئافرەتەکە پاش ئەوەی کابرای مێردی تەڵاقی داو بەپەلە لەهۆڵ

تو هەڵباشیت کردو زیادی بۆ رۆیشتی پیاوەکەت هان داو پێت بە دەماریا نا کە ئەو سوینەدەی بە دەمداهات چونکە ماوەیەك پێشتر من نەرمم کرد بوو کە ماڵی تەنیابوت بکات و دەستت لێ هەڵنەگرێ.

(لێرەدا ئافرەتەکە وەك پەشیمان هاتە پێش چاوم منیش روی پرسیارم تێ کرد ووتم: خوشکە (س) تۆ ئامادە بویت ئەگەر مێردەکەت ماڵی جیاوازی بۆ بکردتیایە ئەگەریایەوە لای؟

بەڵێ من ئامادە بووم بەوە بەڵام ئەو منی نەدەویست ئنجا روم کردە پارێزەری مێردەکەی‌و پیم ووت: کاکی پارێزەر ئەگەر مەسەلەی بەرگری کردن لەمالفی ژن و مێردایەتی‌و بریاردان لەسەر روخاندنی فەڵای خێزانیك و دەست بەردانی ژن و مێردێك کەپردی منال لەنیوانیاندا بەستراوە بەم ئاسانیە بێ ماڵێك ویران بێو دایکێك و ساواکانی بەم جۆرە تێك بشێلرێ کەوابێ دەوری ئیوە چییە لەماف سەندن دا؟ کاکی پارێزەر ئەوەی پیویستە لەسەرتان بەم.

جورە جێ بەجێ ناکری ئەگەر بتانەوێ بە دلسۆزی ئەرکەکەتان ببینە سەر بگرە مەسەلەکە پیچەوانە بکەونەوەو خۆتان بخەنە جێی ئەو کەسانەی بەرگریان لێ دەکەن بزانن ئەوەی ئیوە بۆ یەکێکی کە بەرەوای ئەزانن هەر وەهاش بو خۆتان سەیری ئەکەن و بەرەوای ئەزانن؟ بەم جۆرەبێ بایەخە سەیری ئەکەن؟ هەروا ئاسانە دەست بەردانی ژن و مێردێك یاویران کردنی خیزانیك کەوا بەو ساردیو کەمتەرخەمیەوە بۆی بچن.

پارێزەری ئافرەتەکەش لەولاوە بێ تواناو بێ دەستەڵات وەستا، دەسەڵاتی کەسی تیدا نەما. تینی دەیەها مادەویەندی یاسا لەبەر غروری مێردی زۆردارا توایەوە، بەیەك دوو ووشەی تەقلیدی کابرا دەشی لە دایکی سێ منال وسێ منالی بێتاوان هەڵگرت بە ٤٥ دینار فروشتنی، ئافرەتەکە هیچی پێ نەما تەنیا چەند فرمێسکێکی قەتیس لە چاوەکانی دەرپەری لێرەدا پەردەی رەش بەسەر شانۆگەریکی خەمناك شانۆگەری.

خیزانێکی سەرنەکەوتوودا هاتە خواری.

ئافرەت و وەرزش لە هەولێر

عماد قادر حمد

ئافرەتانی شاری هەولێر لە مەوپێش لە جوولانەوەی وەرزشی دوور بووئەمەش ئەنجامی چەند پاشکەوتنێك بوو کە ناوجەکەتیایدا دەژیا بەڵام ئافرە تان توانیان لەم بەستنە رزگار بن وئافرەتانی ئیمرۆی هەولێر توانیان بەسەر ئەم بیرە چەوتانە سەرکەون ئافرەتانی ناوچەکە توانیان بەشداری لە باری یەکانی سەبەتەو بالەو شەترەنج و گورەپان دا بکەن کە ئەم یاریانەش بۆ دەروون زۆر باشن و خواردنیکە بۆ عەقڵ باشە بۆ تەندروستی لەش.

لە گە لێك میهرەجان و پالەوانێی وەرزش لەپارێزگای هەولێر بەشداریان کردووە. ئەمانەی خوارەوەش ئەو بەرێزانەن کە دەورێکی چاکیان لە بواری وەرزش دا هەیە:

(وهبیه محمد و سامیة محمد) (ڤیان جمال) (فرمێك وریا) (خاتون زین وریا) (امل اسحق) (پیمان جمال) (نهله محمد) (باسمة حنا) (ولسوز وعبدالله) (کفاح رؤوف).

سڵاویك لە ناخەوە بۆ هەموو ئەم یاریزانانە وەهیوادارین هەردەم لەبواری وەرزش دا سەرکەوتوو بن.

Institut Kurde de Paris

هەرجارێ نووسینێك

«نا تەبایی نێوەندی ئەدەبیمان تا بە کەی؟»

مستەفا سالح کەریم

ئەگەر ئاورێك بۆ مێژووی نوێی بزوتنەوەی ئەدەبیمان بدەینەوە، بۆمان دەر دەکەوێ ئەوەی ئێستا لەناومانا ڕوو دەدات کارێکی نالەبارەو لە ڕابوردوومانداڕووی نەداوە. لە پەنجاکانا نووسەران و ئەدیبان پێوەندییەکی پتەویان هەبوو، لەناو یەکدا لەبرا بۆ یەکتر ئازیز تربوون. کەلە ئەدیبێکی وەك خوالێخوشبوو مامۆستا ڕەفیق حیلمی، کە لە شاری سلێمانیدا چەندین خزم و ناسیاوو هاوڕێو دۆستی تریکی هەبوو، کە بە دیدەنی دەهاتە سلێمانی زور بەی کاتی لە تەك نووسەراندا بەسەر دەبرد، لە ڕۆژنامەی (ژین)، لە گازینۆیەکی شار، لە باخچەی یانەی فەرمانبەران، هەمیشە کۆمەڵ نووسەرو شاعیر دەوریان ئەداو ئەویش بەو هەموو تەوازوعەیەوە باسی بەرهەمەکانی ئەوانی دەکرد نەك هی خۆی، هانی ئەدان و بە شادمانییەوە گوێی بۆ ڕازو قسەیان شل دەکرد، دەبێ ئەومش بڵێم کە تاك تاکەیان نەبێ ئەوانی تر هەموو چڕ بوون و تازە ئەپشکوتن، بەڵام خۆشەویستی ئەدەبەکە وای لێکردبوو کە ئەو شاعیرو نووسەرە لاوانەی لا خۆشەویست بن و حەز بە بینین و دانیشتنیان بکات.

مێژوو نووسیو ئەدیبێکی وەك مامۆستا جەمیل ڕۆژ بەیانی کە ماوەیەك لە بەسرە سەردەمێك لە بەدرەو سەرومختێ لە مەندەلی بوو، کە هەلێکی بۆ ڕەخساو پشوویەکی درایە، نەچوو بۆلای خێڵ و عەشرەت و خزم و کەس و کاری، هات بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئەو نووسەرو شاعیرانە بناسێ کە لە سەر لاپەڕەکانی (ژین)و (هیوا)و (شەفەق)و (پێشکەوتن)دا بەرهەمەکانیانی خوێندبووەوە، ئەو پێوەندییەی ئەو دەمە لە تەك ئەو نووسەرانەدا پەیدای کرد تا ئێستاش هەر پتەوەو نەپساوە.

شاعیرێکی گەورەی وەك مامۆستا (گۆران)ی نەمر، دیارە بەو لوتکەییەی ناحەزی هەبوە، بەڵام لێی نەبیستراوە ڕۆژێك تەنانەت گلەییەکیش لە خاوەن قەڵەمێکی ئاوەڵی بکات، ئەمە جگە لەوەی کە لە ڕۆژنامەی ژینا چ هەوڵێکی پیرۆزی ئەدا بۆ دەست دانا بانی لاوە تازە خونچەکانی باخی ئەدەب.

مزگەوتی حاجی شێخ ئەمین لە سلێمانیو کۆڕە ئەدەبییەکانی ئەدیبی مەزن مامۆستا شێخ محمدی خاڵ کە هەمیشە قیبلە گاهی شاعیران و ئەدیبان و ئەدەب دۆستان بوو، قوتانجانەیەك بوو بۆ ئەوەی نەوێ تیایا فێری چۆنیەتی ڕێزگرتن لە شاعیران و ئەدیبان بنێ ئەی پێك گەیشتنە ئەدەبیەکانی مالی شاعیری خۆشەویست خوا لێخوشبوو مامۆستا ڕەمزی مەلا مارف کە سەرەڕای ئەو چێژە ئەدەبییەی دەبەخشرا، نموونەی دۆستایەتیو برایەتیو ڕێز لێك گرتن بوون. هەندێ جار کۆ بوونەوەی وای تێدا دەکرا کە جۆرە جیاوازییەك دەکەوتە نێو بیروڕاو. بۆ چوونی دانیشتوانەوە، گفتو گۆی لە سەر دەکرا، بەڵام ئەو جیاوازییە هەرگیز نەدەبوە هۆی لێك زیز بوون و دەستەو تاقم دروست کردن.

نووسەرانی ئەو سەردەمە دیدەنی یەکیان دەکرد، لە خۆشیو ناخۆشی یەکتردا، بەشدار بوون، چەند جارێ دێتە یادم کە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (شەفەق) بە دیدەنی دەهاتن بۆ سلێمانی وچەند ڕۆژێك میوانی ئەدیبانی ئەم شارە دەبوون و گەلێك دڵخۆش دەبوون بەو بەیەك گەیشتنە.

خوا لێخوشبوو مامۆستا عەلادین سەجادی کە تەشریفی بۆ سلێمانی دەهێنا، خزم و ناسیاو دۆستی زۆر بوون، هەرچەند دەبوە میوانی مامۆستایان فایەق هوشیارو ئەحمەد زرنگ لەسەر خواستی خۆی نوێن و قەرەوێلەی لە ئیدارەی (ژین)دا بوجێبەجێ ئەکرا، دەیگوت دڵم بەو نووسەرانە دەکرێتەوە کە هامەشۆی ئێرە دەکەن و دەمەوێ لە نزیکەوە بیان ناسم و بیان دوێنم.

لە بەغداش دوکانە بچکۆلەکەی خوالێخوشبوو مامۆستای ڕەحمەتی [بەشیرموشیر] جێی بەیەك گەیشتنی ئەدیبان بوو، باس باسی شیعرو ئەدەب و جار جارەش قسەی خۆشی (بەشیربستەکان)، ئیتر هەرگیز نە دەبیسترا باسی یەکێك بێتە پێشەوە بکرێ بەبێشتە خۆشەو نان و پیازی پێوە بخورێ. لە هەولێریش چاپخانەی کوردستان و کۆڕی خوالێخوشبوو مامۆستا گیوی موکریانی لە هەموو کوردستانا دیار بوو، تەنانەت ئەو ئەگەر ماوەیەك بە یەکێك لەو دۆستانەی نەگەیشتبایە، بەنامەی تایبەتی بەسەری دەکردنەوە.

نموونەی ئەو تەباییو برایەتیو خۆشەویستیو هاوڕێیەتیە لە نێوان ئەدیبانا هەبوو یەکجار زۆرە، هەڵبەتە ئەمانە دەچنە خانەی یاداشتی تایبەتیەوە لە دەرفەتێکدا دەنووسرێن خۆ وەنەبێ ڕەخنەو ڕەخنەکاریش نەبووبێ، بە پێچەوانەوە بەشی خۆی هەبوە بەڵام لە سنووری ڕەخنەدا بوە، هەرگیز کاری نەکردۆتە سەر دۆستایەتییان، کەسیان نەیان ویستوە ئێسکی ئەوی تربشکێنێ چونکە ئەو جۆرە نوسینانە بە نیازێکی پاك و بەدڵ و دەر وونێکی خاوێنەوە دەنوسران.

شیعر بۆمنداڵان

. سەرما .

منداڵینە سەر مایە
زستانە هەرو بایە
بەفری زۆرو سەهۆڵاو
تەم ومژی ناو بەناو دەست و
قاچ ئەتەزێنی
ڕەنگ و ڕوو ئەشێوێنی
ووریابە سەرمای بزێو کەردە
لوولی دەشت و کێو

نەیدا لەدەم و چاوت
لەشی شلك و خاوت
شەویش لەگوێ ئاگردان
لەدەوری داپێرە گیان
کۆرو کۆمەڵ ببەستن
بەچیرۆکی خۆش مەستن

قادر حاجی عزیز

* لە پیشانگای هونەر مەندانی کەرکووکدا *

هونەرمەندی لاو فەلاح عومەر لە جیهانی ڕەنگ و تاقی کردنەوەدا

ئاشتی مهدی محمد

هەر لە ناوەڕوکی پێشانگای هونەرمەندانی کەرکووکدا وەکو تازەگەریەکی تازەی هونەرمەندان چاومان بەتابلۆکانی هونەرمەندی لاو فەلاح عومەر کەوت کە بە سێ تابلۆ بەشداری کردبوو «مەرگی کوتووپڕ، بەهارێکی بەردەوام، ترس» لەڕاستیدا کاك فەلاح توانیویەتی هەنگاوێکی زۆر بەتواناو پێش کەوتووانە بنێت لە جیهانی ڕەنگ و تاقی کردنەوەدا وەیا لە بارەی ڕەنگ و توێژینەوە بێت یان لە ڕووی ناوەڕوك و قووڵ بونەوە! کاك فەلاح عومەر لە ساڵی (١٩٦٥) لە شاری کەرکووك لە دایك بووە، دەرچووی ئامۆژگای هونەرە جوانەکانی سلێمانییە، لە ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ هونەرمەند (عەلی صدیق) پێشانگایەکی دوو قۆڵیان کردۆتەوە لە هۆڵی هونەری نوێی کەرکووك وە لە ساڵی (١٩٨٤ لە گەڵ پێنج قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکان پێشانگایەکی هاوبەشیان کردەوە لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی، وە لە ساڵی (١٩٨٥) بەشداری پێشانگای هونەرمەندانی کوردی کردووە بە بۆنەی دامەزراندنی شاری سلێمانییەوە، وە لە ساڵی (١٩٨٥) بەشداری «تابلۆیەکی شانۆی ژیانی ڤان کوخ و پێشانگایەکی هونەری» کردووە.

وەهەروەها ساڵی ١٩٨٦ هاوبەشی پێشانگای ڕۆژی ڕۆشەنبیری کوردی کردوە وە لە ساڵی ١٩٨٦ بەشداری دووەم پێشانگای هونەرمەندانی کوردی کەرکووکی کردوە لە کەرکووك! وە لەم ڕوەشەوە کاك فەلاحمان بینی لە پێشانگاکەدا چەند ووتوو وێژێکمان لەگەڵدا کردو لە بارەی دووەم پێشانگای هونەرمەندانی کەرکووکەوە ووتی: لە ڕاستیدا تاقی کردنەوەی هونەرمەندانی کەرکووك هەلێکی باش بوو بۆ ناسینی هونەرەکەمان بە جەماوەری شاری کەرکووك یان دەتوانم بڵێم هەنگاوێکی تازە بوو بۆ نوێ کردنەوەی وەبەردەوام بوونی هونەر لە شاری کەرکووکدا... ئەوەی جێگای سەرەنجمە چەند تاقی کرنەوەیەکی هونەری کە شێوەیەکی تازەگەری پێوەی دیار بوو لە تابلۆو پەیکەرەکاندا هیوادارم ئەم تاقی کردنەوەیە هەنگاوی تری بەدواوە بێت..!

* کاك فەلاح وەکو پیشان دراوی تابلۆکانت لە دوو تابلۆدا هەست بە نەخۆشی دەکەم بەڵام.

تابلۆی بەهارێکی بەردەوامدا هەست بەجیهانی بەهارو خۆشی دەکەم!! ئەو کێشەیە چۆن بەراوردی دەکەیت!؟

باری توێژینەوەم لەم ڕوانگەیەدا بۆ تابلۆکانم هەر تابلۆیەکی "جیهانێك و کاتی لە دایك بوونێکی خۆی هەیە وانە ئەتوانم بڵێم هەر کاریکی هونەری «خۆزگەیە، ترسە، خۆشەویستیە، ڕقە»هەموو ئەو شتانەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕوو دەدات و لە کاری هونەریدا ڕەنگ دەداتەوە، ڕەنگ دانەوەش لە هونەرمەندێکەوە بۆ هونەرمەندێکی تر ئەگۆڕێت لە ڕووی جۆری بیرکردنەوەو دارشتن و ئەو چین و تۆزەی کە تیایا دەژێت..!

شایانی باسە هونەرمەندی لاو فەلاح عومەر تابلۆی بەهاری بەردەوامی کە بریتی بوو لە سەمای چەند ڕووەکێك لە شێوەی ئافرەتدا وەکو دارشتن و ڕەنگەوە یەکێك بوو لەو نوێ کاریو هەنگاو نانەی پێشانگاکە!! هیوای بەردەوامی کاك فەلاح عومەر دەخوازین لە کاری هونەریدا..

چیرۆك بۆ منداڵان

ڕێوی و وشتر

وەرگێرانی بەدەستکاریەوە
سمیرە محمد علی

دێیەکی بچکۆلە لە نزیك کەناری ڕووباریکدا پاڵی دابووەوە مریشکێکی زۆری تێدا هەبوو لەناو دارستانی دێ یێکی نزیکانەوە ڕێوی‌یێك نیشتەجێ بوو بوو، هەموو شەوێك هەلێکی بۆ خۆی ئەدۆزیەوەو ئەرۆیشت مریشکەکانی دەخوارد، بەم جۆرە بەردەوام دەبێت لە سەر ئەم کردەوەیەی هەتا دانەیەکیان بۆ نامێنێت، خەڵکی دێیێکە هەوڵێکی زۆریان دا ئەم ڕێوی‌یە بکوشن و لەناوی بدەن.. بەڵام بۆیان نەکرا لەبەر ئەوە بریاریان دا کۆچ بکەن و دێی خۆیان چۆڵ بکەن.. دوای ئەوە ڕێوی‌یەکە چەند ڕۆژێکی بەسەربرد داماو نەیدەزانی چی بکات، چۆن خواردن بۆ خۆی پەیدا بکات. گەشتێکی بەناو دێیێکە کرد هەرچی چاوی بریە ئەولاو ئەولای خۆی بەڵام بەبێ هوودە لەپڕ لە دوورەوە چاوی دەکەوێتە دێیێکیتر لەو پەری ئاوە کەومیە، بیردەکاتەوە چۆن خۆی بگەیەنێتە ئەوێو خۆیشی مەلەوانی نازانێت.. لەپڕ فیلێکی بەبیردا دێت.. دارستانەکە وشترێکی لێیە خەریکی لەومراندن دەبێت پێی دەڵێت خاڵو تۆ هاوڕێ خۆشەویستمی زۆر برسی دیاری... وەرە لەگەڵما لەو دیو ئاوەکەوە کێلگەیەك هەیە لەورەگای سەوزی تیایە - ئەویش بە خۆشی‌یەکەوە بزە دایدەگرێت و دەڵێت: دێم لەگەڵتا هاودەمت دەبم.. سواری پشتیو وشترەکە دەبێت ودەدەن بەناو ئاودا هەتا دەگەنە جێ، بە وشترەکە دەڵێت.. خاڵۆ گیان ئەوەیە کێلەگەکە بڕۆ بۆ خۆت لەوەر بکە هەتا دێنەوە بۆ لات.. کات شەو بوو تاریکی باڵی بەسەر هەموو سوچێکی ئەو ناوە داپۆشیبوو ڕێوی‌یێکە کەوتە ئاو مریشکەکانی دێیێکە شەلم کوێرم ناپارێزم قری خستە ناویانەوە کە تێر بوو هاتەوە بۆ لای وشترەکە وهاواری کرد وا، وا، وا خەڵکی دێیێکە هەر کە گوێیان لە دەنگی ڕێوی دەبێت هەر یەکەیان تێلایەك بەدەستەوە هەڵئەگرێت و بە هەڵەداوان ئەگەرێت بەدوای ڕێوی‌یێکە بەڵام ڕێوی‌یێکە، زۆر فێل زان دەبێت کە هەست بە مەترسی دەکات هەڵدێت و خۆی بەناو دەغل و کێلگەکە ئەشارێتەوە. خەڵکەکەو وشترەکە دەبینن خەریکی لەومراندنە، بەر ئەبنەگیانیو هەر کوێ یەکی بیەشێت.. لە ناکاو ڕێوی‌یێکە پەیدا دەبێت و پێ دەڵێت خاڵۆ ماندوو نەبی! چۆنی؟

ووشتری داماو بە کەساسی‌یەکەوە وەڵامی ئەداتەوە: دوژمن بە حاڵم نەبێت تۆ هاوارت کرد ووەهڵ هاتێ کە چی من تێ کەوتم ...!

ڕێوی‌یەکە پێی ووت من عادەتمە پاش نان خواردن گۆرانی دەڵێم.. ڕێوی ترس دایدەگرێت جارێکیتر خەڵکی دێیێکە لێ پەیدا ببن، بە ووشترەکەی ووت چاکتر وایە بڕۆینەوە... سواری پشتی ووشترەکە دەبێت و بەرەو ئاوەکە دەگەڕێنەوە ڕێ.. گەیشتنە چەقی ڕووبارەکە ووشترەکە دەست دەکاتە خۆ لەڕانەوە ڕێوی بە شپرزەیی‌وە پی دەڵێت: بۆ وادەکەیت. ئاگات لێم بێت نەکەومە ئاوەکەوە وشترەکە پێ دەکەنێو دەڵێت ئەی نازانیت من عادەتمە پاش نان خواردن مەلەوانی دەکەم دەست دەکا بە هاوارو قێرە وەدەکەوێتە ناو ئاوەکەوەو دەخنکێت.

بەم جۆرە منداڵە ژیکەلەکان. لەم چیرۆکە بۆتان دەرکەوت ڕێوی‌یێکە کە بە فێڵ زانی‌و بەد ڕەوشتی ناسرابوو. ئەنجامی کردەوەی خراپی خۆی چۆن دەست کەوت..

لە چاپکراوەکانی دەزگاکەمان

چاپکراوی نوێ

بەرهەمی کوردەواری

لە نووسینی کاك (مەولود بێخاڵی)و لە بڵاوکراوەکانی ئەمیندارییەتیی گشتیی ڕۆشنبیریو لاوانی ناوچەی کوردستان پەرتووکی (بەرهەمی کوردەواری) لە قەوارەیەکی مام ناوەندیو لە بەرگێکی ڕەنگین دا کەوتە بەردەستی خوێنەری کوردزمان.

ئەم پەرتووکە بریتی‌یە لە باس کردنی بەرهەمهێنانی ئەو بەرهەمە سروشتی‌یانەی لە کوردستان دا دێنە بەرهەم.

بەرهەمی کوردەواری

بریتی‌یە لە بەرهەمی هەمیشە بیسڵ بەرهەمی سروشتی لە ڕیانی جەماوەرکانی کوردستان

بەرێ نوێ‌ژەن تاجی دیروکا دێرینە

دەزگەها ڕەوشەنبیری کوردی بەلاڤۆکەکا نوی ژوان کتێبێت سیاسی‌یێت وەرگێرایی چاپ کر بنافێ - بەرێ نوێ‌ژەن تاجی دیروکا دێرینە - کو گۆتارا بەرێز سەروکێ قوماندار صدام حسین بۆ دەمێ هژمارەکا هەفالان خەباتکەرێت پارتێ خەلات کرین ل ڕۆژا ١٩٨٥/٢/١٢.. دێ لڤان ڕۆژا گەهیتە کتێب خانا کوردی.

ژتجیرەی (١٥٠)ی بڵاوکراوەی دەزگاکەمان ، دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، بریتی‌یە، لە کۆمەڵە کورتە چیرۆکێکی ئنگلیزی بەناونیشانی (تۆڵە) لەلایەن کاك شەوکەت نووری عەبدوڵڵاوە کراوە بە کوردی و بەم زوانە دەکەوێتە بەردەستی خوێنەری کورد زمان.

لە چالاکیەکانی لقی دەزگاکەمان لە سلێمانی

لقی سلێمانی

لە کۆتایی ڕۆشنبیری ئیمساڵی لقی دەزگەمان دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی لە سلێمانی سێ کۆڕی ئەدەبی ساز کرد یەکێکیان ئێوارە کۆڕێکی شیعری بۆ پێنج شاعیر کە ڕێکەوتی ١٩٨٦/١٢/٢٠ لە سەر هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر سازی کرد هەر لە هەمان هۆڵی ئێوارەی ١٩٨٦/١٢/٢٢ کۆڕێکی ئەدەبی دەربارەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی شاعیر ساز کرد سێهەم کۆڕیش لە شاری هەڵەبجە شاز کرا بۆ دوو شاعیرو لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی شیعرەکانیان هەفتەی داهاتوو بە تێرو تەسەلی ڕاپۆرتێك دەربارەی ئەم کۆڕانە بڵاودەکەینەوە.

شاد احمد میرزا

عەباس خورشید

بۆزلخاوی مێشك

دوای خەت لێدانی ئەم ووشانە لەم خشتەیە بە هەموو شێوەیەك ئەو پیتانە کە دەمێنێتەوە ناوی قارەمانێکی کوردی لێ پێك دێت کە لە پانزەپیت پێك دێت وەسێ برگەیە.

ووشەکان :-

قازی محەمەد - خانزاد - مەستورە - قەدەم خێر - زبریبنای ئامیدی حەپسە خانی نەقیب - بابان - زەنوبیا - سوران - ئەحمەد هەردی - دڵ هیمن - ئەمین زەکی بەگ - عیزەدین مستەفا - سلاحەدین - شانەدەری قەلاچوڵان - هەزار مێرد - حەسارۆست - حەسەن بەگ - هندرین - سور سورداش - سەردار - هەرسن - سەرتیز - هەڵگورد - کرمانج - باز دهۆك - بارکورد - مێشك - دو - بێ هوگر - سەفین

ئامادە کردنی دیار عبدالمحسن

ن	ع	ی	ر	ه	د	ق	ن	س	م	ب	ت	ه	ف	ا
ق	ح	ن	ك	ه	ه	ت	ز	ن	گ	ل	و	ر	د	ن
ر	ه	ر	ی	ا	ح	ه	س	و	ر	د	ا	ض	ل	د
د	س	م	ف	ب	ه	ه	ل	ی	ر	م	گ	ذ	و	م
ن	ه	ا	ه	ه	گ	ه	ر	م	ا	ر	ه	ی	ض	ز
ه	ن	س	ن	و	ه	ز	د	ك	ج	ه	ذ	ح	ح	ن
م	ب	ح	ه	ا	س	ه	ه	و	ذ	د	ا	ن	ی	ا
ر	ه	د	ك	و	د	ر	ج	م	ر	ه	ن	ذ	ا	ح
ی	گ	س	ه	ر	د	ر	ا	م	ه	م	ن	ا	س	د
ح	س	ن	ه	و	س	ه	ج	ی	ا	ن	ی	ب
م	ت	س	ا	ر	ذ	ه	ج	ح	ه	س	م	ر	ا
ه	ك	د	ه	ز	ه	ه	ن	ه	ی	د	ی	ه	ب
ت	س	ه	ر	ن	ی	ز	س	ا	ر	ق	ا	ن	ا
ه	ه	ر	و	ت	س	ه	م	م	ن	ض	ن	ر	ه
ق	ی	ك	م	ه	ز	ن	ی	ك	ه	ی	س	ه	د	ق
ك	ح	ه	س	ب	ه	ن	ی	ن	ا	ح	ه	ق	ی	ب

هاوکاری

دەزگای
ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی
کوردی
وەزیریە
تەنیشت
(المعهد الفضائی)

تەلەفون
٤٢٥١٨٤٦
٥ خەت

Institut Kurde de Paris